# راپەرین و..

# رزگاری کەرکوک

**مەلاشاخی**

چاپی دووەم ٢٠١٢

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شەهید
(42)

# راپەرین ورزگاری کەرکوک
* نووسین و بیرەوەری

* مەلاشاخی
* چاپی یەکەم ٢٠٠٠
* جاپی دووەم ٢٠١٢
* تیراژ (500) دانە
* تایپ : شاخی
* دیزاین : ئارام شاخی
* چاپ: چاپخانەی (شەهید ئازادهەورامی)

ئەرکی چاپ : مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ک)

پێشکەشە بە :

* شەهیدانی راپەڕین و..ڕزگاری کەرکوک
* بە هەڤاڵانی پێشمەرگە وشانەچەکدارەکانی بروسک
* گشت تێکۆشەرانی رێگای کوردایەتی



وێنەی نووسەر

## لەجیاتی پێشەکی

ماوەی چەندساڵێکە لێرە ولەوێ، لەیاد وبیرەوەرییەکاندا..لەشاشەی تیڤی و لەرادیۆکان وماڵپەڕوگۆڤاورژنامەکاندا،جیاوازی وبێ ویژدانی زۆردەبینین، هەندێ جارلەدەرەوەی میدیاکانیشەوە، لەساڵیاد وبۆنەکاندا.. خەلکانی واهەن کەزۆربەی تەمەنیان هەرکەسانی خائین وخۆفرۆش بوون،کەچی خۆیان دەکەن بەفس فس پاڵەوان ودەیانەوێ هەمووسەروەریەکانیشمان بۆخیان بەتاڵان بەرن. تا ئێستا چەند جارێک لەیادی نەورۆزوراپەرین ورزگارکردنی کەرکوکدا، کەسنانێک هاتوون کە باسیان لە راپەڕینەکە کردوە،هەمووراستی راپەڕین و سەروەریەکانی رزگارکردنی کەرکوکیان شێواندووە وبۆخۆیان پێچاوەتەوە.. تێکۆشەرانی حزبەکوردستانی یەکان ورۆڵی فیداکارانەی جەماوەرەکەو شانە چەکدارەکانی (بروسک)یان فەرامۆش کردووە.
هەزاران سڵاو ورەحمەت لە رۆحی شاعیری مەزنی کورد مامۆستا(پیرەمێرد) کە لە سەرەتای پەنجاکاندا لەپەندێکدا فەرموویەتی:

*لەگەرمەی شەڕدا کەس دەنگی نایە      کە دوژمن شکا زۆر کەس ئازایە*

منیش لەم سەردەمەدا کەسەردەمی پێشکەوتنی بەرچاوی بوارەکانی میدیایە. هاتووم دەمەوێ باسی بەرنامەی راپەڕینەکەو رۆڵی پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی بەگشتی وپێشمەرگەکانی(ی.ن.ک) بەتایبەتی وەک خۆی بکەم : ئەرێ دەبێ لەوە ناهەقی ترهەبێت پیاوی ترسنۆک بکرێت بە شێر ودەوری فەرماندەشەهیدەکان فەرامۆش بکرێ،مەگەرگڕەکەی بابەگوڕگوڕبکوژێتەوە. دەنا نابێت و ناشێت کەس (شەهید عبدالرزاق)ی لەبیربچێتەوە..
مەگەرقەڵای کەرکوک بسڕدرێتەوە.دەنا ناشێ رۆڵی قارەمانانەی فەرماندەی شانەچەکدارەکانی(بروسک)وتێکۆشەری (هەرێمی2) و (تیپی٢١یکەرکوک) شەهید(حاجی هەڵمەت)کە لەلێوارچۆمی(خاسە)شەهیدبوو،فەرامۆش بکرێت.

گەلی کورد هەموو پێکەوە راپەڕین..تەنانەت ناکرێ دەوری هەڵگەرانەوەی چەکدارەکانی رژێمیش فەرامۆش بکرێت، ئیدی کەی رەوای هەقە دەوری بەرچاوی پێشمەرگە ئازا وقارەمانەکانی (ی.ن.ک) کە زۆرترین قوربانییان بۆراپەڕین ورزگارکردنی کەرکوک وسەرجەم کوردستان داوە نادیدەبکرێ؟ فەرموون سەردانێکی(دەزگای شەهیدان)بکەن،تا لیستی شەهیدانی راپەڕینی کەرکوک ببینن،ئەوسا دەزانن کە(ی.ن.ک)پترلە(٣٠٠)پێشمەرگەی قارەمانی لە خەڵکی کەرکوک وشوێنەکانی ترپێشکەش بەبارەگای سەروەری کردووە. شاهیدەکان باشترین بەڵگەن،چ ئەوانەزیندوون،چ خوێنی سووری شەهیدان. ئەگەر نا ..لە داهاتوودا ئاخۆ دە بوو ئەم مێژووە چۆن چۆنی بنووسرایە تەوە؟

**خوێنەری هێژا..!**

لەم کتێبەدا نامەوێ لەرۆڵی جەماوەرولایەنەکوردستانییەکان کەم بکەمەوە، بەڵکودەمەوەێ راستیی رووداوەکان رێک وەکوخۆیان..یاداشت وتۆماربکەم. پشت بە بەڵگەی راست ودروست و دیکۆمێنت و ئامار ببەستم..

- (کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك) لە ساڵی 2000 دا کتێبی (لە بیرەوەری ڕاپەڕین وڕزگارکردنی کەرکوك دا) بۆچاپ و بڵاوکردمەوە. بەداخەوە لە ئاستی ئاواتەکانی خۆمدا نەبوو، جونکە تۆماری ڕاپەڕین و.. ڕزگاری کەرکوك هێندمەزنن,زەحمەتە لەکتێبۆکەیەکدامافی خۆیان بدرێتێ. – لە بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشت وبیرەوەریانە مەبەست گێڕانەوەی ڕاستیەکانە، ئەویش وەکو خۆی , نەك بە حەز وئارەزوو وداخوازی کەسایەتی وحزبایەتی.

- گوێم بەوەنەداوە کەپاڵەوانی ناوبیرەوەرییەکان لەریزەکانی(ی.ن.ك)مابێتن، یاجێیان هێلابێت .... بەڵکوراستی یەکانم وەکو خۆی تۆمارو یاداشت کردووە.

مەلاشاخی

هاوینی 2012



# بەشی یەکەم

# لە(قاسمەڕەش)ەوە

ئەو ڕۆژەی کە حکومەتی عێراق لە دەزگا راگەیاندنەکانی خۆیەوە بە یاداشتێکی رەسمی توورەئامێز ئاگاداری(جامعەی عەربی)کردەوە، هەڕەشەی لە دەوڵەتی کوێت کرد.. بەڕێکەوت ئەو رۆژە من و محمود محمد احمد (مەلافەرمان) لە (قاسمەڕەش) میوانی بەڕێزان هەڤاڵ کاك نەوشیروان وکاك کۆسرەت وکاك عبدالرزاق بووین، کاك نەوشیروان لە ژوورێکی تایبەتی دا بە دیارنەخشەیەکی کوردستانەوەبوو،خەریکی داڕشتنی هەندێ لەبەرنامەی کاروباری پێشمەرگەپارتیزانەکان بوو..

ڕادیۆی بەغدا چەند جارێک لەسەریەک یاداشتێکی هەرەشە ئامێزەی دووبارە کردەوە، ئیترمنیش ڕادیۆکەم هەڵگرت وگەیاندمە لای بەڕێز کاك نەوشیروان،دوای بیستنی هەواڵەکە،بۆوەرگرتنی باری سەرنجی ئێمە دەربارەی ئەو مەسەلە یە وچەند پرسێکی ترروی چەند پرسیارێکی لێکردین..

بۆیە ئێمەیش لەگەڵ ئەوەی بۆچوونەکەی بەرێز(مام جەلال)مان وە بیرهێنایەوە،لەهەمان کاتدا پێمان وابوو.کەرژێمی عێراق لە کوێت دەدات.بەڕێزیان لەگەڵ سەرقاڵی زۆریان هەر ئەوەندەم لە بیرماوە کە گوتی:(جا خوا بکا بزن نانی شوان بخوات.!) ئیترمن جێم هێشت وگەڕامەوە بۆلای هەڤاڵان کاك کۆسرەت وکاك عبدالرزاق وخلیل دۆسکی و چەند برادەرێکی تر کە ئیستا ناوەکانیانم یلەیاد نەماوە.. زۆربەی بۆچوونەکان وابوون کاربەدەستانی عێراق لەخۆبایی بوون، زۆر بەوەوە دەنازن کە لە شەڕی ئێراندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، تەکنەلۆژیای سەربازیان پێشکەوتووە. هیچ بە دوورنازاندرێ کە ئەمجارە پەلاماری دەولەتی کوێت بدەن.

دیارە ئێمەوبەسەدان پێشمەرگەی خێزاندارورەبەن لەدوای ئەنفالەکان ئاوارەی سەرسنوورو شارەکانی ئێران بووبووین، ئەوسا من بەماڵە وە لەشاری(نەغەدە)گیرسابوومەوە،بۆراپەڕاندنی کاری پێشمەرگایە تی وڕێکخستن،ناوە ناوە سەرم لە بارەگاکانی (بلەکێ)و(قاسمەڕەش)و (دۆڵەکۆگە)دەدا..
هەرلەوسەروبەندە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بانگیان کردم بۆلای خۆیان وداوایانکردکەوەك(رابەری سیاسی) بچم بۆ بەتالیۆنی(9) کە بارەگاکەی لە (دۆڵەکۆگە) بوو، منیش وەك هەر پێشمەرگەیەکی تری دڵسۆزی ئەوسەردەمە، ئامادەبووم بڕیارەکانی سەرووی خۆم بەباشی جێبەجێبکەم،بۆهەرشوێنێك بێت.
دوور ونزیکم نەدەزانی ...
پێش ئەوەی پەیوەندی بە بەتالیۆنەکەوەبکەم..فەرماندەی بەتالیۆنەکەکە بەرێز (سلیم ئاغا)بوو،پێیان راگەیانبوو کەگوایە لەبەرئەوەی من لە توێژی جوتیارانم و کادیرێکی توندرۆی (کۆمەڵە)م لەگەڵ ئەودا ناگونجێم، منیش بەرگوێم کەوتبوو. کە گوایە ئەو لە ئاغاکانی ناوچەی پشدەرەولەگەڵ خەڵکی وەك مندا هەڵ ناکات.
بەڵام من گوێم بەوقسەڵۆکانە نە دا،پەیوەندیم بە بەتالیۆنەکەوە کرد. خۆم بەکاك (سلیم ئاغا) و بە هەڤاڵەکانی بەتالیۆنی (9) ناساندن.
قسە لەوەیش کرا،کەزۆرباشە(ی.ن.ك)خۆی بۆ هە موو ئەگەرێک ئامادەبکات.پێشترکاك نەوشیروانلەڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی دەربارەی ئەگەری پارچەپارچەبونی عێراق هەندێ قسەی کردبوو، مشتومڕێکی ئیعلامی گەورە و زۆری لێ کەوتبۆوە ..
پاش چەند ڕۆژێك(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کەوتە ئامادەکاری و هێزەکانی خۆی کۆکرەوە، ئامادەباشی کرد، کەوتەوە مەشق دادانیان.سەرلە نوێ ڕێخستنەکانی هێزی پێشمەرگەوئاوارەی

ئۆردوگاکانی جۆشدایەوە، بۆم ڕوون کردنەوە کە من بۆ ململانێ ودژایەتی کردنی هیچ کەس نەهاتووم، من بۆهاوکاری هاتووم، پێویستە هەموو پێکەوەڕیزەکانی خۆمان یەکبخەین،خۆمان پەروە ردە بکەین، خۆمان ساز وئامادە بکەین هەم بۆپتەوکرنی یەکێتی ناو یەکێتی،هەم بۆ ئەو ئەگەرانەی چاوەڕوانیان دەکەین.لەپاش چەندڕۆژ کارکردن ئەنجام ئەوە بوومن وهەڤاڵان لەیەکتر گەیشتین و یەکترمان خوێندەوە،دەرکەوت کە یەك ئامانج کۆی کردوینەوە،هەربۆیە پێکەوە تەباوهاوکاربووین.ئەوە بوولەوماوەیەدا کۆنفراسی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی هەردووڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەیرەنجدەران) و(یەکێتی شۆڕشگێڕان)بەسترا،لە بەرئەوەی کاری باشم کردبوو.. جێی ڕەزامەندی هەڤاڵانی بەتالیۆنەکەبووم، بە دەنگێکی باش بۆ ئەندامەتی یەکەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك) پالێورام.

- پایزی 1990 بوو،مەترسی ئەوەمان هەبوو بۆ زستانی داهاتوو ئەگەربەفرزۆر بباری،بۆ چەندمانگێك پەیوەندیمان بەدەوروبەرەوە نەمینێ،بارەگاکانمان نۆژەن وچاك کردەوە، ئازوقەو پێداویستی (6) مانگی بەتالیۆنەکەمان ئامادەکرد..

سەنگەری پێشەوەی پێشمەرگەکان لەلوتکەی شاخەکانی(چەکوچ) و(سادر)بوون، لەدوای ئەنفالەکان دەیان هێرشی ڕژێمی عێراقیان تێك شکاندبوو،ناوەناوەسەردەکەوتمە سەرشاخەکان وسەردانی بەرەی پێشەوەم دەکرد،دوا بەدوای کۆبونەوەی هۆشیاری وڕووناکبیری، جارەجارەیش لەسەرداوای خۆیان شیعری(بەرەنگاری)و(دڵداری)یشم بۆ دەخوێندنەوە.

شیعری (ماڵۆچکە)م لە پاش پایزە بارانێك لە بن دارە گوێزەکانی (دۆڵەکۆگە) نووسی و ناردمەوە بۆخۆشەویستەکەم .

## ماڵۆچکە

نەمدەزانی
بۆنی پرچ وئەگریجەی تۆ
لەکاتێکدا..
بەم پەنجانەم نەرم دا دێ.
لەگەڵ گەڵای هەڵوەریوی بەرباران دا
کامیان بۆنی کامیان لێ دێ.
کەچی ئەمڕۆ،
پاش نمەیەك ،
زانیم هەردووك .
بۆنی ئەو خاکەیان لێدێ
کەمناڵ بووین ئێمەی بچووك .
لەگوندەوێرانەکەمان ، لەپاڵ کەرکوك .
ماڵۆچکەمان لێدەکرد و
قوڕەکەیمان دەکرد بەبووك .
* * *

پێش ئەوەی بەفروبارانی زۆربباریٚ،فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبروسکە داوای کردمەوەبەپەلەبگەڕێمەوەبۆ(قاسمەڕەش) لەویٚ ئەوەم بۆدەرکەوت لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لە یەکێك لەئەگەرەکان وایان بەباش زانیبووکە من وکاك مەلافەرمان وەك کادیری ڕێکخستن ودەستەیەك لەپێشمەرگە پارتیزانەکان کەتازە لەناوچەکانی کەرکوك گەڕابوونەوە،لەگەڵ(29)پێشمەرگەی تیپی(21)ی کەرکوك کە ئەوسالە(بلەکیٚ)بوون.

لەگەڵ فەرماندەی تیپەکە کاك(سەربازحسین)بگەڕێننەوەبۆدەوروبە ری (زەڵیٚ)و( نێوزەنگ) تاکەهۆی ئەم کارەش ئەوەبوو کەزۆربەی دانیشتوانی ئۆردوگا زۆرە ملێکانی دەوروبەری هەولێر خەڵکی ناوچەکانی(جەباری وشوان وشێخ بزێنی وساڵەیی وبیبانی)ی دەڤە ری کەرکوك بوون.

ئێمەش پەیوەندیمان درووستکردبوەوە، لەناوئەوجەماوەرەدا خەڵکی زۆرمان ڕێکخستبوو، رێزی تایبەتیمان هەبوو،مەبەست ئەوە بوو هەواڵیان بۆ بنێرین پەیوەندی نویٚبکەنەوە،کاك نەوشیروان داوای لە من وکاک مەلافەرمان کرد ئەوپێشمەرگە دێرینانەیان بۆدەستنیشان بکەین، کەبەپاکی ماون و خۆیان نەدۆڕاندووە ، ئێمەش لیستێکی هەڤاڵانمان ئامادە کرد، لەو ماوەیەدا جوڵانەوەیەکی ڕووناکبیری لەگەشەکردندا بوو،چەندین کادیری حیزبی شیوعی عێراق کەوتنە کۆڕوسیمناربەستن دەربارەی پێکهێنانی حیزبی شیوعی کوردستان، لەوماوەیە داکاك(نەوشیروان نستەفا)سیمنارێکی پوختەی دەربارەی (پرۆسترۆیکاوگلاستنۆست)ئەنجام دا,دوای تەواوبوونی بابەتەکەی دەرگای پرسیاری خستەسەر پشت، ڕێگای پێداین دەربارەی باسەکە وکێشەوگرفتەکانی ناو شۆڕش دەربارەی خۆمان و پاشەڕۆژ هەرچی دەپرسین ودەڵێین ئازاد بین ..

زۆرباش لەیادمە،یەکەم کەس کە پەنجەی بۆمۆڵەتی پرسیارهەڵبڕی من بووم،بەوپەڕی سەراحەتەوە ڕووم تێ کردو پێم ووت:
- بەڕێزكاك نەوشیروان !
باشە ......؟!
لەکاتێکدا کە ئێوە باس لە باهۆزی دیموکراتی ولەگۆڕانکاریەکانی داهاتووی دنیاو یەکێتی سۆڤیەت وئەوروپای شەرقی وگۆڕانکاریە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتووی ناوچەکەی خۆمانیش دەکەن...
پێتان باشە کە خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکان ساز و ئامادە بکەین ..؟
ئەدی....ئەی بۆ؟!
هەندێ لەهەڤاڵانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەتایبەتی لەمکاتەدا.. براوخزم وکە سیان ڕەوانەی ئەوروپادەکەن؟
ئەی ئێمەش هەقی خۆمان نیە کە بەسەراحەت قسان بکەین؟!
ئێمە هەرخۆمان وبەهەڵبژاردنیش ئێوەمان بەلێپرسراووبەمەسئولی خۆمان هەڵبژاردووە، ئێستایش پەشیمان نین،بەڵام ئەوەی کەئێمەنیگە ران دەکا ئەوەیە..مەترسی دەکەین وەك ساڵی 1975 جارێکی تریش ئێمەببینەقوربانی، تکایەلێمان مەشارنەوە، ئەگەرهەلومەرج نالەباربوو ئێوە وەك سەرکردایەتی نیازتان چیە؟؟
لەگەڵماندا دەمێننەوە یا..نا؟؟؟
ئیترلەحەژمەتادەنگم دانووسا.خەریك بوو دەست بکەم بەگریان، ناچاری وازم لەقسەکانم هێنا،کاك(نەوشیروان)یش لەوڵامدا ووتی:
(بەلێ ڕاستەهەڤاڵی وامان هەیە،ماڵ وخێزان وهەندێ لەکەس وکاری ڕەوانەی ئەوروپا کردووە، ئەوە مەسەلەی شەخسی یە، ئێمە وەك (یەکێتی)لەبەرناحەزەکانمان..ناشێ وناکرێ‌هەموو نهێنیەکانی خۆمان ئاشکرا بکەین،بەڵام ئەوەی کەنایشارینەوە ئەوەیە،با ئێوەیش دڵنیا بن (ئاشبەتاڵ) لەفەرهەنگی ئێمەدا نییە..

من بەش بەحاڵ..خۆم بەمە سئول دەزانم بەرانبەر بەو بارودۆخەی ئێستا گەلەکەمانی تێدایە،پاکانەبۆخۆم ناکەم،بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە تا دووپێشمەرگەی پارتیزان لەکوردستان بمێنن سێیەمیان من دەبم.. دڵنیا بن ! قەت ممکن نیە لەکاتی نوشست وگلاندا هەڤاڵەکانمان بەجێ بهێڵین،ئێمە بۆ هەموو ئەگەرەکان بەرنامەی باشمان هەیە ،جارێکی ترتەئکیددەکەمەوە، لە ناخۆشترین هەلومەرجدا ئامادەم لەگەڵ ئێوەدا بەپارتیزانی بچمەوە دەشتەکانی هەولێر و گەرمیان..ئەگەروەك چۆن (مەلا ئەحمەد)وهەڤاڵەکانی لە ئەشکەوتی(داری خلە)دا ئەشکەوت بەسەریاندا رووخا و شەهید بوون.

لەبەرئەوەی بەقەد دەسەڵاتم لەناوشۆڕشدا خۆم بەبەرپرسیاردەزانم. بەڵێن بێت،ئەگەر بێت و رۆژێک ئاوا..

منیش ئەشـــــکەوت بڕوخێ بەسەرماندا..

دڵنیابن لەبارودۆخێکی ئا وا دژواردا، بەجێتان ناهێڵین)...

***



# سازدانەوە و ئامادەکاری

دووەم کەس کە هەڵسا وئەویش پرسیاری کرد هەڤاڵ حیدراسماعیل (مامۆستا ڕێبوار) بوو،لە بیرمە پوختەی پرسیارەکەی دەربارەی ئەوەبوو( ئێمە بە هێزی کەمەوە،بەئیمکانیاتی کەمەوە چۆن دە توانین ئەو دوژمنە بەهێزە،بشکێنین ؟!

خۆ ئەگەر شکاندیشمان چۆن دەتوانین پارێزگاری لەدەسکەوتەکان بکەین، لەکاتێکدا ئێمە ژمارەمان بەش ناکات پارێزگاری لە هەموو دام و دەزگاکانی شارێکی وەك سلیمانی بکەین؟!

بەدووری نازانم کەخەڵکانی دزوشڕە خۆربێن وشکۆمەندی شۆڕش وناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەکەدار بکەن؟؟! )

- لەوڵامدا کاك (نەوشیروان ) ووتی :

( کاکە..ئێمە کەم نین،ئێمەهەموو جەماوەرمان لەگەڵ دایە،هەر نەبێ هەمووکەسوکاری شەهیدەکان،هەمووکەس وکاری ئەنفالکراوەکان، هەمووجوتیارانیگوندوێرانکراووهەمووخەڵکی زۆرلێکراووچەوساوە مان لەگەڵدایە، ماوەتەوە بڵێم ئێمەدەبێت ببین بەهەوێنی ڕاپەڕین..)

دوای ئەم سمینارە ئێمە کەوتینە پەیداکردنی کتێب و سەرچاوەی باش،کەوتینەسازدانی کۆڕو کۆبوونەوە کردن بە پێشمەرگەکان.

پاش ماوەیەکی کەم سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ئاگاداری کردینەوە کە بەرنامەیەك ئامادەکراوە بۆ ڕاپەڕین بۆئەومەبەستە یەکەم لایەن پارتی ئاگادارکرایەوە ئێمەش خۆمان ئامادەکرد بۆهەرئەرکێك بدرێ بەسەرماندا.

تا ئەوەبوو..لە مانگی شوباتی1991دالەبارەگاکانی(زەڵێ)و(نێوزە نگ) لەگەڵ پێشمەرگەکانی(تیپی21 کرکوك)ودەستەیەك لە پارتیزانە کانی هێزی تایبەت،یەکمان گرتەوە،لەسەر بڕیاری فەرماندەیی گشتی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە وسیمینارمان بۆ پێشمەرگەکان ساز کرد..

دەربارەی لێبووردنی گشتی، دەربارەی چاوپۆشی کردن لەڕابردوو، دەستودەم وداوێن پاکی،دەربارەی پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەڕین خۆلادان لە شەڕی پۆلیس وچەکدارەکانی(خەفیفە)و (سوپا) زۆرمان قسەبۆپێشمەرگەکان کرد.

چەند ین کۆڕی شیعرمان سازدا،لە وانە کۆڕێك لەگەڵ بەڕێزان کاك (ئازادجندیانی) و(هیوا)و(هەڵۆحەسەن)وچەند پێشمەرگەی شاعیردا . لە ڕێی بازاڕی(سونێ)وە پەیوەندیمان بە چەندکەسێکی ناسیاوەوە کرد،لەوانە کەسەردانیان کردین(فاروق حەمەعەلی)مامەی شەهید (مەلائاراس)وکاك(عمرصدیق بیرەسپانی)وکاك(وەستاغالب طە) و چەند کەسێکی تربوون. چەندین زانیاریمان دەربارەی ئۆردوگاکانی ( بنصڵاوە،دارەتو،تۆبزاوا، قوشتەپە)دەربارەی هەردووگەورە شاری (هەولێر)و (کەرکوك)دەوروبەریان وەرگرت.دیارەبەپێی بەرنامەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) هێزەکان کرابوون بەچەند(میحوەر) یکەوە، ئێمەبەرمیحوەری(5)کەوتبووین.

لە بیرمە..هەرکادیرێك سەرپەرشتی شوێنێکی بۆدیاریکرابوو،من و کاك(نەهرۆقەسرۆکی) بۆئۆردوگای(بنصلاوە)دانرا بووین.

کاك(مەلافەرمان)وکاك(سەربازحسین)وکاك(سەرکەوتەڕەش) بۆئۆردوگای (دارەتوو) یان پێ سپێردرابوو..

داوایان لێکردم کەکەسێك بۆسەرپەرشتی (تۆبزاوا) دیاری بکەین.

منیش کاك(کوردۆ ڕەحمان)م پێشنیارکرد.. پەسندکراو دانرا.

ئەوەی زۆرنیگەرانی دەکردم،ئەوەبووتەندروستیم زۆرخراپبوو، بەهۆی (انزلاق) پشتەوە، لاقێکم لەگەڵ ئازاری زۆردا سڕدەبوو، بە گۆپاڵ رێم دەکرد.

رۆژی ١٩٩١/٣/٣

له داره تووی ( ئۆردوگای خەبات )ی هەولێرشەڕێك لە نێوان پشدەریەکان و پۆلیسدا رویدا،ئەنجام هەڵیان کوتایەسەرپۆلیسکان و دەستیان بەسەر بنکەکەداگرت،رژێم بەتوندی هێرشی کردنەوه سەرو سەرکوتی کردن،ودووهاوڵاتی بەناوەکانی(محمد فاروق)و (بەختیار) لێ شەهیدکردن وودووکەسی تریشی لێ زامدارکردن، دووکەسیش لەچەکدارانی هەرکی ویەکێکیش لە رژێم کوژرا، وێڕای چەند زامدارێك، چەکدارانی هەرکیش سێ کەسیان لە پشدەریەکان بەدیل گرتن، پاشان رێکەوتن لە نێوان رژێم و جەماوەر کراو دامودەزگاکان گەرانەوه.

***

# بەشی دووەم



## جوولاندنی هێزەکان و راپەڕینی رانیه

- ئێوارەی 4-1991/3/5هێزێکی زۆرلە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە بارەگای(قاسمەڕەش)ەوە بەڕێکەوتین بۆئەوەی بگەینە(کێوەڕەش)و لەوێوە بگەینە(رانیه) تا لەگەڵ راپەڕینی شانەچەکدارەکان و جەماوە ری بتوێن وئاوارەکانی کەرکوك. بەشداربین لەراپەڕینەکەدا، بەڵام سرووشت رێی پێنەداین..ئەوشەوەهێندەبەفرو باران باری،لێمشت و لافاوی چۆم وروبارەکان.بوواری دەربازبونیان نەداین،بەپێی گوتە ی شارەزاکان هەمووپردەکان لەژێرکۆنترۆلی سوپای عێراقدابوون، هەربۆیەبەناچاری بەرەبەیان لەکاتێکداسەراپاتەڕوقوڕاوی بو بووین، گەڕاینەوە بۆبازارەکەی(سونێ)بێتەلەکان هەواڵی راپەڕینی رانیەیان گەیاند،سەربازگەو مۆڵگەورەبایەکانی سەرشاخ هەستیان بەجموجوڵی ئێمەکردبوو،هەواڵی راپەڕینی شاریشیان زانیبوو، لەترسان کەوتنە تۆپبارنکردنی ناوچەکە..مەکتەبینەعسکەری(ی.ن.ك) بەپەلە بەشێك لە هێزەکەی بە فەرماندەیی کاک(حسن کوێستانی) بە بنارئالوەتاندا، لە (کۆپتان)ەوە بەرەو کێوەڕەش بەڕێ کرد.

بۆ ئەوەی شەوی 5-1991/3\6 لەکێوەرەش یەک بگرینەوە وبگەینە رانیە،کاتژمێر(9)ی سەرلەبەیانی کۆمەڵە سەربازێکی شیعە ئاڵای سپییان هەڵکردو بەرەولای ئێمە شۆڕبوونەوە، بەڵام لەدیوی قەڵادزێ

و پشدەرەوەبەخەستی ڕێگاکانی ئێمە تۆپ ورۆکێت باران دەکران ،ئێمەیش لەژێر ڕێژنەی ئاگر باراندا بەپەلەبۆشوێنەکانیان سەرکە وتین،چەك وتەقەمەنی باشمان دەست کەوت،ئەوشوێنەهێشتا بەفری پێوە مابوو ،سەر لەبەیانی 6-3- 1991چەند ئوتومبێلێکی لاندرۆڤەر پڕلەژن ومناڵ،لە ترسی بەکارهێنانی کیمیاوی لەرانیەوەهەڵاتبوون، لەسەرئەو بەفرە خەڵکەکەیان دابەزاندبوو،نەیانەزانی جی بکەن. ئێمە پێشوازی گەرممان لێ کردن،لەزاری ئەوانەوە لەڕاپەڕین

ورزگاربوونی شاری رانیە بەتەواوی دڵنیابووین، یەکێك لەشوفێرە کان زۆردڵسۆزوئازابوو،منی جیاکردەوە،بەچپەوەپێی گووتم:

سەربازەکانی رژێم کۆنترۆلیان نەماوە، کەس بەکەس نی یە، رانیە پاك بۆتەوە.بەڵام دوژمن چەند تانك وزرێپۆشێکی هێناوەتە دەروازەی کۆلێن کەدەکەوێتەباشووری شارەکە گەر(هێزی پێشمەرگەی کوردستان) بەفریامان نەکەون،دەشێ لە دژە پەلامارێکدا شوێنە ئازادکراوەکان بگرنەوە..هەربۆیە وارێکەوتین کە من و(5)پێشمەرگە سواری ماشێنەکەی ئەوببین و لەهیچ یەکێك لەبازگەسەربازییەکانی قەڵادزێ وسەنگەسەر ڕانەوەستین.. گەرخوا نەکردە ویستیان بەزۆر رامان بگرن تەقە بکەین وخۆمان دەربازبکە ین، خۆمان گورج و گۆڵ کردەوە وجامی سەیارەکەمان بەقوڕاو لێڵ کردو ناوی خودا مان لێهێناو بەرێکەوتین..دوای ئەوەی چەند کیلۆمەترێك دابەزین،تووشی دەیان سەربازی بەزیو بووین.

کە بەرەوخوارشۆڕ دەبوونەوە،چەکەکانیان بەشانەوەبوو، بەعارەبی دەپاڕانەوە تا سواریان بکەین، شووفێرەکەیش عەربی باش دەزانی هاواری دەکرد:

سەیارەکەم پرکردووە، بەخوداجیگای هیچ کەسێکی ترمان نییە.

بەناوشوێنەواری دارو پەردووی کەلاوەکانی شاری قەڵادزێ دا تێپەڕ بووین.. لەو بازگەیە کە لە نزیک (گردی حوسنی) بوو، سەربازەکان بە بۆڕییەکی سوور بازگە کەیان داخستبوو، خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەکرد..

بەڵام شوفێرەکەمان ناسراو بوو،هیچ نە شڵەژا...

بەئاماژەی لایتی سەیارەکەی(انضباط)ێکی کڵاوسوور بەغارهات، شێشەکەی هەڵدایەوە، تێپەڕبووین،پێش ئەوەی بگەین بە دەربەند، لەبناری لای دەستەراستمان تەقە گەرم بوو..

سایەقەکە لەسەربازێکی لێواری ڕێگاکەی پرسی(ها شکو؟؟)

لەوەڵامدا گووتی: (یابە کل شیْ انتهی..بس الجحوش والاکراد, بیناتهم یتکاونون..) لەشوفێرەکەم پرسی ئەوگوندەناوی چییە؟

لەوەڵامدا گووتی(قادراوا)

ئێمەبۆیەزۆرپەلەمان بوو،دەمانەویست بەگەیشتنمان هەم ورەی جەماوەر بەرزتربێتەوە،هەم چەند سەیارەیەك بنێرین بۆهێزەکەمان بێگومان بەپیادە بۆئێوارە ئینجا دەگەیشتن بەشاری ڕانیە..

***

# چۆن گەیشتینە رانیە



**پێشنیوەڕۆی 1991/3/6 گەیشتینەڕانی**خەڵك لە کۆڵانەکان شاییان دەکرد..مزگەوتی گەورەی ڕانیە جمەی دەهات لە سە ربازی دیل ، یەك ئیڤا بەس پۆستاڵ کۆکرابووەوە.

(ئەحمەد شێواو)ی شاعیرم بینی لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاردا لەسەرپشتی(ناقیلە)یەکی سەربازی شیعری زۆرحەماسی دەخوێندەوە، ئەوجەماوەر زۆر پێی دەخرۆشان، منیش لە بلَندگۆی مزگەوتەکەوە چەندین شیعری حەماسی خۆم خوێندهوە،دوایی پیرۆزبایی(ە.پ.ك)و (تیپی21کەرکوك)م پێ ڕاگەیاندن، لە ناو مزگەوتەکەدا قەرەپەستانێی سەربازی دیل بوو،(٧) سەربازی کورد،کەخەڵکی دەڤەری کەرکوک بوون،منیان بینی شاگەشکە بوون، هەرچۆنێک بووخۆیان گەیاندەلام، داویان کرد ئازادیان بکەین وببنە پێشمەرگەو لەگەڵماندابن، کە ناوی ئەمانەم لە یادە :(لطیف کاکل ئاغا،زرار احمدمحمد،صلاح بیرەسپانی، لقمان احمد،ئازادمحمد کەڵوڕی) ئێمەش بەنووسراوێک لەلیژنەکەمان وەرگرتن وبوون بە(پ.م) دواتر داوام لە لێژنەکەکرد چەند سەیارەی گەورە بخەنەڕێ،بۆ پشتی قەڵادزێو دەوروپشتی شێنێ، بۆگەیاندنی ئەوهێزانەی بەپێ بەڕێوەبوون، لیژنەکان بۆ ئەو مەبەستە زۆردەست و بردیان کرد وئەو ڕۆژەتا عەسرەکەی بەسەدان پێشمەرگەی خاوەن ئەزموون لە پێشمەرگەکانی شاخ گەیشتنە شاری ڕانیە ودابەشی سەر مزگەوتەکان کران...( تیپی21ی کەرکوك ) یش لەمزگەوتی (قوولە) ومزگەوتی (ڕەشەمێرگ)ولەمزگەوتێکی تری نزیکی بووین، جەماوە ری گەڕەکەکان وەك ڕۆژی جەژنە خواردنی چاکیان ئامادەکردبوو، بە سەدان سینیخواردن لەحەوشەی مزگەوتەکان ڕیز کرابوون، سفرە ڕاخرابوو،نانی ئەوئێوارەیە دوودووهاوڵاتیەك وپێشمەرگەیەك پێکەوە دانیشتن و نۆشیان کرد...

ئەورۆژە بەکامیراکەی هەڤاڵ (حمید ئۆمەرمەندانی) چەندین وێنەی یادگاری خۆمان و جەماوەرەکەمان گرت.....

بۆ شەوەکەی هەموو هێزەکانی ڕژێم لەسەربازگەی چوارقوڕنە و قەڵاکە شکستیان خوارد.



**سەردانی کاک عەلی نەبی**

-سەرلەبەیانی1991/3/7سەردانی قارەمانی شارکاک(عەلی نەبی) مان کرد، سوپاسی دووهەڵوێسیتی جوامێرانەیمان کرد.

**یەکەم:**

لەکاتی ئەنفالەکاندا زۆرهاوکاری کردبووین بۆڕزگاربوونی خۆمان و کەس وکارو هەڤاڵەکانمان لە (دۆڵە ڕەقە)ە وە بەرەوبناری(قەندیل)و ناوچەکانی سەرسنوور.

**دووەم:**

بۆدەوری قارەمانانەی لە هەڵمەتی ڕاپەڕین ولەڕزگارکردنی رانیەدا.

- پێش نیوەڕۆ چوینە پرسەی یەکەم شەهیدی ئاوارەی کەرکوکی کە لە ڕاپەڕینەکەدا لە شەڕی گوندی(قادراوا) شەهید بوو بوو.

بەناوی فاخرمحمدسعید ناسراوبە ( تەها) خەڵکی گوندی (ئیلینجاخ)ی بناری چیای خاڵخاڵان بوو،لەوێ زانیمان کەخەڵکی شاری رانیە بە پێشکەشکردنی پۆلێک قوربانی تر تاجی ئەو سەروەرییەی راپەڕینیان لەسەرناوە.. بفەرموون لەگەڵ ناوی هەندێک لە شەهیدەکانیان :

( محمد همزە خدر،عزیزمحمود، خالیدفەقێ قادر، بهرۆزاحمد، خوشکە گوڵەباخ ، محمد احمد ئاڵی، حاجی ابراهیم حمدابرهیم ،عثمان محمود، مصطفی ابوبکر، عەلی حاجی حوسێن، عبداللە عمر،علی رەسوڵ خۆشناو،خالیدعبدالرحمن، نظیرە عومەرخدر، ئەرسەلان عومەر، خالید محمدعبداللە، محمد احمد محمد،

حسین حسن اسماعیل) ئەوڕۆژە.. چەند هەلیکۆپتەرێك هاتنە ئاسمانی ناوچەکە لە ئۆردوگاکانی (حاجیاوا)و (چوارقوڕنە)وە تەقەیان لێکرا، لە قوڵای ئاسمان توندکران.

چەند دەبابەیەك بەهاوكاری خۆفرۆش(قاسم ئاغا)لە(هیزۆپ)ەوە بەرەو ڕانیە دەستیان بە هێرش كرد بەڵام كەوتنەبەر هەڵمەتی پێشمەرگەوجەماوەر دوو تانك گیران چەند سەرباز وجاش كوژران و(10)دەبابەفریای هەڵاتن كەوتن و گەڕانەوەبەرەوهیزۆپ وبناری (هەیبەت سوڵتان) . هەر ئەو رۆژەئێمەپێشمەرگەكانی(تیپی(21)ی كەركوك) گەیشتینەشارۆچكەی چوارقوڕنە، لەبڵندگۆی مزگەوتی شارەكەوەپیرزبایم لەجەماوەروپێشمەرگەكانی بیتوێن كرد..
دلنیام كردنەوەكەبەروح وگیان پاریزگاری لەوسەركەوتنەمەزنە دەكەین، چەندین شیعری حەماسیم بۆ جۆشدانی خەلكەكە خوێندەوە.
ئیتربەچەند سەیارەیەك بەرێكەوتین بۆ(قەمتەران)و دەوروبەری...

# یەکەم تفەنگی ڕاپەڕین مێژووی خۆی دەگێڕێتەوە

لەچاوپێکەوتنێکی دەنگی دا بەبۆنەی یەکەم یادی ڕاپەڕینەوە
شەهید عەلی نەبی بەم شێوەیە باسی لە ڕاپەڕین کردووە:

- من ناوم (عەلی نەبی)یە،دانیشتووی ڕانیەمە.لەکاتی ڕاپەڕینی ڕابردوو،لەمەکتەبی سیاسی یەوە،کاک نەوشیروان نامەیەکی لەبۆمە نووسیبوو، لەگەڵ یەک جیهازی (ڕاکاڵ) لە بۆی ناردبووین،لە بۆ ناوشار،قرارببوو لە حەفتی سێ(۳/۷) ڕاپەڕینەکە سەرهەڵداو دەست پێ بکا.گوتی ئەنگۆلەوێنانەوە خۆتان کۆبکەنەوە،خەریکی تەنزیمات بن و ئەوچەکدارانەی کەبرواتان پێیە قسەیان لەگەڵ بکەن وخۆتان ئامادەکەن، کەپێشمەرگەهاتن بۆ ناوشار پشتگیری هێزی پێشمەرگە بکەن وئامادەبن بۆ لێدانی حکومەت،چونکە قراربوو لە ۷ / ۳ لە سەرتاسەری کوردستان ڕاپەڕینەکە دەست پێبکا،لێیان بدرێ، لەمخابەرات وئەمن و ئیستخبارات و ڕژێمی بەحس،بەڵام ئەمە ئەلێرەکە دەستپێشکەریمان کرد،قوەتێکی زۆر بەرێوەبوو، حکومەتی بەحس هەستی بەوەی کردبووکە لە ۳/۷ ڕاپەڕینەکە دەستی پێ ئەکا.. بەفکربوو ئێرە بەنیسبەتی ئەوەی سەرحدودبوو، بەفکر بوو ڕانیەبەقوەت بکا،قوەتێکی زۆربەرێ کەوتبوو بۆ ئێرە،ئەلێرەش ژمارەی ئەمن.دائیرەی ئەمن بەقوەتیان کردبوو، ئیستخبارات بەقوەتیان کردبوو،ژمارەیەکی زۆری لەبۆ هات..

ئەمە گوتمان ئەگەر تاخیری بکەین لەبەرئەوەی حکومەت مسیطر دەبیتەوە دوایی بیشیکەین جهازەکە سەرکەوتوو نابێ..

ئێمە هانی جەماوەرمان داو گۆتن حەزەکەین کەدەست پێ بکەن بەڕاپەڕین و پەلاماری حکومەت بدەین. *

---

* عەلی نەبی/یەکەم تفەنگی ڕاپەڕین مێژووی خۆی دەگێڕێتەوە/youtube

# بەشی سێیەم



# میحوەری سلێمانی

# هەڤاڵ حەمە هەژار

## بەم شێوەیە باس لە میحوەری سلێمانی دەکات

لە ناوەڕاستی مانگە ٢ ی سالی ١٩٩١ دا لەلایەن کاک نەوشیروانەوە بانگ کرام بۆ قاسمە رەش ،کاک نەوشیروان پێی وتم کە لە کاتی پێویستدا بجیم بۆ لای بەتالیۆنی ٦ی کەرکوک ،کە کاک سیروان کوێخا نەجیم لێپرسراویان بووە کاک ملازم ئۆمەر عەبدوڵلا لەپرسراو وسارپەرشتیاری گشتی ئازادکردنی سلێمانی و دەور و بەری پێ سپێردرابوو، شەهید شەوکەتی حاجی موشیر و مام رۆستەم کەرکوکی هاوکاری بوون.من پێویست بوو لەگەڵ ماجیدی حاجی عەلی و مەفرەزەکەمان ودەستەکانی کاک ملازم عومەروکاک شەوکەت و مام رۆستەم بپەرێنیمەوە بۆسەر سنوری(جێوە رۆ) کە بەتالیۆنی ٦ی لە بوو.. بۆ شارباژێر و سلیمانی کە لەو کاتەدا ئاو چەمی کە لەنەوان گوندی (مەروێ و جێوە رۆ )ی بەری کوردستانی ئاران لە ئانجامی باران بارین و لافاوی زۆر هەستابوو بۆیە پێوەستی دەکرد کە بە رێگای بەکار هێنانی (سیم یان حەبل )ەوەپێشمەرگەکان لەئاوەکە بپەرێنینەوە، لە رێگای هاولاتیەکی گوندی (چوەی)ی سەر بە (بانە) بەناوی (کاک مستەفا) کە زۆر ئازایانە جوو بۆ(تەبرێز ) بۆ(سیم )و زوو پێی گەیاندین..

لەگەل بەستنەوەی بە شوێنی دیاری کراو لە نێوان گوندی (مەروێ و جۆمان) وە کەسێکی ترکە خەڵکی گوندی (ئیج هۆمان)ی سەربە ئیران بوو بە ناوی (ئەنوەر یار ئە حمەد) هاوکاری زۆری کردین،بۆبەستینەوی سیمەکە لە(١٩٩١/3/5)دا هەموو پێشمارگەکانی بەتالیۆنی ٦ ودەستەکانی کاک(عومەروکاک شەوکەت ومام رۆستەم ) مان پەراندەوە لە رێگای نێوان(مەروێ- شاناخسێ)وە بەناورەبایە وبارەگاکانی دوژمندا..کەزۆربەچری بەرەبیەو(مین)تەنرا بوو..

هێزەکانمان گەیانده بناری (گمۆ) بۆ شەویش باران وسەرما و لێزمە زۆر بوو، له بناری (گمۆ ) رێگای (خوله پیزە) بووبەرە بەیانی ٧ی مانگ له گوندی (میراوە – سەراو)بووین به رێگای جیهازی (راکال ) هەواڵی راپەرینی شاری رانیه و ئازاد کردنی سلیمانی مان پێ گە یشت ..

ئێمەدرێژەمان به رۆیشتین دا ، بەرەو شاری سلیمانی،کاک عومەر هەواڵی نارد بۆ شار که سەیارەی پاسمان بۆ بنێرن ..بۆ بەندەنی (واژە) له نزیک (قەلا جۆلان ) بۆ دوای عەسری ئەو رۆژە ئێمە گەیشتینه بەندەنی(واژە) سەیارەکانیش گەیشتن.. به سواری پاس گەیشتینه ناو شاری سلیمانی.. له مزگەوتی(عەلی کەمال ) دابەزین بەڵام بۆ زانیاری له پەراندنەوە ی گشت هێزکەی بەتالیۆنی ٦ و برادەران که هەر خۆم و ٢ له برادەران لەو بەری ئاوی ئیران مابوین ..کاک ملازم عومەر بانگی کردم ، وتی تۆ لەگەڵ ئەو مەفرەزەیە ی خۆت له سەر فارمانی کاک نەوشیروان بچۆبۆمقەری(جێوە رۆ )چاوەرێی کاک(نێچیرڤان بارزانی) بکە، چونکە کەسی شارەزایلەگەلدا نیه بیگەیەنێته سلیمانی، منیش وتم :

کاک عومەر با بێمە به ئەوبەری ئەسایی یەوە قسە بکەین .....

کاک عومەر زۆرنارەحەت بوو، که به قسەیم نەکرد..

خۆم له سیمەکه هەل بەست و منیش پەریمەوە ..

کاک عومەرزۆر توره بوو،چەکەکەی به زەوی دا کێشا ،پێم وت: کاک عومەرنارەحەت مەبە من دەمەوێت بەشداری راپەرین بکەم، ئامادەم خۆم به کوشت بدەم.ئیتر پێم گوت: باشە کاک نێچیر له هەموو سنووری شاری سلیمانیدابێجگە لەمن،چوارپێشمەرگەی نیه،تا بتوانن بیگەیەننە شآری سلیمانی.

پێم وت ئێمە دوو حزبی جیاوازین ،ئەو پارتی و من یەکێتی .. من نامینیمەوە تا ئەو بگەیەنمە سلیمانی ..

به هەر حال کاک شەوکەت و مام رۆستەم قەناعەتیان به کاک عومەر کرد که واز له تورەیی بهێنێت ..

کەسیش نەبوو بەجێی بێلین تا کاک نێچیر بهێنێت،ئەومەفرەزایەی ئێمە پێک هاتبوون لە:

1- حەمە هەژار(فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی ٧)کە مۆلەت بوو بۆ٦ مانگ

٢- ماجیدی حاجی عەلی / جێگر تیپ

٣- عوسمان چنارەیی / فارماندەی کەرت

٤ - جمال سیرێنی / رابەر سیاسی کارت

٥- تەحسین گومەڵەیی

٦ یاسین شاناخسێی

٧- بەکر بجکۆل

٨- جەبار یاوەر کە ئاویش نێردرا بوو لەگەڵ ئەوهێزەدا بێت .

بۆ بەیانی بەشداری شەرمان کرد،پاش ماوەیەک تەق وتۆق لە ئەمنە سوورەکە و دەوروبەری سلیمانی ..

هەرهەموومان باشداریمان کرد لەشەرەکانی چەمچەمال و دەوروبەری وقەرە هەنجیر و پاشان ئازاد کردنی کەرکوک دا.




# ڕاپەرینی شاری سلێمانی

- رۆژی ١٩٩١/٣/٧ئۆردوگاکانی (بازیان) و (باینجان)رزگارکران. شاری (سلێمانی)یش وەک هەمیشە ڕاپەری وتەپلی سەرکەوتن له (دەنگی گەلی کوردستان)ەوە لێدا،مژدەی ڕزگاری یەکەم شاری گه ورەی کوردستانی بە گوێی دنیا دا راگەیاند.

جەماوەری ناو شاری,هەر زووهەلیان کوتایە سەربنکەی (حامیەیی پۆلیس وسەرا)وئازادیان کرد,هروەها بۆ بەیانی (3/8) قەلای ئەمنه سورەکەی ناو سلێمانی و سەر بازگەی سەلام و پادگاکانی سەر چیای ئەزمەڕیان کۆنترۆل کردبە جۆری بەهەزاران سەرباز تەسلیم بوون وپارێزگاری سلێمانی و دەیان دەرەجەدار و پیاوانی ڕژێم کوژران .

***

له ١٩٩١/٣/٨ڕاپەڕین له (چەمچەماڵ وهەڵەبجە وعەربەت و ئۆردوگاکانی زەڕایەن و سمود ونەسر و باریەکە و پیرەمەگرون و ئەللایی ) دەستی پێکردو ,سەرجەم ئەو ناوچانەو ڕێگا سەرەکیە کانی نێوان سلێمانی و کەرکوك و باقوبە کۆنترۆل کران بە خوێنی چەندان شەهید و کوژرانی چەندان کەس لە پیاوانی رژێم , هەر هەمان ڕۆژ (3/8) سەرجەم ڕەبیەکانی سەر مامەندە و قەلادزێدابەزینە خوارەوە و بێکوشتار خۆیان بەدەست گەل دا, لەلایەکی ترەوە قەڵای سەربازی (سوسێ)ی ڕژێم گیراو بەرەو دۆکان چوون و لەلای دۆڵی خەلەکانیش پێشمەرگە و جەماوەر هەر بەرە و بەنداوی دۆکان دەهاتن بۆ ئێوارە ئەم ناوچەیەش بەتەواوی کۆنترۆل کرا.




# ئازادە ڕەش:
# خاوەنی یەکەم تەقەی ڕاپەڕینم

ئازاد کەریم عەلی ناسراوە بە ئازادە ڕەش* لەساڵی 1967 لە دایکبووە و لە ساڵی 1981 پەیوەندی کردووە بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە ساڵی 1986 دەستگیرکراوە لە لایەن ڕژیمی بەعسەوەو خراوەتە کونجی زیندانەوە و ساڵی 1988 بەلێبوردنی گشتی ئازاد کراوە و لەساڵی 1991 وە کاری هونەری دەکات" تا ئێستا کە خاوەنی زیاد لە 30 بەرهەمی هونەرییە لە سرودو گۆرانیو خاوەنی یەکەم تەقەی ڕاپەڕینیسلێمانییەو بەپلەی مقەدەم خانەنشینە، ئێستا ئازادە ڕەش بەنیگەرانییەوەو بەڕوونیو ڕاستگۆیانە باسی ڕاپەڕینەکەی شاری سلێمانی دەکات.

ئازادە ڕەش لەلێدوانێکیدا بۆ شاخەوان پرێس وتی "هەر ئەوکاتەش ئێمەش وەك پێشمەرگە و کادیرە دێرینەکان شاخ بەئەرکی سەرشانی خۆمان زانی کار بۆ ئازاد کردنی سلێمانی بکەین من و شێخ وەهابە خرە و شەهید خالیدی مەلا عەلی و هاورێ دلسۆز کە هاورێ و

نزیکی یەکتری بووین بڕیارمان دا کار بکەین بۆ دروست کردنی چەند شانەیەکی چەکدار و ئامادەکردنی خەڵك بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین ، دوا بە دوای ئەوەی چەندین گروپ و شانەی چەکداری ترمان ئامادەکرد بۆ کۆکردنەوەی پێداویستیەکان بۆ ڕۆژی ڕاپەڕین وەك بەڕیزان شیخ عومەری تیماری و شەهید ئاسۆی باخی سەرو و ئەنوەری قالەی نەجم و یاسینی سالەی کەریمان و دکتۆر نەبەز و نەسرەدین زرگوێزی ،ئێمەسەرپەرشتی قۆلی یەکەممان دەکرد کە بریتیبون لە گەڕەکەکانی سەرکارێز و سەرشەقام و خەبات و حاجی ئاوا، خۆم وەك ئازادەرەش "سەرپەرشتی شانەچەکدارەکانم دەکرد بۆ کاتی ڕاپەڕین ، هەر لەدوای بیستنی ئازادکردنی (ڕانییە)کە 5ی ئازار بوو ، ڕاستەوخۆ ئێمە کەو تینە حالەتی ئامادەباشی ئەوەبوو ڕۆژی 6-3 شارۆچکەی بازیان ڕاپەری و لە وکاتەشدا ئێمەش بڕیارمان دا بەرەبەیانی 7_3 کات ژمێر30:6 بە مکەبە رەو تەقەی تفەنگ بانگەواز بکەین تا خەڵك ئاگادار بکەینەوە ئەوە ڕاپەڕینمان ڕاگەیاندوە و ئێوەش هاوکارمان بن و دلتان خۆشبێت".

ڕەشە وتیشی "یەکەم شوێنیش لە سلێمانی فولکەی دەستارە کە بوو لە سەرشەقام کە دیاری کرا بۆ گرتبونەوەمان لە وێ وە کارمان بەو نەخشەیە کرد کە دامان نابوو سەرەتا ئاگرمان دەکردە وە بۆ قەتح کردنی شەقامەکان هەر لە وکاتەشدا پەیوەنیمان بە قۆلەکانی تری سلێمانی یەوە هەبوو کە ئەوانیش هەستابون بە جێ بەجێ کردنی هەمان بەرنامە" ئەوەبوو لە کات ژمێر 7 ی هەمان ڕۆژدا هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە چوار قۆلەوە هێرشیان کردەسەرمان ئەوە بوو لە ماوەی 2کات ژمێردا دوای مقاوەمەیەکی زۆر تونیمان شکستیان پێبهێنین ئەوەبوو بەشێکی زۆر لە گەڕەکەکان کەوتە دەست ئێمە یەکەم شوێنیش مەرکەزی پۆلیسی سەرکارێز بوو کە لەلایەن یاسینی سالەی کەریمان و هاورێکانیەوە دەستی بەسەرداگیراو خەڵکێکی زۆریش چەکدار کران پاشان هیزەکانمان زۆرتر دەبوو بە هاتنە ناوە وەیی‌جەماوەری خەڵك . خەبەرمان پێگەیشت کە لە هەموو قۆلەکانی تریشەوە خەڵك ڕاپەری و هیزەکانی بەعس بە تەواوی شپرزەبوون

کات بوە 12ی نیوەرۆ هەندێك لە برادەرانم کۆکردەوە و بەرەو ناوجەی قرگە و زێرنۆك کەوتینە رێ بۆ پاککردنەوەیمەقەراتەکانی دەرەوەی شار لە تەنیشت سنوری خۆمانەوە ، زانیمان کە لە مقەری سریەی بورجەکەی خەبات دا یەك دۆشکە هەیە ، پێشتر بەرنامەمان بۆ دانا بوو ئەگەر فرۆکە و هیلکۆپتەر هات بەو دۆشکەیە خۆمان دەرباز بکەین و بیان شکێنین ئەوە بوو دوای یەك کات ژمێر دۆشکەکەمان بەدەست هێنا .. کاتێکمان زانی کۆپتەرەکانی رژێم بەرە و ناوشارهاتن بۆ رزگار کردنی بەرپرسە بالاکانی بەعس لە دەست جەماوەر لەوکاتەشدا یەکێك لە ئەندامانیشانەکانمان شیخ عومەر تیماری شارەزای هەبوو لە بەکار هینانی دۆشکە دا ئەومان لەسەر دۆشکەکەمان دانا بۆ بەرەنگاربونەوە ...

دەستمان کردبەتەقە بەرەوروی هیلکۆپتەرەکانبە دۆشکە وجەکی تر.. ئەوە بو ئاسمانی سلێمانیان جیێ هێشتوو ، بەشێکی زۆر لە شاری سلێمانی دەستی بەسەرداگیرا ، ئەوەی ما بۆوە بینای حەسیب ساڵح و قیادەی فرعی حیزبی بەعس وئەمنی بەلدە و مەقەری حگین و ئەمنەسورە کەبوو ،بۆ رۆژی دوو هەم ئێمە لای خۆمانەوە بە هاوکاری چەماوەرێکی زۆر توانیمان دەست بگرین بەسەر خەتی حەسیب ساڵح و ئەمنی بەلدە و جەوازات دا تەواوی ئەوخەتەمان پاککردەوە،لە دەستکەوتەکانمان دەست گرتن بوو بەسەر دوو مدەراعە و زۆرێك لە چەکەکانی تری وەك دۆشکە و هاوەن و ئارپێجی ، لە کات ژمیر12:00 ی 8_3 ئاگادار کراینەوە کە حگین و ئەنفالەکەش گیراوە تەوە تەنها ئەمنەسورەکە ماوە ، ئێمەش تەواوەی چەکدارەکانی لای خۆمان کۆکردە وە و کردمانە بەدوو بەشەوە بەشێکیان کە خۆم سەرپەرشتیم دەکرد وەك ئازادە رەش لە قۆلی گەرەکی عقاری کۆن بەشەکەی تریش شەهید خالید و هاورێکانی لە قۆلی و لای حیزبی سەورە وە بوو ئەوەبو لە دوو فەرعەوە بەروی ئەمنەسورەکە دەرۆیشتین لەگەڵ مەفرەزەیەکی پارتیزانی بەسەرپەرشتی ئاواتی شیخ جەناب و شەهید شیخ کەریم لە هەمان کاتیشدا بەسەدان چەکداری تر هاتنەلامان و هەمومان

پیکەوە گولەبارانی ئەمنە سوورەکەمان دەکرد لە قۆلی حامیەو عەلی ناجیە وە سەدان چەکداری تر بەهەمان شێوەی ئێمە هەموو جۆرە چەکێکیان پێبوو گولەبارانی ئەمنەسورەکەیان دەکرد، دوای بریندار و شەهید بونی زۆر لە چەکدارەکانمان توانیمان لە هەموولایەکەوە بگەینە دیواری ئەمنە سورەکە ..

خۆش بەختانە تا کات ژمیر4ی ئەو رۆژە ئەمنەسەرەکە گیرایەوە و کۆتای بەقەلای ستەم هات ، ئەوەی جێی داخ بوو کە 155 شەهید و زیاد لە 500 بریندارمان هەبوو،لە رۆژی9-3بەهاوکاری رەوتی کۆمۆنیست وکۆمیەتی شوراکان مەسیرەیەکی جەماوەری گەورەمان رێکخست کە هەزاران ژن وپیاو بەشدایان تیا کردو لە تەواوی شەقامەکانی سلێمانیدا ئاهەنگی سەرکەوتن گێردرا. پاشان دەیان بنکەو بارەگای چەکداریمان دانا بۆ هەر بەرەنگاربونەوەیەکی تر کە بێتە پێشمان

..........

* شاخەوان ئەکرەم تایبەت بەمالپەری شاخەوان پرێس

# رادیۆی گەلی کوردستان و
# چەند هەواڵێکی تری سەرکەوتن



_ رۆژی هەشتی ئازاریش لەگەل گوێبیستی چەند هەوالێکی تری سە رکەوتن لەمیحوەرەکانی (سلێمانی-کەرکوك– گەرمیان) ئێمەش لەگە ل پێشمەرگەکانی هەولێروقەرەچوغ و کۆیە..

کەوتینەڕێ بەرەو هیزۆپ و چوار ڕیانی بێستانە، بەڵام لەلایەن هێزەکانی رژێمەوەلەسەر(هەیبەت سوڵتان) ەوە تۆپباران کراین، بەداخەوەبووبەهۆی شەهید بوونی دوو هاوولاتی کەلەکۆیەوەبەنێو رەبیەکاندا بەرەو لای ئێمەهاتبوون. عەسرەکەی لەپاڵ گردۆلکەکانی سەر جادەخۆمان سازوو ئامادەکرد،بۆ ئەوەی شەوێ پەلاماری هە یبەت سولتان وکۆیە بدەین، پاشنیوەڕۆ دووسەیارە بە رێگای سەرەکی کۆیەدا بێباکانە بەرەو لای جایخانەکەی چنارۆک پێشرەوییانکرد، بێ ئاگا لە بۆسەی هێزەکانی دوژمن، لەپر لە هەمووولایەکەوە درانە بەردەسترێژ بەداخەوە کەزۆربەیان شەهیدبوون،دوتر زانیمان ئەم ناوانە لەنێو شەهیدەکاندابوون:

( باپیرعبدالرحمن ،بەهرام رەسول خۆشناو، عەلی عەباس، محمد رشید رسول، محمد ابراهیم ،عباس زرار،علی عزیز، رزگارمحمدامین، احمدصالح غفور، ا براهیم خالید)

کاك کۆسرەت گەیشتەلامان،هەندێ قسەی بۆ کردین، چەند هەواڵێکی نوێ ی پێبوو دەربارەی راپەرینەکانی خواروی عیراق،پێشمەرگەکان بەئامادەبونی ئەو زۆر ورەیان بەرزتربووەوە، هاتنە جۆش وخرۆش .پاشان ئاگاداری کردین کەمامۆستا (چەتۆ حەوێزی) و (کاك رێباز) لەگەل میحوەری (5) دەبن و بەریزیانیش بەهیزێکی گەورەوەدەچێتە شەقڵاوە،دڵنیای کردینەوە لەداهاتوێکی نزیك لەهەولێریەك دەگرینەوە.

من وکاك مەلا فەرمان چەند نامەیەکمان نوسی و ئامادەمان کرد..

بەگەیشتن بەکۆیە و تەق تەق...... ئاراستەی هەڤاڵانی (بنەصلاوە)و

(دارەتو)ی بکەین ...
لەڕێی رادیۆکەوە بروسکەمان کرد: (شەوی10-11/ ئازارلەلاتانین)
پێشتر ئێمە بەرنامەمان بوولەهێزکە جیاببینەوە،لەگەڵ(سەربازحسین)و
(نەهرۆقەسرۆکی) و(سەرکەوتەڕەش)و (خاڵەبەخە)و (عمرببیانی)و
چەندپێشمەرگەی تر،بەپشتی(باوەجی)دالە(حاجی وسوو)و(چەمرگە)
وە بچین بەرەو ئەو دوو ئۆردوگایە.
بەڵام دوای پرس و ڕا بەلێپرسراوی میحوەر..
بە(مامۆستا چەتۆ حەوێزی )ئەو پێ ی باش بوولەوان جیا نەبینەوە,
هەموومان پێمان وابووکە ئەو شەوە دەگەینە کۆیەو
لەوە بە دوا چیمان بوێت دەیکەین...
دەمەو ئێوارە هێزەکان کران بەدوورەتڵە وە :
- رەتڵی یەکەم لەدێی(میرسەید)ەوە بەرێکەوتن شەوێ لەلای
(حەمامۆك)ەوە گەیشتبوونە ناوشاری کۆیە،لەوێش لەقشلەی کۆیە
(جوهرناسکە)شەهید بووبوو.
- رەتڵی دووەم کەئێمەش لەگەڵیان دابوین، دەبوو لە باکووری
چنارۆکەوە ئاو دیو ببین،(کاك چەتۆ حەوێزی )یشمان لەگەڵدابوو.
بۆ شەوەکەی لەدەورو بەری چنارۆك سەرەتا بارانێکی بەلێزمەو
دواتر کرێوە وبەفرێکی زۆر لێیداین،لەگەڵ ئەوەی شارەزای باشمان
لەگەڵَ نەبوو، تۆپبارانیش بەردەوام بوو،
بەناچاری گەڕاینەوە بۆ گوندی (قەمتەران).
لەکۆی (110) پێشمەرگە (7) یان لەسەرما پەکیان کەوتبوو..
بەهەزار حاڵ گەیاندرانە پشتەوە و چارەسەر کران...
لەسەر ئەو هەموو شەکەتی و ماندوویەتییەوە ئێمە هەر بەپێیان
بەرە بەیان گەیشتینە گوندی (قەنتەران)..

دوای پشوویەکی کەم وخواردنی نان و چای بەیانی
کەوتینەوەڕێ بەرەو بناری (هەیبەت سوڵتان)

- بەداخەوە لە پەلەپەلیدا کۆڵەپشتی و کیسەخەو و
کامیراکەی هەڤاڵ (حمید ئۆمەرمەندانی)
کەفلمێک لەوێنەی یادگاری (هەرلەرانیەتابناری
هەیبەت سوڵتان)ی تێدا بوو،لە گەڵ چەند کتێب و بڵاوکراوە ..
لە ماڵێکی ئەو گوندە لەبیرمان چوو..

***

# بەشی چوارەم



1991/3/9



# رزگارکردنی کۆیە

-ئەوشەوەشارەکەی حاجی(کۆیە)ئازادکرابوو،باجی سەرکەوتنەکانیش خوێنی شەهید(جەوهەرناسکە)وچەندقارەمانێکی دی شاری کۆیە بوو.

- بۆ بەیانی زوو، رۆژی 9/ئازارکوتینەرێ و لەکۆیەیەکمان گرتەوە، دوای رزگار کردنی کۆیە چەند پێشمەرگەیەکی بەرەی کوردستانی سەربە ( پارتی ) دەستەکەی(مام نامیق) کە (خورشید شێرە)یشیان لەگەڵ بوو گەیشتنەشاری کۆیە.

- ئەو ڕۆژە لەبارەگای یەکێك لەحیزبەکارتۆنیەکان کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەخەڵکی شاری کۆیە کرا..

وتاری(ی.ن.ك)لەلاەن(مامۆستانازم کۆیی)یەوە خوێندرایەوە وتاری (پارتی)یش لەلایەن (مام خورشید شێرە)وە خوێندرایەوە، وتاری حزبی سۆسیالستی کوردستان لەلایەن(م.سەعد عبدالله)خوێندرایەوە.. خواهەڵناگرێ وتارەکەی(م.نازم)لەئاستی ئەوقۆناغە نەبوو، وتارەکەی (خورشید شێرە) یش بەس وتارنەبوو.!

بەڵام وتارەکەی مامۆستاسەعد چ وەک ناوەرۆک چ وەک (خطابە) زۆرلەوانی تر باشتر بوو..منیش شیعرێکی حەماسیم خوێندەوە، ئەوەی ئەورۆژە زۆر نیگەرانی کردم ئەوەبوو،هاوڕێ کۆییەکانمان، ئەوانەی چەند ساڵ لە شاخ پێکەوە خەباتمان کردبوو، لەبەرچاوان ون بوون و نەمانزانی چێیان لێ هات، ئێمەیش بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ هەروەک پێشمەرگایەتی جاران دابەش سەر ماڵان بووین..

لەدوای بڵاوەکردنی جەماوەر،دووفڕۆکەی لەجۆری (پیلاتۆز) هاتنە ئاسمانی کۆیەو دایانەبەر ڕێژنەی ڕۆکێت...

خۆشبەختانە کەس شەهید نەبوو..

بەهەزاران ئەفسەروسەربازوجاش بەپێی پەتی وبەبێچەك بەنێو قوڕو چڵپاودا کەوتبوونەئەو هەڵەتانەی نێوان کۆیەتـەق تەق.

لە سەربازێکم پرسی بۆ پێڵاوت لەپێدا نییە..؟

لەوەڵامەکەی بۆم دەرکەوت فەرماندەکەی کە پلەکەی (رائد) بوو (داڵە)ەکەی سەرشانی وپێڵاوەسوورەکانی فرێدابوو بەزۆر پێڵاوەکانی ئەوی لە پێکردبوو،تەنانەت چەند کەسێکیان لەبەررێژنەی باران و سەرمای زۆر لەچیای (باوەجی) ڕەق بوو بوونەوە, لە نێوئەوانەدا جاشێك بەناوی (تۆفیق قادر)کەخەڵکی گوندی(عەمدۆن)ی ناحیە ی(شوان) بوو.

- شەهیدکردنی دوو پێشمەرگە و بیست و هەشت هاوولاتی لە رۆژی 1991/3/9 رۆژی راپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی کۆیەی قارەمان، کە دوو پێشمەرگەکە بە بریندارى لەناو قشڵەی کۆیە بەدەستی تاوانبار قاسم ئاغا شەهیدکران، کە بریتی بوون لە ئەحمەدکانی وەتمانی وجەوهەربایزحەمکۆل(جەوهەری ناسکە)هەروەها(28)

هاوولاتییەکەش بریتیین لە:

(ئاکۆ کەریم، بەرزان تۆفیق، ئەمیر عەبدوڵڵا، ئیبراهیم حەسەن، ئیبراهیم سەدرەدین، جاسم فەرحان، جەلیل خالید، جەنگی ئەسعەد،

حەمید مستەفا، ستار حەمید، سەمەد حەمید، سەمیرە ئەحمەد، سوارە عومەر، شێروان ئیسماعیل، عومەر حەمەد، عومەر ساڵح، فەیسەڵ مەجید، قارەمان عومەر، کامەران حەوێز، کاوە حەمەدئەمین، کاوە حەمەد، محەمەد خدر، محەمەد عەبدوڵڵا، میرزا فەتاح ، نازم ساڵح ، نازەنین قەرەنی ، نەسرین سدیق و نامیق سلێمان)

- جاشێکی قاسم فارس ئاغا بەناوی رەحمان عەلی ئیسماعیل لە رۆژی راپەڕین و ئازادکردنی شاری کۆیە لە رێکەوتی (9.3.1991)دا دوای هێرش و فشاری زۆری خەڵکی کۆیە بۆسەر دامودەزگاکانی رژێم و جاشە خۆفرۆشەکان بە قاسم ئاغای گوتبوو: (ئاغا با تەسلیم بە جەماوەر بین)، قاسم ئاغا هەناوی جاشی ناوبراوی پڕ لە گوللە کردبوو و کوشتبووی.

- هەرهەمان رۆژجاشێک خۆی دابوو بەدەستەوەخۆی پێ ناساندین بەناوی (سعید حسن احمد)ەوە،کە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی هێزەکەی ئێمە کێشەی کۆمەڵایەتییان لە نێواندا بوو، بەڵام من زوو فریا کەوتم و بەئەوهەڤاڵانەم گوت لێبوورنیان هەبێت و بەسەر باری دەروونی خۆیاندا زاڵ بن و بیر لە تۆڵە نەکەنەوە،ئەوانیش جوامێرانە بەڵێنیان پێدا م کە لەگوڵ کاڵ تری پێ ناڵێن..خۆیان هاتن..ئەملاو ئەولایان ماچ کردودڵنیاشیان کردەوە هەرکاتێک بگەنەوەکەرکوکیش.بیرلەتۆڵە ناکەنەوە.

***

له ١٩٩١/٣/10 جەماوەری شارۆچکەکانی(مەسیف وتەقتەق ورەواندزو قەرەهەنجیر و ئاغجەلەر و هەریر و باتاس و خەلیفان و سپیلك و سۆران و چۆمان و حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور) وسەرجەم ئەو ناوچانە ڕاپەڕین و لەچەند کاتژمێرێکدا ئازادیان کردن، بەجۆرێ لەسەعات (1)ی دوای نیوەڕۆ کۆڕێ گیراو پاشان مەسیف و، لەسەعات (12)ی نیوەڕۆ (هەریرو باتاس) و سپیلك و بێخمە ، لەهەمان ڕۆژدا جەماوەر و پێشمەرگە لەکۆیەوە بەرەو تەق تەق پێشڕەویان کرد و خەلکی ئەوێش لەم ڕۆژەدا راپەڕین و ئازادیان کرد.هەر ئەورۆژەش ئۆردوگای بەستۆرە ئازاد کرا، کەبەدەیان کەس لەپیاوانی رژێم کوژران و چەندان پێشمەرگەو هاوولاتییش شەهید بوون..

بۆوێنە له شەقلاوە (3) پێشمەرگە شەهید بوون.

***

# شانە چەكدارەكانی بروسك

## لە سۆران و هەریر و باسرمەو
## خۆشناوەتی و ڕۆژهەڵاتی هەولێر

وە سمان خدر محمدامین مستەفا ، ناسراو بە (دكتۆر وە سمان)
**بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە:**
بەنهێنی و ژیرانە هەستاین بەدروستكردنی شانەچەكداری (بروسك) لەخەڵكانی ناو ڕێكخستنەكانمان و ئەو پێشمەرگانەی كە تەسلیم ببونەوە متمانەیان لەدەست نەدابوو , وەلەو چەكدارانەی كە دۆست و لایەنگری خۆمان بوون و لەگەڵ خەڵكی دڵسۆز توانیمان تا كاتی ڕاپەڕین زیاتر لە (60)شانە چەكداری (بروسك) دروست بكەین , بۆ هەر شانەیەكی چەكدار ژمارەیەك و ناوێكی نهێنی مان بۆدانان كە لەژمارەی (101)ەوە تا ژمارە (165) هی ئێمە بوون , ناردم بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی كوردستان , لەڕێگای سەرووی خۆمانەوە , ئەوانەی لەناو ڕێكخستنەكانمان توانای عسكرییان هەبوو لێپرسراون لەناوڕێكخستن,دەمان كردن بەمەسئولی (3-5)شانەچەكداری بروسك,بەم شێوەیەی خوارەوە :- حاجی حمد خدر لەناو هەولێر - شۆڕش حمە ساڵح لەناو هەولێر - حسن احمد وەسمان لەقوشتەپە - جەبار خانە عالی لە ئۆردووگای هەریر - صدیق سعدی عەوڵا لە ئۆردووگای هەریر - محمود ابراهیم ملا لە ئۆردووگای هەریر - كمال حاجی حسێن لە ئۆردووگای هەریر - حسێن بلۆك لە شەقڵاوە - مجید ڕەحمان لەباتاس - مەلا جەلال خەیلانی لە گوندی قاسمیەی دەشتی هەریر -جمال هەروتی لە باسرمە -عارف كانی چرگانی لە دەشتی هەریر - ئەیوب حاجی ڕەشید لە باسرمە - شەهید عوسمان مام ڕەسوڵ لە باسرمە - عەوڵا مەرزانی لە هەریر - ابراهیم حاجی

ناسر /کەس نەزان - زارار مەلا/پیر زین - سلێمان عباس/ خلیفان - سابیر حسن جۆڵەمیرگی لە خلیفان - تەها مستەفا حمد لە دیانان — خدرحاجی عزیز+مامۆستاعەوێزلەباسرمە

-یحیابەك عبدالقادر پیرۆمەری هەریر-عزیزعەتاربناوی لە باسرمە).

لە ١٩٩١/3/11 جەماوەری شاری هەولێری هۆلاکۆ بەزین هەر لەگەڵ سپێدە لەگەڕەکەکانی (شۆڕش و مەلایان و برایەتی)..راپەرین و بەرەو بارەگاکانی ڕژێم دەستیان بەهەڵمەت کرد . لەکاتژمێر (9)ی بەیانی سەرجەم جەماوەرو گەڕەکەکان ڕژانە سەر شەقام و کوچەو کۆلانەکان و بارەگاو دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم، دایەرەی (ئەمن و جەیشی شەعبی و ئەمنی تەواری و مەنزومەی شیمالی و بنکەکانی پۆلیس و ...هتد) کەتا ئێوارە سەرجەم ئەو بارەگایانە کۆنترۆل کران، (لەدایەرەی ئەمن و مەنزومەی شیمالی بەرگریەکی سەخت کرا) بۆیە کوژراوێکی زۆریان لێکەوت، هاوکات لەهەمان ڕۆژ راپەرین لەسەرجەم ئۆردوگاو ناوچەکانی دەوربەری هەولێریش گڕی گرتبوو، دارەتوو بەنیو سەعات (مرکز شورتە) گیراو، لەوێ شەهید دراو ڕژێمیش کوژراوی زۆری هەبوو،ئۆردوگاکانی قوشتەپە و شاوێس وپیرزین ومەلائۆمەریش هەرزوو ئازادکران،هاوکات ئۆردوگاکانی (جدیدەو تۆبزاوە)یش ڕاپەڕین و دوای چەند کاتژمێرێك شەڕ ئازاد کران بەخوێنی چەند هاولاتیەك و کوژرانی زۆرێك لەپیاوانی ڕژێم و لەهەمان کاتدا ئۆردوگای (خەبات)ی داخ لەدڵ هەلی کوتایەسە سەر بازگەی ئاسکی کەلەك و هەرزوو کۆنترۆلی کردو دواتر ئۆردوگاکانی (کەورگۆسك و بەحرکەو بەرحوشتر...) ئازاد کران و سوپای ناوچەکەخۆیان بەدەستەوە دا،لەلایەکی ترەوە بۆ هەر هەمان ڕۆژفەیلەقی (5)ی سەربازگەی هەولێرکۆنترۆل کرا.

- بەیانی ۱۹۹۱/3/12 رەبییەکانی سەربەرزاییەکانی رەشکین و کانی قرژالەو ڕێی گوێرو مەخمور گیران و خۆیان تەسلیمی گەل کردو بەدەیان هەزار سەربازیش لەوانەی پارێزگاری هەولێرو سەربازگەکانی دەکرد شۆڕ دەبونەوە بەرەو موصل و کەرکوك ، بێ ئەوەی لەلایەن خەلك و پێشمەرگەوە بگیرێن یان بکوژرێن، بەلکورفتاری مرۆڤانەیان لەگەڵ دەکراوخواردن وبەرگیان بۆ دابین دەکرا. لە 3/12 جەماوەری جەلەولا ڕاپەرین تائێوارە ناو شارە و دەوروبەریان ئازاد کرد. بەلام دواتر ڕژێم لەهەواو لەزەمین بەچەکی قوورس تۆپبارانی کردن، بۆیە چەندان هاولاتی لەوێشەهید بون و ڕژێمیش زیانێکی زۆری ماددی و مانەوی لێکەوت. هەرهەمان ڕۆژ (خانەقین)یش ئازاد کرا.





# بەرەو شاری هەولێر

لەرۆژی ۱۹۹۱/۳/۱۰ قۆڵی ڕێگای شەقڵاوە:

دوای ڕزگارکردنی هاوینە هەواری صەلاحەددین..،هێزەکان گەیشتنە ئۆردوگای بەستۆڕە،بەڵام لەلایەن سووپای عێراقەوە لە"سەربازگەی خانزادەوە ڕوو بەڕووی بۆردوومانێکی سەخت بوونەوە، لەسەر داوای کاک کۆسرەت (بورهان سەعید سۆفی)و چەند پێشمەرگەیەك بەناو چەکدارەکانی (بارامی شێمەی هاڕون) دا خۆیان گەیاندە ئەم سەربازگەیە، ئەوەبوو (بورهان سەعید سۆفی) توانی پلانەکە وەك خۆی جێبەجێبکاتو دەست بگرێت بەسەر سەربازگەکەدا و هەموو ئەفسەرو سەربازەکان بەدیل بگرێتو چەکیان بکات.

دوای ئەوە هێزەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵی ئۆردوگای بەستۆڕەو دەوروبەریان کرد، لە هەولێر زیاتر نزیك کەوتنەوە، بۆیە لەم کاتەدا لەڕووی سەربازیەوە پلانێك دانرا بۆ ئازاد کردنی هەولێر، کە بەرەبەیانی 1991/3/11 ڕێگای موسڵ-هەولێر کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها هێزێك بنێردرێت بۆ هاندانی جەماوەری ئۆردووگای بەڕانەتیو پاك کردنەوەی ناوچەکە، وهێزێك بنێردرێت بۆ ڕۆژهەڵاتی هەولێر بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو هێزەی لە کۆیەوە دێت یەک بگرنەوە،هێزەکانی پێشمەرگە دابەشکران بۆ دوو بەش: بەشێکیان بەسەر پەرشتی (بورهان سەعید سۆفی)و ژمارەیەك پێشمەرگە بەڕێ کەوتن بۆناوچەکانی (بەڕانەتی، زرارەتی،ئۆردوگای کەڵەکی یاسین ئاغا،تۆپ زاواو کەورگۆسك)، بۆ ئەوەی سەرجەمی ئەم ناوچانە ڕزگار بکەنو هەوڵ بدەن ڕێگای نێوان (موسڵ-هەولێر) بپچڕێنن. بەشی دووەمیان بەسەرپەرشتی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) لە ئۆردووگای بەستۆڕەوە بەڕێکەوتن بۆ ئۆردووگای شاوەیس، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر لە هەولێر نزیك بکەونەوە.

-لە میحوەری کۆیە شەوە ،سەرلەبەیانی3/10/ بەسەدان پێشمەرگەی شاخ وشارهەڵمەتەکانمان دەستپێکرد،بەرەودەورو بەری(دێگەڵە) و (دەربەندگۆمەسپان)ئەوڕۆژە،هەرلەسەربازگەی (تۆبزاوە)ی کۆیەوە هەتاکوچواررِیانی گۆمەسپان..شەڕێکی سەخت درێژەی هەبوو..
بەدەیان دەبابەمان هەڵبڕی ..
ئێمەهێرشەکانمان جادەوجادەدەکرد،نەئێمەونەئەوان نەمان دەتوانی لەبەر بارانبارینی زۆر وقوڕ ولیتە..لەجادەکەلابدەین..
لەو شەڕەدا دۆژمن زیانی زۆری هەبوو،ئێمەش(3)سەیارەمان تۆپ لێی دان وچەند قارەمانێکی سنووری (رانیە)و(بتوێن) لەجەماعەتی کاک(عەلی نەبی)لە دەوروبەری(دێگەڵە) شەهیدبوون:
(صدیق باپیر،حمد خدرقادر،احمدعوسمان)لەنێوشەهیدەکان دا بوون.
ئێوارە لەچوار ڕیانی( گۆمەسپان )دەبابەکان کەلکیان لەو( مفرەق )ە وەرگرت وبڵاوەیان کرد،ئەو شەوە مەگەرهەرپێشمەرگە بزانێ چەند سەرمابوو،لەیادمەکاک(سەرکەوتەڕەش)بەدەست ئاگاداری کردمەوە کەلەسەرما زمانی گۆناکا.... ڕەشەبای ئەو دەربەندەکەلەسەر چیای (سەفین)ەوەدەهات، خەریك بوو ڕەقمان بکاتەوە.شەوێ‌هێزەکان دابە ش کران کەپەلاماریان بدەین، بەڵام دواتر بڕیاردرا بگەڕێینەوە شاری کۆیە،بۆ بەیانی پەلاماریان بدەین،لەکاتی بەڕێکردنی هێزەکانی خۆمان من وکاك سەربازومەلافەرمان و(فاقەمەخمووری)
هەڤاڵانمان سواری گەڵابەولۆری دەکردوبەڕێمان دەکردن بەرە و کۆیە،لەکۆتایی تارماییەکمان بەدی کرد بەغار بەرەو لامان دەهات هاوارمان لێ‌کرد بەپەلەکەسەرکەوەبەجێ‌دەمینێ‌ی ،ئەویش هیچ قسەی بۆ نەکرا گرتمان بەنێو قەد ولاقی دا وهەڵمان بڕی ، هەڤاڵان قۆڵیان گرت وسەریان خست ،لەنزیك (دێگەڵە) کەگەرمەوە بوو

زمانی کرابۆوەو بەپێشمەرگەکانی گوتبوو من سەربازی رژێمم . کێتان لێپرسراوەتاقسەی لەگەڵدا بکەم ؟ ، لەپڕ لەبۆدی سەیارەکەدرا . ڕامان گرت .ئەوجا بۆمان دەرکەوت فەرماندەی هێزەکەی ڕژێم ئەو سەربازەکوردەی ناردبوو بۆ لامان تا دڵنیایان بکەین کە ئەگەر نەیان کوژین بەخۆیان و دەبابەکانەوەتەسلیممان دەبن ..

ئێمەش هێزەکانمان گەیشتبوونەوەکۆیەوبەسەرماڵاندادابەش بووبوون، زۆرلەسەربازەکە تورەبووین ،بەڵام سوێندی بۆ خواردین کەزمانی گۆی نەکردووە، بەهەرحاڵ ئەوشەوە چووینەوەوە گەڕەکی ئازدی دابەشی سەرماڵان بووین،من لەگەڵ دوو هەڤاڵ چووینە ماڵێکی هەژار

لەژووری میوان جێگایان بۆ راخستین،هەر کەخانەخوێکەمان جوو بخەوێ،من خۆم بە حەمامە ساردو سڕەکەیانداکرد،بەئاوی ساردی بۆری و تایت خۆم و جلەکانم پشیلە شۆر کرد..هیچ نەبوو لەبەری بکەم ،بەناچاری بارانگیر(مطریە)کەم لەسەر گۆشتی رووت لەبەر کرد،جلەکانم لەبەر رەشابایەکی سارد لە تەنافی ماڵەکە هەڵخست و بە لەرزەلەرز خۆم کردە ژێر کۆنە بەتانییەکانەوە..گەرم بوومەوە، لەماندوویەتی و شەکەتیدا خەوم لێکەوت، بەیانی زوو هەڵسام دنیا رووناک بووبووەوە ،کەتەماشای جلەکانم کرد دەبینم رەنگی گۆڕاوە،هی قوورە سوور نیوەی سوورخن بوو بوو،ئاوەکە لەبەر ساردی پاکی نەکردبووەوە،بەپەلە نان وچای بەیانیمان خوارد،هە والّمان بۆ هات دەبابەکان گەڕاونەتەوەبەرەو هەولێر ..

# بەشی پێنجەم

## رزگار کردنی هەولێر



**لە باوکی ڕێناسەوە:**

**بۆ گشت شانە چەکدارەکانی بروسك، دەست بەکاربن**

## شانەچەکدارەکان:

دیارە بەر لە ڕاپەڕین و گەیشتن بە دەوروبەری هەولێر شانە چەکدارەکانی (بروسک) لە ناوشاری هەولێر ولەناو ئاوارەکانی کەرکوک لە ئۆردوگا زۆرەملێکان..

زۆربەچوانی شانە بەندی کرابوون،زۆربەی جەکدارە کوردەکان پەیوەنی نهێنییان لەگەڵ دروستکرابوو..هەموو ژمارەی تایبەت و نهێنی تایبەتیان پێ گەیاندرابوو..

ژمارەی تایبەت بۆپەیوەندی نهێنی لەڕێی( بێتەل)و(ڕادیۆ)وەبۆ هەمووقۆڵەکان دیاری کرابوو، من ژمارەکەم (19)بوو.

هەرلەئێوەرەوەگوێیان بۆبروسکە(لەدەنگی گەلی کوردستان)ەوە هەڵخستبوو،هەمووئاگادارکرابوونەوەئەگەرشەوی10-1991/3/11 ئێوارەکەی گوێیان لەو بروسکەیە بوو، کە بەشێوەی هێما بۆیان دانرابوو، ئەوا هەموو دەبێت لە کاتژمێر (12)ەی شەوەوە بچن بۆ ئەو شوێنانەی بۆیان دیاری کراوەو بەیانی کاتژمێر (6) دەست بەکاردەبنو ڕاپەڕین بەرپادەکەن، بۆیە دوای ئازاد کردنی ئۆردوگای (بەستۆڕە) لەڕۆژی 1991/3/10، هێزەکانی قۆڵی ڕێگای شەقڵاوە چاوەڕوانی هێزەکانی قۆڵی کۆیە بوون تاوەکو ئەوانیش بگەنە گۆمەسپانو پاشانیش کەسنەزان، لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی قۆڵی کۆیە دواکەوتن، شەوی 10-1991/3/11 ڕێنمایی درا بەهەموو شانە چەکدارەکانو ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناوشار بەیانی (3/11) دەست بەکاربن بۆ ڕاپەڕین، کە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ئێوارەی (10-3/11) لەکاتژمێر (8)ی شەو، چەندین جار بروسکەی: ((لە باوکی ڕێناسەوە بۆ گشت شانە چەکدارەکانی بروسك، دەست

بەکاربن)) خوێندرایەوە، بەمەش چەخماخەی ڕاپەڕینی هەولێر کاتژمێر (6)ی بەرە بەیانی 3/11 دەستی پێکرد.

دوای ئەوەی ڕاپەڕینی هەولێر لەلایەن شانە چەکدارەکانو جەماوەری هەولێربەسەرجەم چینو توێژە جیاوازەکانی وەك: (ژنان، خوێندکاران، لاوان، مامۆستایان، فەرمانبەرانو کرێکارانو...هتد) بەرپاکرا..

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قوڵی شەقڵاوە شاڵاوی هێنا بۆ ڕزگارکردنی هەولێرو کاتژمێر(8)ی بەیانی 3/11 گەیشتنە بازگەی شاوەیسی نزیك هەولێر، دوای ڕوو بە ڕوو بونەوەو شەڕێکی نیو کاتژمێری توانرا تانکەکانی سووپای عێراق تێك بشکێننو هەڵ بکوتنە ناوشارو تێکەڵ بە جەماوەری ڕاپەڕیوو ببن. بە گەیشتنی پێشمەرگە بۆ ناو هەولێر، هێزەکان کران بەدوو ڕەتڵەوە، ڕەتڵی یەکەم: هێزێك بەسەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ سەر بارەگای فەیلەقی (5)، وڕەتڵی دووەم: هێزێك بەسەرپەرشتی عەبدولڕەزاق بۆ سەر دەزگای ئەنجومەنی یاسادانانو جێبەجێکردنو ڕێکخراوی هەواڵگری باکوور، لەبەرئەوەی ئەم شوێنانە بۆ ڕۆژی ڕزگارکردنی هەولێر لەڕووی ستراتیجیەوە گرنگی تایبەتی خۆیان هەبوو، چونکە قورسایی هێزی حکومەت زیاتر لەم شوێنانەدابوون،شایانی باسەجگەلە(مام خورشید شێرە)شان بەشانی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی (پ.د.ك) بەسەرپەرشتی (جەمال مۆرتکە) بەشداربوون لە ئازاد کردنی شاری هەولێر..*

- سەر لەبەیانی 11-3-1991 پێشمەرگەکانمان کۆ کردەوەخۆمان ئامادەکرد،کاك مەحموود خورشید حیدرناسراو بە (خوولە) برای (شەهید جوامێر ئۆمەرمەندانی)گەیشتەلامان..گوتی :

ئەمرۆرۆژی تۆڵەی برا کەمە،ئامادەم وەك پێشمەرگەیەك لەگەڵتان بم، من و (کاك سەرباز) و(تالیب فاروق)و(نەهرۆقەسرۆکی)لەگەڵی سواربووین وکەوتینەڕێ بەرەو(گۆمەسپان) بەدوربین تەماشامان کرد دەبابەکان لە(هەورازەنەفتە)روو هەولێردەگەڕانەوە، ئێمە لەدوایانەوە وردە وردەدە ڕۆیشتین لەپێچەکاندا ئیڤایەکمان بینی لەباری پانی لەسە ر ڕێگاکەمان بەجێ مابوو..
گومانمان کرد کە(توقیت) کرابێ،بۆیەماوەیەك لەدوورەوەبەدووربین چاودێریمان کرد لەپڕ بەر لەگەیشتنی ئێمەبە(1700) مەتر ئیڤایەکە تەقیەوە،بەڵام تەنیا زیانی بۆ ئێمەئەوە بوو گڕی لە جادەکە بەردابوو، ئەم بەرو ئەوبەری ڕێگاکەیش پڕبوو بوولە وردە پارچەولەتەئاسن، زۆرلەوەدەترساین سەیارەکەمان پەنچەر بکات..

پێش ئەوەی دەبابەکان بگەنە(کەسنەزان) ئێمەگەیشتینەسەر ئاسۆگە هەولێرمان لێدەرکەوت ڕاپەڕین دەستی پێکردبوو، چاومان لێبوو خەڵکی کەسنەزان هاتنەسەر ڕێی دەبابەکان، دەبابەکانیش لەجادەکە لایاندا بەرەو پشتی (بنصلاوە) تا لەوێوەبڕۆن بەرەو قوشتەپە،بەڵام لە قوڕداشەتڵ بوون،جەماوەرپەلاماری دان وچەك کران،ئیترئێمە ش تەواو دڵنیا بوین ، لەگەڵ هەڵپەرکێی سەرکەوتن گەیشتینەلایان، ئەت ووت کیسەڵن کەوتوونەبەر دەست مناڵان..
هەردەبابەو دەیان مندالی لەسەر بوو،بەداروبەرد دەیان ماڵی پێیاندا.

دوێنێ لەگەڵ (**11**) ی ئازاری ڕاپەڕین

ئەوسای( قەندیل بەغدای هەژاند)

رۆرحیانەتی وەك( منارە)ی( جەمیل رەنجبەر)

لەسەر( قەلاّ) وە دەیڕوانی

خەڵکی هەولێری قارەمان..

کاتێ بیستیان،

هەڵۆکانی( دێدەوان) وشابازەکان...

لە لووتکەی چیاوە دابەزین..

وەك شێر.. لەلانە دەرپەڕین.

منالاّنی ( باداوان )و ( بەلاشاوا ) ..

لەگەڵ زریکە و هەڵهەڵەی ( خەجێ باوە )

لەسەربورجی دەبابەکان ،

وەك لەسەر پشتی کیسەڵ بن، هەڵدەپەڕین.

* بەشێکە لە قەسیدەی (دەمامکەکان) شیعری شاخی

خەڵك لەشارەوەدەهات,مژدەی ڕزگاربوونی چەند گەڕەكێكی شاریان پێبوو،لەوانەباداوان وئۆردوگاكانی(بنصلاوەودارەتوو)، پیرەمێردێكی (هەركی)شارەزا تادێی(حەسارۆك)هات لەگەڵماندا، لەحەسارۆكەوە چوینەگەڕەكی(مەلایان)و(باداوا)... پیرۆزبایمان لەجەماوەر كرد ..

ئیتر بۆ سەعات 10ی سەر لەبەیانی ڕۆژی 11ی ئازار گەیشتینەدە روازەی (بنصلاوە) خۆمان بۆ نەگیرا هەریەك چەند فیشەك تەقەی خۆشیمان تەقاند،لەلایەن ئاوارەكانی كەركوك و گەرمیان و شانەچە كدارەكانی (بروسك) ەوەپێشوازییەكی گەرممان لێكرا، سێ كەس لە پیاوكانی(امن)كوژرابوون، (٣٣) كەسی ترخۆیان بەدەستەوە دابوو، خرابوونە زیندان، داوام كرد بڵند گۆیەك ئامادەبكەن ، بەپەلەبڵند گۆ و (مۆلیدە)ی كارەبای(مدیر ئەمن) ی بنەسڵاوەیان ئامادەكرد،لەسەر بینایەی(بەڕێوەبەرایەتی ناحیە)وەوتاری(بەرەی كوردستانی)م پێشكە ش كرد، پێم ڕاگەیاندن كەمن لەلایەن بەرەوەڕاسپێردراوم سەرپەرشتی ئەم ئۆردوگایەبكەم هەم بۆ هاندان و هەم بۆ ڕاپەڕاندنی جەماوەر بۆ ڕزگاركردنی هەمووهەولێرو.سەربازگەی(ڕەشكین)وهەم بۆ ڕێكخستنەوەی پێشمەرگەكۆنەكان، هەم بۆ پارێزگاری كردنی سەركە وتنەكان وخۆسازدان بۆ رزگاركردنی كەركوك ،سێساڵ بوو لەئە نفالەكانەوە كەس و كارو دوو منداڵم بەجێ مابوون ، ئەوانیش زۆربە یان لەهەمان ئۆردوگا دادەنیشتن .بەبیستنی دەنگی من كچەگەورەكە م مزگێنی دابوو بەدایكم ..گوتبووی:

- نەنە..نەنە..ئەوە دەنگی باوكمە،وا كۆبوونەوە بەخەڵک داكات، من دەنگی باوكی خۆم زۆر چاک دەناسمەوە ...

ئۆخەی خۆ نەمردین

وا ئەمجارەش باوكمان هاتەوە..دوای تەواوكردنی وتارەكەم یەكسەر كەوتمەڕێ بۆ سەردانی دایكم و مناڵەكانم ..

بەڵام من لەكۆڵانێكەوە رۆیشتم،ئەوانیش لەكۆڵانێكی ترەوەهاتبوون، هەر بۆیە توشی یەک نە بووین،دواتربەدیداری جەماوەروهەڤاڵە دێرینەكانم وكەس وكارەئازیزەكانم شاد بووم.

***



لە ڕاستەوە : شەهید/ عبدالرزاق شەهید / شاخەوان هەڤاڵ فاروق عل

# لە قەڵا و منارە وە

- حیدر ئیسماعیل (مامۆستا ڕێبوار) لەساڵی‌بووەتەپێشمەرگەو ئێستاکە پەرلەمانتاروجێگری‌لێپرسراوی‌مەڵبەندی‌ڕێکخستنی‌هەولێره لەدەفتەری بیرەوەرییەکانیدا ڕۆژی1991/3/11بەرۆژێکی پرشنگدار ناودەبات بۆیەدەڵێت: (بەر لەدەستپێکی‌ڕاپەڕین هێزی‌پێشمە رگەی‌کوردستان ئامادەکارییەکی‌تەواوی‌کردبوو، هەرچەندەئەو کاتە عیراق هێزێکی‌گەورەی‌پڕ چەکی‌هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەلایەن ئەمریکاوەلێیدرابوو و نەشیدەتوانی کاربەهێزی ئاسمانی بکات بۆیە پێشبینی‌ئەوەکرابوو کەگۆڕانکاریەکی‌گەورە لەناوچەکەدێتەئاراوە، ئەوەبوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر لەوکاتەوەخۆی‌بۆ ڕاپە ڕین و گۆڕانکارییەکان ئامادەکردبوو، توانی‌چەندین مەفرەزەی‌هێزی پێشمەرگەبەشێوەی‌پارتیزانی‌ڕەوانەی‌ناو شارەکان و دەوروبەری‌شارە کان بکات و کاری‌پارتیزانی‌ئەنجام بدەن و لەهەمانکاتیش ڕێکخستنە نهێنییەکانیش زیاتر خرانەوەگەڕ و بەر لەڕاپەڕینیش چەندین شانەی چەکداری‌سەر بەهێزی‌پێشمەرگەپێکهێنران و لەسەرەتای‌مانگی‌ئازاری ساڵی‌دا ئەو ئاواتەی‌هێزی‌پێشمەرگەو جەماوەری‌خەڵکی‌کوردستان هاتەدی‌وئێمەش ڕۆژی/1991/3بەسەرکردایەتی‌کاك کۆسرەت ڕەسوڵ لەشارۆچکەی پیرمامەوەبەرەو شاری‌هەولێر هاتین و لەبەرەبەیانی‌ڕۆژی/3 توانیمان لەهەمووقۆلێکەوە هێرش بکەینەسەر شاری هەولێر وبە پاڵپشتی...

جەماوەروشانەچەکدارەکانەوەلەماوەیەکی‌کەمداهەولێرپاککرایەوە.

لەڕاپەڕینی هەولێردا ناتوانرێت ئەوەلەیادکەین کەئێزگەی‌گەلی کوردستان هەمیشەو بەتایبەتیش لەڕۆژانی‌ڕاپەڕیندا کاریگەریەکی بەهێزی لەسەر سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین هەبوو، هەروەها یەکگرتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەر لەڕاپەڕین ولەکاتی

ڕاپەڕینیشدا و کۆك بوون لەسەر ئەنجامدانی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس سەرکەوتنی ڕاپەڕینی هەولێر بوو، چونکەماوەیەك بەرلە1991/3/ ئامادەکاری پێویست بۆ ئازاد کردنی شاری هەولێر لەلایەن هێزی پێشمەرگە و جەماوەر و شانەچەکدارەکانەوەکرابوو، ئەوەبوو هێزیپێشمەرگەو جەماوەریشاری هەولێر بەپیاوو ژن و منداڵەوەرووبەڕوویگەورەترین ڕژێمی دیکتاتۆری سەردەم بوونەوەو توانیان لەماوەیەکی کەمدا شاری قەڵاو منارەلەچەنگی بەعسیەکان ڕزگاربکەن

## وەرچەرخانە مێژووییەکە

-ڕێباز بێرکۆتی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی هەولێر ڕاپەڕینی بەهاری بەوەرچەرخانێکیگرنگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیگەلەکەمان دەزانێت وئەم یادەش یادێکی شکۆدارو مەزنەلای ئەو وهەربەگەورەییو مەزنی دەمێنێتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە گەڕاندنەوەی کەرامەت و سەروەری
بۆ کورد و دروستبوونی چەندین دامودەزگایاساییبووە
لەهەرێمی کوردستان.
(لەئەنجامیسەر هەڵدانیڕاپەڕینیتوانیمان قۆناغیخەباتیئەوکاتە لە خەباتی شاخەوە بۆخەباتی شارو حوکمرانیمەدەنی بگوازینەوەو لەم ماوەیەشەوە تا ئێستا توانراوەچەندین دەستکەوتی
گرنگ بەدەستبهێنین و دۆزی ڕەوای گەلەکەشمان زیاتربەرەوپێشەوە بەرین ، بۆیەپاراستنیئەو دەستکەوتانەش کەئێستا بەدیهاتوون
ئەرکێکیسەرەکیهەموو حیزب و لایەنەسیاسیەکانە)ئەو وتی:
ئەزموونی21ساڵەی حوکمرانی ئێستای خەڵکی کوردستان درێژخایە ن ترین ئەزموونی حوکمرانی کوردییە,بگرە هەر لەسەردەمی

دەسەڵاتی ڕاپەڕین و میرنشینە کوردییەکانەوە تائێستا،
بەمەش هیچ لەشۆڕشەکانی کوردهەرلەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نە هریو شۆڕشیشێخ مەحمودینەمرو کۆماریمهابادەوەتەمەنیان وەکو ئەزموونیحوکمرانیئێستای خەڵکیکوردستان درێژ نەبووە، ئەمەش بۆ ڕاپەڕین وبوونییەکریزیوتەباییئێستایمیللەتەکەمان دەگەڕێتەوە، بێرکۆتی دەڵێت: (لەقۆناغیئێستادا دەبێت سەرکردایەتیکوردو حکومەتی هەرێم لەگەڵ هەلومەرجیشەقامیشدا خۆیبگونجێنێت و گوێلەبیروبۆچوون و داخوازیەکانی جەماوەر بگرێت بۆ ئەوەی بزانێت گرفت و داواکاریەکانیان چین وهەوڵ بدرێت هەموو کێشەو گرفتەکانیان بۆچارەسەربکر.) دوای21ساڵ لەئازادی لەسەرئاستی کوردستانیش ئێستادوایساڵ لەخەرمانی ڕاپەڕین، حکومەتیهەرێم توانیویەتی بەسەدان پڕۆژەی ستراتیژیو خزمەتگوزاری لەناوچە جیا جیاکانیهەرێم ئەنجامبدات، بۆیە ڕەوشی ئاوەدانیو خزمە تگوزاریی تائاستێکیزۆرچووەتەپێشەوە،چەندین پڕۆژەی گرنگی وەك تواناسازی لاوان و..
پێدانیسلفەیهاوسەر گیریو خانووبەرەو کشتوکاڵیو پیشەسازی بخرێنەبواریجێبەجێکردنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەمووئە و دەستکەوت و کارو پڕۆژانە پەرەی زیاتریان پێ بدرێت و زیاتر خزمەتی جەماوەریکوردستانیان پێبکرێت و لەهەمان کاتیش پانتایی بواری ئازادی ڕادەربڕین و میدیای ئازاد زیاتر فراوان بکرێت و دەرفەتی تەواو بەهەموو هێزو لایەنەسیاسیەکانیکوردستان بدرێت بۆئەوەیبەشێوەیەکیئازادانەتر مومارەسەیکاریسیاسیخۆیان بکەن.
کاک زاهیرعەبدولرەحمان وەك پێشمەرگەیەکی دێرین لەسنووری خۆشناوەتی، لەساڵی فەرماندەی کەرتی شەهید یوسف دەرگەڵەیی بووە، ماوەیەك بەر لە ڕاپەڕینی ئاداری 1991بە بڕیاری

سەرکردایەتیتوانییان دەستەی سرك،شانەچەکدارەکانی بروسك دروست بکەن وئەم دەستەیەش بەهاوکاری هێزی پێشمەرگە ئەرکی راپەڕین وئازادکردنی شاری هەولێری ودەوروبەری پێ سپێردراوە.
- لەرۆژی1991/3/ بە بڕیاری سەرکردایەتی(ی‌ن ك) بەتایبەتی هەڤاڵان کۆسرەت رەسوڵ و شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی لە شەقڵاوەو کاوانیان پلانێکمان بۆ ئازاد کردنیشاریهەولێر دارشت، بۆئەم مەبەستەئێمەجفرەیەکینەهێنیمان لە کاك کۆسرەت وەرگرت بەناوی لەباوکی رێناسەوەبۆ شانەچەکدارەکانی بروسك لەماوەیەکی نزیکدا زەماوەندبکەن،ئەوەبووشاری هەولێرمان بەسەر4 میحوەردا دابەشکرد، میحوەری ئیسکان یەکێك بوو لەو میحوەرانەی کە خۆم سەرپەرشتیم دەکردو 2 فیرقەی سەربازی گەورەی دوژمنی لێبوو، بەپاڵپشتی هێزی پێشمەرگەوجەماوەر و شانەچەکدارەکانی بروسك توانیمان سەربازگەیرژێم و هەموو هێزەکانیدوژمن لەم ناوچەیە تێکوپێك بشکێنین و دواتریش توانیمان لەماوەیەکیکەمدا هەموو ناو شاریهەولێر لەهێزەکانیرژێم پاکبکەینەوە.)

## لەکاتی ئازادکردنی هەولێردا

-کەمال عومەر لێرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی بەحرکە ئەوکاتە پێشمەرگەبووە و بەسەرپەرشتی شەهید مەلاسلێمان وسالح هەولێری و خولە توانییویان بەبەرنامەیەکی تۆکمەبەماوەیەکی کەم ناوچەکانی سنوری بەرانەتی لەدامو دەزگاکانی رژێم بەعس پاکبکەینەوە ودواتریش بەرەو ئازادکردنی شاری هەولێر پێشڕەوی بکەن تا ئەو کاتەیتوانرا لەرۆژی/3 هەموو شاری هەولێرو دەوروبەری پاکبکرێتەوە، ئەو بۆ ئەم قۆناغەش دەڵێت: (گەشەکردنیئەو دەستکە وتانەو بوونی یەکریزی و تەبایێنێو ماڵی کورد لەکاتی ئێستادا وادە و کات کەئەزموونەکەمان دەستکەوتیتریش بەخۆیەوەببینێت.)

***

# دەوری ژن لەرزگارکردنی هەولێردا

- گەلاوێژ سالح وەك ژنێکیهەڵسوڕاو لەرۆژی 3/11دا لەگەڕەکی ئیسکانیشاری هەولێرتوانیویانەشانبەشانی هێزی پێشمەرگەو جەماوەر رووبەڕوو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیرژێمیئەو کاتەببنەوە، وتی:

(ئێمەی ژنانیش توانیمان لەم رۆژانەدا هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکەین وبەهۆی زۆری ژمارەی بریندارانی راپەڕینی شاری هەولێر توانیمان چەندین بوتڵیخوێن ببەخشین بەبریندارەکان،بۆیە ئەم رۆژە مایەی ئازادی و خۆشبەختی تەواوی خەڵکی کوردستان بوو.)

- نیزاله ساڵح له رۆژی ئازادکردنی شاری هەولێردا وەك ژنێکی پەرستارهاوکاری جەماوەروهێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووەو دەڵێت:

(لەنەخۆشخانەی رزگاری کاری پەرستاریم دەکرد،بەرله دە ستپێکردنیراپەڕینیشاری هەولێر تیمێکیپزیشکی خۆمان بۆ راپەڕین و خزمەتی برینداران ئامادەکردبوودواتر لەرێگەیبانگەوازیئیزگەی دەنگیگەلیکوردستانەوەبۆهاووڵاتیان بەگشتیوپزیشکان بەتایبەتی، منیش یەکێك بووم لەوژنە پەرستارانە کاریچارەسەرو تیمار کردنم بۆ بریندارەکانیراپەڕین دەکردو چەندین بوتڵیخوێنمان بۆ ئەو بریندارانە کۆکردەوە.)

* کوردستانی نوێ/ژ (٥٧٢٤)/ فەتاح حەسەن قەلاتی/11/3/2012

## وەستا سەلام پێشمەرگەی شانەچەکدارەکانی بروسک

لەبیرەوەرییەکدا دەڵێ:

من بەئەرکی سەرشانی خۆم هەڵساوم وەکو هەر کۆردیکی دڵسۆز بۆ نەتەوەکەی، لەم باسکردنامدا مەبەستم ئەوەنییەخۆم دەرخەم یان داوای پاداش بکەم، بەڵام بەداخەوە، پەردە پۆشکردن بەسەرهاتەکانی راپەرینی هەولێر وای لێکردم رووداوەکان و راستییەکان وەکوو خۆی بگێرمەوە..من ناسراوم بەوەستا سەلام لە ساڵی 1991 دا لێپرسراوی شانە چەکدارەکانی برووسک بووم لەهەولیر، هەرئێمە بووین لەگەڵ جەماوەری شاری هەولێردا، هەولیرمان رزگارکرد. ئێمەبووین کە رۆڵی سەرەکیمان بێنیوە لەراپەریندا، ئێمەبووین خەریکیڕێکخستن و سەرپەرشتی کردن وهاندانی ڕاپەرین بووین، شانە چەکدارەکانی برووسکە بناخەی داگیرسانی مەشخەڵی راپەڕێن بوون لەهەولێر. من نازانم بۆهەندی کەس ولایەن خۆیان دەکەنەخاوەنی راپەڕێن، بۆ دەبێیت ناوی ئەندامانی شانەچەکدارەکانی برووسکە لەکوولەکەی تە ڕدا نەهێنرێیت .

من یەکێک بووم لەو کەسانەی کەراپەڕینی رێکخستووە،بەشدارەم تیا کردووە،گرووپەکەمان بەباشی خۆمان ئامادەکردبوو بۆ، چوونکەدە مانزانی لەدایکبوونی راپەرین لەئان وسەعاتدایە..

- ڕۆژی 10 03 1991 یەکەمینچاڵاکی ساربازی گرووپەکەمان بەجێ هێنا.لەگەرەگی تەیرئاوا، بەرامبەر چاخەنەی کوردوعەرەبان گیانی بەرپرسێکی گەورەی دایرەی مەنزوومە کیشاکەناوی رائید قەحتان بوو. هەر ئەو ڕۆژەگرووپەکەمان پەوەندی کرد بەدانیشتوانی هەولیرەوە، توانیمان کۆمەڵی کەسانی دلسۆز کۆکەنەوە، دەمانزانی بەم زوانا دەتەقێتەوەومەبەستی گرووپەکەمان پاراستنی دایرەگشتییە کان بوو وەکووبانق و نفووس و دادگا ،ئێمەدەمانزانی هەورەتریشقەی

راپەڕێن تەخت ەتاراجی ستەم و زوورداری دێنێتەخوارەوەبۆیەئامادە باشیمان بۆ دەکرد.
رۆژی 11 03 1991من لەگەڵ کاک کەمال مەولودو هەندی برادەرو دۆست خۆپیشاندانمان دەستپێکرد، بەهیتاف دان و ووتنی سروودی نیشتیمانیەوەوردەوردەخەڵکمان لێ کۆبوەوە، زووری نەبرد راپەرین سەرانسەری قەڵاو منارەی گرتەوە. لەسەرەتادا نزیکەی 15 کە سبووین و کەپەلاماری دایرەی حەرێقمان دا، چوونکەچەند پۆلیسیکی لێبوو. پۆلیسەکانبێتەقەتەسلیم بوون، ئیتر دوای ئەمەجەماوەر وردە ور دەهاتنەسەر جادە و ئێمەش ئەو چەکانەی کە گرتمان دابەشمانکرد بەسەریانداو بەرەو پارێزگا رۆشتیین. هەوالمان پێگەشت کەدەستەیەک دزوو جەردە و پیاوکووژی زەمانی بەعس خەریکی تالانکردنی بانقی ئارازن. ئێمەش بەپەلەخۆمان گەیاندەئەوی، تەقە دەستی پێکردوشەرە کە (10)دەقیقەی خایاند. ئەوان رایان کرد و ئێمەش، خۆشبەختانە لە کاتی خۆیدا گەیشتین و بانقەکەمان رزگار کرد. مۆدیری بانقەکە هاواری دەکرد و دەیوت، وەرەقەی ماڵبەندی 3یم پییە، لەلایەن کاک کۆسرەتەوە، ئەو ئەمری دەرکردووەکە،کەس نزیکی بانق نەکە ویت.منێش بانقەکەم قفڵ کرد وحیمایەم بۆ دانا. زۆری نەبرد، بە هیتافکێشان بەرەو دایرەی نفووس ڕۆشتین، نزیکەی 300 کەسێک دە بوو، تا دەبوو ژمارەی خۆپیشاندەران بەرەو زیادبوون دەچوو. بێ تەقەدایرەی نفوسمان گرت. لەناودایرەی نفوسدا رائیدێکی کوردمان گرت و بەکەفەلەت ئازادمان کرد. حیمایەمان بۆ داناو بەرەو دادگا رۆشتین.کەگەشتینە نزیکیدادگا چەند دەستریژژێکمان بەسەردا کرا، من خیرا چوومەناو دادگاوەو 2 پۆلیسی تیا بۆ چەکمکردن. بەپێپلیکانە کاندا چوومەنهوومی 2، لەوێش 5 پۆلیس ۆ مفازیکم چەککرد. مفەوە زەکەتۆرکمان بۆ، شانزەخوریکی بەدوویەدەکەوەپێبوو،ئەوەی شایەنی

باسە،هەرچەندەئەم بووکە دەستریژی لی کربوین بەڵام بۆخوابەرەڵام کرد.بەرەوبنکەی پۆلیس رۆشتین،کەبەرامبەری پاریزگای هەولیربوو. بێ کوشتار دەستمان بەسەر بنکەکەدا گرت. پاریزگاری هەولێر بێ تە قەگێرا چوونکەپێشترچۆڵ کرابوولەوکاتەدا هەلیکۆپتەریک بەنزمی بە رەو رووومان هات، منیش یەک مەخزەنی چلخۆرم تیا خاڵیکردەوە وفرۆکەکەخیرا بۆی دەرچوو.دوایی بەرەو مزگەوتی شیخ مستەفا رۆشتین، کە کەوتۆتەنزیکی قەڵاتەوە،هەرکە گەشتینەئەوی بەهاوەن لەسەرقەڵاتەوە هاوەنباران کراین،چەندکەسیک بوونەقوربانی وجە ندکەسیکمان بریندار بوو بریندارو شەهەدەکانمان رەوانەی خەستە خانەی جمهوری کرد... زۆری نەبرد سەرانسەری شاری هەولێر رزگاری بوو،دوای رزگارکردنی هەولێرکۆمەکی پێشمەرگە گەشت قادرخەبات بەرپرسی هێزەکەبوو..

ئەوەی شایەنی باسەئێمە،بێ یارمەتی پێشمەرگە هەولیرمان رزگارکرد. دێتەوەیادم دەمەو عەسربوو بەرەو مەعەسکەری ڕاشکین و کەڵەک بەڕێکەوتین.پێش ئێمە هێزیکی تری پێشمەرگە بە سە رکردایەتی کاک کۆسرەت ومامۆستا چەتۆ و شەهید حەسەن کۆیستانی و شەهید شاخەوان عەباس گەماررووی ماعەسکەرەکەیان دابوو.

دوای بەرنگارییەکی سووک مەعەسکەرەکەخۆی بەدەستەوەدا.

ئەوەی شایەنی باسەئەو کاتەعەلی کیمیاوی لەمەعەسکەرەکەدا بووەوە بەپەلەبەفرۆکەیەک هەڵهات. بەهەزاران چەک و تەقەمەنی، سەیارەی عەسکەری، دەبابەو مودەرەعەکەوتەدەست پێشمەرگەو هاوڵاتیانەوە.

هەر ئەو ئێوارەیە بەرە و کەرکوک رێکەوتین.. .

ئەمەئەو راستیانەیەکەمن زۆر بەدرووستی باسم لێکردوو

دەمەوییت ببیت بەبەشیک لەمێژووی ڕاپەرینی میلەتەکەمان.



**ئۆردوگای بنەسەراوە(قەڵای سەوز)**

بە پێی ئەودەسەڵاتە کە بەرلەراپەڕین لە(قاسمەرەش)بەمن درابوو, لایەنەکانی (بەرەی کوردستانی) م کۆکردەوە،لیژنەیەکم لێ پێکهێنان.
پاش نیوەڕۆ چەند کۆپتەرێك ئۆردوگاکەیان دایەبەر ڕۆکێت لەئەنجامدا (مامۆستا محمد باوەیی) و(مناڵێك) شەهید بوون .
سەعات (4)ی پاش نیوەڕۆ لێپرسراوی میحوەری(5)مامۆستاچەتۆ لەگەڵ کاك ڕێباز هاتنەبارەگا نوێیەکەمان،لە ئۆردوگای بنەسەراوە..
پیرۆزباییان لەجەماوەر و لەئێمەکرد..داوایان کرد کەپەیرەوی بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی بکەن،کە لەڕێگای منەوەپێیان دەگات ..
خودا هەڵناگرێ جەماوەر وشانەچەکدارەکانی بروسك وپێشمەرگە دێرینەکان..هەمووبەدڵسۆزیەوە ئامادەییان دەربڕی،لەوانەی چالاکانە هاوکارییان دەکردم:

1. هەڤاڵ کانەبی عمر(دڵزار)لەحزبی سۆسیالیستی کوردستان
2. شاخەوان حەساری لەحیزبی شیوعی عێراق .
3. مام هادی محمد خورشیدحەساری لەحیزبی شیوعی عێراق .
4 - جلیل حسن حاجی کۆیی –پێشمەرگەی ئەیلول –

دواتر بەبنەماڵەوەخۆیان ڕاگەیان کەبوون بە(یەکێتی) بەداخەوەچەند ڕۆژێك لەوەدوا(قەندیل)ی کوڕی دوای ڕزگاری پردێشەهید بوو, لەسەرداوای (مامۆستا چەتۆ)مۆرێکم دروست کرد, دەستمان بە چالاکی بەرەی کوردستانی کرد: لەوپێشمەرگە دێرینانەی زۆر دڵسۆزانەهاوکاریان کردین بەرێزان (جەلیل صادق ناسراو بە (حاجی هەڵمەت) و (وریاشوانی) و(خولە)ی برای عبدالرزاق وحەمەحە ساری ومەلائەحمەدگۆگجەوهەڵۆقەرەناوی و ستارقەمەری وجەلال دووشیوانی و (وەستاغالب)وحسین ابراهیم عمرهەولێری، مە لاسابیربیرەسپانی،مەلاخدرمیرزا،مستەفاشەوگێری،محمدقادرعلی، کاک حەمەبۆرمامە دەمە، ڕێباز شەوگێری.لەماوەی یەك حەفتەدا (9) کەرت پێشمەرگەم تەشکیل کرد،پڕ چەکم کردن،بەرێم کردن بەرەوهەڤاڵانمان لەپردێ.



## چاک کردنەوەی دەبابەیەک

- کاک محمد ابراهیم خەڵکی گوندی (قادرعەلی)ناوچەی شوان کوڕێکی بەناوی (نیزام) پێشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفال بوو، لە کۆتایی 1988 لە بناری خاڵخاڵان شەهید بووبوو،کاک محمد خۆی وکوره دەستڕەنگینەکانی زۆر دڵسۆزی کوردایەتی بوون، هاتنە بارەگای بەرەی کوردستانی و داوایان کرد ڕەزامەندی نیشان بدەین کەبچن یەک لە تانک(دەبابە) پەککەوتووەکانی نزیک کەسنەزان چاک بکەنەوەو بیخەنەوە خزمەتی (هێزی پێشمەرگەی کوردستان)
خوا هەڵناگرێ لە ماوەی (24) کاتژمێردا لە سەر ئەرکی خۆیان چاکیانکردەوەو هێنایانە بەر بارەگاکەمان..
ئێمەش بۆ دڵنیا بوون لەکارایی تانکەکەبردمانە پشتی (بنەسراوە)و چەند تۆپێکمان پێی تەقاند..
دوای دڵنیا بوون بە نووسراوێک و سوپاسنامەیەکمانەوە لەرۆژی 1991/3/17ناردمان بۆ قوشتەپە، دوای وەرگرتنی لەلایەن کاک کۆسرەت و بە وەرگرتنی نووسراێکەوە گەڕایەوەبارەگای بنە سراوە..



## راپەرینی ئۆروگای دارەتوو

هەرهەمان رۆژ ١٩٩١/٣/١١ دوا بە دوای رزگار بوونی بنەسەراوە ئاوارەکانی کەرکوک وقەڵادزێ خەڵکیئۆردوگای (دارەتوو) راپەرین و پەلاماری بنکەی پۆلیس وبارەگای ئەمنیان دا،دوای شەرێکی دەستە و یاخە پێشمەرگەی دێرینی تیپی ٢١ کەرکوک(لقمان کریم محمد) ناسراوبە (وریا)و دووکەس خەڵکی سنووری هەولێر بەناوەکانی (شکور)و (شازاد) شەهیدبوون ...

پێشمەرگەی دێرینی تیپی ٢١کەرکوک (نەبەز عبدالرحمن عبدالمجید)

کەئێستا کادیری مەڵبەندی٢ی رێکخستنی کەرکوکە بریندداربوو...

لە بەرانبەردا ٣ کەس لە ئەمن وپۆلیسەکان کوژران و ٦ کەسیش بەدیل گیران..



**ڕاپێچ و بەبارمتەگرتنی هەزاران کورد**
**لە کەرکوک و دەوروبەری**

- هێشتاباهۆزی ڕاپەڕین نەگەیشتبووەسنووری پارێزگای کەرکوك، کاربەدەستانی ڕژێم کەوتنەدارشتنی بەرنامەی تایبەتی بۆ پارێزگاری کردنی و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی.. بۆئەو مەبەستەبڕیاریان دابوو خەڵکێکی زۆر بەبارمتەبگرن .. گوایەبەوکارەیان گوایەدەتوانن کەرکوك لەبازنەکەدەرکەن....

- شەوی9و10و11ی ئازاری1991بەهۆی هێزەکانی سوپاو(مشترکە) چواردەوری هەمووگەڕەکە کوردنشینەکانی(کە رکوك) و (دووبز )یان گەمارۆ دا.یەهەزاران کەسیان لەپیرولاولە شیرین خەوهەڵساندوراپێچی زیندانیان کردن. بۆرۆژانی دواتر هە رهەموویان گواستەوەبۆ تکریت و ڕمادی، بەشێوەی سەردەمی ئەنفال هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردبوون...

لەچەندهۆڵ(قاعە)ی گەورە گەورەدا دەرگاکانیان لێکلۆم و(لحیم) کردبوون..

# هەڵوێستی سەید حمدان

لەدووبز یش ..کەسەدان کوردیان ڕاپێچ دابوو،لەنێویاندا کەسایەتی ئاینی شارەکە (سیدحمدان سید مرعی)یش بەرکەوتبوو،دوای چەند ڕۆژئەوجا زانیبوویان،ئیتر چەند لێپرسراوێك چووبوون بۆلای،داوای لێبووردنیان لێکردبوو، پێیان گوتبوو: ببوورە! تۆمان بەهەڵەگرتووە، نەمانزانی بووتۆلەساداتی(نعیم)وبەقەومیە عەرەبی، فەرموو ئامادەبە.. ئازاد دەکەین.

بەڵام ئەو بەهەڵوێستێکی جوامێرانە..وەڵامی دابوونەوە:

(ڕاستەمن سەیدم، سەیدەکان بەچەند پشتێك دەبنەوە بەعەرەب.

بەڵام دەبێ ئەو ڕاستی باش بزانن کەمن گۆشت و ئێسقانی باوك خاوخێزانم..

بەنان وئاووهەوای کوردستان دروستبووە،چۆن خۆم لەوان جیا دەکەمەوە؟

ئیمە ژن وژنخوازی وخزمایەتی کەوتۆتەنێوانمان...

ئەوان میللەتێکی بێگوناح وخوا پەرستن..

وەڵلا وەڵلا..گەر لێرە زیندە بەچاڵمان بکەن ..

خۆم لەوان جیا ناکەمەوە..

گەرئەوان لە برسا مردن..دەبا منیش لەگەڵ ئەواندا بمرم.

ئەگەرخوا ئەوان ئازاد بکات منیش لەگەڵ ئەوان ئازاد دەبم...)

ئیتر لە گەلیان مایەوە .. هەتا هەموو پێکەوەئازاد کران.

***



## شایەتحاڵێك چیرۆکی ڕەشبگیرییەکەی (1991)ی عەلی حەسەن مەجید لەکەرکوك دەگێڕێتەوە *

یەکێك لەو کارەساتانەی بەسەرخەڵکی کەرکوکداهاتووەوتائێستا وەکو پێویست باس نەکراوەو مافی خۆی پێنەدراوەو بەرەو لەبیرچوونەوە دەچێت، ئەو ڕەشبگیرییەیە کە لە(1991/3/10) واتە دە ڕۆژ بەر لەرزگارکردنی کەرکوك،بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید ئەمنیداری نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعسی هەڵوەشاوە ئەنجامدرا، کەمەبەست لێی ڕێگرتن بوو لە ڕاپەڕینی کوردانی کەرکوك.بە جلی نوستنەوە دەستگیر دەکران بەئامانجی ئاشنابوون بەچەند چیرۆکێکی نێو ئەو هەڵمەتە ڕەشبگیرییەو بەدیکۆمێنتکردنی ڕووداوەکە کەلەچەندرووویەکەوە هاوشێوەی ئەنفالە، بەباشمان زانی لەزاری چەند شایەتحاڵێکی نێو ڕووداوەکەوە بەچەند ئەڵقەیەك تیشك بخەینەسەر ئەو مەرگەساتە.

لە یەکەم ئەڵقەداشەهاب محەمەدعوسمان کە لە سەرەتای هەڵمەتەکەدا دەستیگرکرا بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە. ناوبراو لەدایکبووی

(1963)ی کەرکوکەودەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری یەو حاڵی حازرکە ئەندازیارەو لەشاری کەرکوك دەژی.

***لەچ رۆژێکدا دەستیگرکرایت،**

**ئەوکات چ کارەبووی وبۆچی دەستیگرکرایت؟**

- لەبەرەبەیانی رۆژی(1991/3/10) لەکاتێکدا خۆم ئامادە دەکرد بچم بۆ ئەو یەکەیەی لێی سەربازبووم (سریە دووەمی دامەزراوە سەربەخۆکان)، گوێم لەدەنگێکی نامۆ بوو لەدوورەوە دەهات و تا دەهات نزیك دەبووەوە تاکو بەڕوونی لێی تیگەیشتم کە بەفەرمانی عەلی حەسەن مەجید هاتوچۆ قەدەغەکراوەو تەقە لەهەر کەسێك دەکرێت کەئەو فەرمانە پێشێل بکات، منیش لەبەرئەوەی سەربازبووم بەپایسکیلەکەم بەرەو سەربازگەکەم کەوتمەڕێ و گوێم بەبڕیارەکە نەدا، کاتێك گەیشتمە سەر کۆلانەکەمان لەگەڕەکی عاشوور،دوو جامانە سوور کەدەمووچاویان هەڵپێچرابوو بەتوڕەییەوە وتیان ئەوە گوێت لەو هەموو دەنگە نیە کەلەهێلیکۆپتەرەکانەوە دێن و دەڵێن هاتوچۆ قەدەغەیە؟ منیش وتم دەچم بۆ دەوام و ئەگەر نەچم غایب دەدرێم،وتیان کێشە نیە، دواترخۆمان دەتگەیەنینە یەکە سەربازییەکەت، بەلام عەلی حەسەن مەجید بۆ روونکردنەوەی ئەم بارگرژییەی ئێستای کەرکوك و بۆ پاراستنی و سەلامەتی هاوولاتیان وتارێك پێشکەش دەکات لەرێکخراوی قەلا،تەنها پێنچ خولەك دەخایەنێت و دەتگەیەنینەوە یەکە سەربازییەکەی خۆت، بەلام دەبێت پاسکیلەکەت ببەیتەوە بۆ ماڵ، منیش کەگەیشتمەوە ماڵ هەندێ پێداگریم کرد بەهیوای ئەوەی خۆم دوابخەم و نەچمە ژێرباریانەوە،بەلام دوانیان هاتن و دایانمە پێش، لەرێگاش کاتێ سەیری دەوروبەری خۆم کرد بینیم زۆرێك لەهاوڕێ ودراوسێکانمان بەجلوبەرگی نووستنەوە بەرەولای ئەوپاسانە دەبرێن کەبۆ

گواستنەوەی ئێمە تەرخانکرا بوو. هۆکاری دەستیگر کردنەکەیشمان تەنها ئەوە بوو ئێمە کورد بووین و ترسی ئەوەیان هەبوو پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە بکەین و بەشداریی لەرزگارکردنی کەرکوکدا بکەین.

*** لەسەرەتاوە بۆ کوێ بران و ژمارەتان چەند بوو؟**

-بریادنین بۆ سەربازگەی تۆبزاوە، بەلام حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، لەناو کەرکوکدا کەلەپردی تەبەقچەلی(خەباتی ئێستا)وە تێپەڕبووین بینیمان هەڵمەتی دەستیگرکردنەکە تەنها گەڕەکەکانی ئەمبەری گرتووەتەوە واتە گەڕەکە کوردنیشەکان، کەچی ئەوبەری پردەکە جووڵەو بازاڕ ئاسایی بوو.

سەعات(10)ی پێشنیوەڕۆ گەیشتینە سەربازگەی تۆبزاوە.

*بارودۆختان لەزیندانی تۆبزاوەدا چۆن بوو؟ خواردنتان، خەوتنتان، **چۆن رەفتارتان لەگەڵ دەکرا؟**

- کەگەیشتینە کەمپی تۆبزاوە کردیانینە هۆڵی(84)ی سەربازییەوە کەبەعەرەبی پێی دەوترا(قاعە منام 84 جندی)تراژیدیاو نائومێدییەکان لەوێوە دەستیانپێکرد، سەدان گەنج و پیرو مێردمنداڵ دەبینرا کەتەنانەت جێگەی دانیشتنیشمان نەبوو لەبەر زۆری ژمارەمان، دەنگە دەنگێکی نائاسایی هەبوو کەکەس لەکەس تێنەدەگەیشت، لەپەنجەرەکانەوە تەماشای دەرەوەمان دەکرد پەیتا پەیتا خەڵکی تریان دەهێناو بەپاڵەپەستۆ دەیانکردنە قاعەکانەوە.

***لەنێو قاعەکاندا هیچ شوێنەوار،**

**یان یاداشتێکی ئەنفالکراوەکانتان دەبینی؟**

-بەڵێ، لەسەر دیوارەکانی قاعەکە یاداشتێکی زۆر بەزمانی کوردی نووسراوبوو کەرستەی نائومێدی و رەشبینی ئامێزیان تێدابوو و مێژووەکانیان دەگەڕایەوە بۆ سالانی 1987 - 1988 کەدەکاتە

سەردەمی شالاوی بەدناوی ئەنفالەکان، بۆ نموونە ئەم یاداشتانەم لەبیر ماوە (ئای دنیای بێ وەفا)،
(بەرخی نێر بۆ سەربڕینە)، (ئای لەبرسێتی) هەندێ یاداشتی دیکەیش بۆ خۆشەویستی نووسرابوون.

***بەلام وەلامی ئەوەت نەدایەوە، کەخواردن و خەوتنتان چۆن بوو؟**

-ئاوی خواردنەوەمان زۆر کەم و پیس بوو، بەشی ئەو هەموو خەڵکەی نەدەکرد، ئەگەریش داوای ئاوات لەپاسەوانەکان بکردبایە، ئەوا لەچەند گۆلێکی دەوروبەری قاعەکە ئاویان دەهێنا کەباراناو بوو و تێکەڵ بەمیزی زیندانییەکان بوو، چونکە لەدەرگای پشتەوە دەچوونە دەرەوەی قاعەکە بۆ دەست بەئاو گەیاندن و پاشان پاشەڕۆکان تێکەڵ بەباراناو دەبوو کەزۆر جار بۆ خورادنەوە بەکاریان دەهێنا. خراپی خواردنیش ئەوە هەر لەباسکردن نایەت، لەکاتی خەوتنیشدا شەوانە قسەکردن قەدەغە بوو، لەبەرئەوەی زۆربەی دەستیگرکراوەکان سەربازبوون، بۆیە پۆستاڵەکانمان وەکو سەرین بەکار دەهێنا، یەکێك لەو بیرەوەرییانەی کە لەبیرم ناچێت ئەوەیە پیاوێکمان لەگەڵ بوو خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم بوو ناوی(ئیسماعیل حەمە گەوهەر) بوو کەزۆر پاك و خاوێن بوو، کەئەو رەوشەی دەبینی تووشی شۆك هاتبوو، دانەدەنیشت، زۆربەی کاتەکان هەر بەپێوە راوەستابوو و خەیاڵی دەڕۆیشت، چونکە ئەوەی دەیبینی رەنگە هەرگیزلەخەویشدا نەیبینیبێت و بیریشی لێ نەکردبێتەوە .

***چەند رۆژ لە تۆبزاوە مانەوەو چۆن لەوێ گواسترانەوە؟**

- پاشنیوەڕۆی رۆژی سێیەم جموجۆڵێکی سەیرکەوتە سەربازگە کەوەو پاسێکی زۆر لە دەورەبەری قاعەکان کۆبوونەوە، هەندێك دەیانووت دەمانبەن بۆ بەغدا یان موسڵ یان تکریت، هەندێکی تر گەشبین بوون، وایان دەزانی ئازادمان دەکەم، تا کات گەیشتە ئێوارەی 3/13 هەموومان کراینە نێو پاسەکانەوە و بەڕێی خراین.

***هیچ کەسێکتان لێ َ ئازاد نەکرا؟**

-بەڵێ َ چەند پیاوێکی پیرو ژمارەیەك منداڵ ئازادکران، لەبیرمە یەکێك کەقورئان خوێن بوو بەیەکێك لەبەعسیەکانی وت لەبیرت نییە کە لەپرسەکەی باوکتدا من قورئانم دەخوێند؟ بۆیە ئەویش هاوکاریکردو سەرەنجام ئازاد بوو.

***بۆکوێ َ گواسترانەوە؟ دەکرێت بەکورتی باسی گواستنەوەکەمان بۆبکەیت؟**

-پێش سەرکەوتنمان بۆ پاسەکان بەکامێرای ڤیدیۆ وێنەیان دەگرتین، لەنێو پاسەکەدا بێ ئومێدیی و ماتەمینییەکی زۆر دایگرتین؟ چونکە بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان دەبرین، لەپاسەکاندا چەند کەسێك باسیان لەهەڵهاتن دەکرد، بەلام هیچیان بۆ نەکرا،کاتێك تاریکی داهات لەگەڵ رەتڵێك لەموسەلەحەی پاسەوان و چەند ئوتۆمبێلێکی بچوکی مۆدێل تازەو دوای نیو سەعات لەدەرچوون لەکەسێکی تەنیشت خۆم پرسی ئێرە کوێیە؟ دیاربوو ئەو شارەزای ناوچەکە بوو وتی رێگەی عەباسیەی سەر بەقەزای حەویجەیە، پاسەکان زۆر لەسەرخۆیان دەرۆیشتن و هەریەکەیان(2-3) پاسەوانیان لەگەڵدا بوو. شەوێکی دەرنگ گەیشتنە بنکەی مەشقی تکریت، لەوێ َ هەندی سەمونی سەربازییان بۆ هێنان، بەلام زۆر سەرمامان بوو، بۆیە یەکێك لەزیندانییەکان پۆستاڵێکی دۆزییەوەو ئاگری تێبەرداو ژمارەیەکمان لەدەوری ئاگرەکە کۆبووینەوەو کەمێك گەرم بووینەوە، بەلام بەیانی

کەخۆرهەلاتء سەیری دەموچاوی یەکترمان دەکرد پێکەنینمان بەیەکتر دەهات، چونکە دەموچاومان رەش ببوو و وەکو ئەوە وابوو لە(گوڵخان)ی حەمام کارمان کردبێت.

***لەسەربازگەی تکریت بارودۆختان چۆن بوو؟ چەند رۆژ مانەوە؟ ئاگاتان لەهەواڵەکانی دەرەوەی سەربازگەکەهەبوو کەکەرکوك ئازاد کرا؟**

-ئەو قاعە گەورەیەی کەشەو کردینیانە نێوییەوە هیچ دیوارو حەسارێکی نەبوو،کەرۆژبووەوە بردینیانە بینایەك لەسەربازگەی تکریت کەزیاتر لەخوێندنگا دەچوو، لەوێ چەند کەسێك تووشی سکچوون بوون و یەکێك کەناوی (ئازاد) بوو گیانی لەدەستدا کەزۆر خەمباری کردین، رەمەزان بوو ئەوانەی بەرۆژوو بووین خواردنی نیوەڕۆمان بۆ بانگی شێوان هەڵدەگرت، من دوو سەد دینارم پێبوو ناوبەناو حانوتیان دەهێناو خورمام دەکڕی کەزۆر خواردنێکی خۆش و گرنگ بوو بۆ ئەوکاتە، رۆژانە لەسەعات (8-9) دەریاندەکردینە دەرەوە، رۆژێکیان فڕۆکەیەك بەئاسمانەوە بوو،یەکێك لەپاسەوانەکان وتی دڵتان خۆش نەبێت، راستە ئەوە فڕۆکەی هاوپەیمانانە، بەلام هیچیان بۆ ناکرێت.

دەردەکراینەحەوشەی سەربازگەکەنەدەبوسەرمان بەرزبکەینەوە, بەڵکو دەبوو هەمیشە سەیری زەوی بکەین، کاتێکش بۆچەند چرکەیەك سەرمان بەرزبکردبایەتەوە، جنێوی زۆر ناشیرینیان پێدەداین و سووکایەتیمان پێدەکرا.

سێ رۆژی یەکەم لەکەمپی تکریت، لەرێی چەند پاسەوانێکەوە کەخەڵکی کەرکوك بوون و یەکێکیان دانیشتووی گەڕەکی ئیمام قاسم بوو، وردە وردە هەواڵی کەرکوك و راپەڕین و وەزعی حکومەت و شتی ترمان دەبیست، بەلام پاش ماوەیەك ئەو پاسەوانانە لەوێ نەمان.

***کەی گواسترانەوە بۆ ڕومادی و بیرۆکەی هەڵهاتن و ڕفاندنی پاسەکتان چۆن لادروست بوو؟**

-لە(25-3)وە باس لەوە دەکرا کە بۆ ڕومادی-مان دەگوێزنەوە، ترسمان لێنیشت، بەرەبەیانی1991/3/28 لەدەنگە دەنگی وەستانی پاسەکان هەڵساین، هەمووومان کراینە پاسەکانەوە، پاسەکەی ئێمە(50) کەسی تێدابوو ئەفسەرێك و سێ چەکداریش وەکو پاسەوان لەگەڵمان بوون، لەبەرئەوەی ڕەفیق حزبی نەبوون، بەڵکو تەنها سەربازبوون، ڕەفتاریان لەگەڵمان باشبوو، دەوروبەری سەعات(11) بوو لەبەر زۆری ژمارەی دەستگیراوەکان و پاسەکان،پاسەکەی ئێمە لەدەرەوەی پرسگەی سەربازگەکە وەستابوو چاوەڕێی ئامادەبوونی پاسەکانی ترمان دەکردو پاسەوانەکانمان دابەزیبوون لەوکاتەدا هاوکاری شۆفێری پاسەکەی ئێمە کە لەو کوردانە بوو لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ ڕومادی دورخرابووەوە، هاتە لامان وتی کاکە ئێوەیش بەدەردی ئەنفالکراوەکان دەچن، ئەوانیش هەمان ڕەفتاری ئێوەیان لەگەڵدا کراو پاشان لەناوبران، بۆیە من لەرێگا ئوتۆمبێلەکە پەکدەخەم و بوارتان بۆ دەرەخسێنم رابکەن و خۆتان بۆ ئەو مەبەستە پلانێك دابڕێژن. سەرەتا ئێمە بڕوامان پێی نەکرد، بەلام لەرێگا ئوتۆمبێلەکەی خاوکردەوەو وەستا، کاتێکش پاسەوان و ئوتۆمبێلەکانی تر لەدەورمان کۆبوونەوە، پێی وتن ئێوە بڕۆن پاسەکەمان خەلەلێکی بچوکی تێدایەو هەرئێستا چاکیدەکەین و بەڕێدەکەوین، ئیدی ئێمە ورەمان بەرز بووەو پاسەکانی تر ڕۆیشتن، بەلام لەبەرئەوەی هیچ پلانێکمان نەبوو، هیچمان بۆ نەکرا، بۆیە کوردە دڵسۆزەکە سەرکەوتەوەء زۆر لێمان تووڕەبوو و هەندێك جنێویشیی پێداین.

***چۆن پرۆسەی ڕفاندنی پاسەکتان ئەنجامداو**
**هەستان بەچی دەکرد کاتێك لەوشوێنەدوورەدا قەتیس مابوون؟**

-دەبێت هێما بۆ ئەوەبکەم کەخاوەنی پاسەکە عەرەبێکی پیری دشداشە لەبەربوو، ئەو بەکەمی پاسەکەی لێدەخوڕی زیاتر کوردەکە لێی دەخوڕی، پێیووتین من ئۆتۆمبێلەکە خاودەکەمەوەو ئێوەش لەدەرگاکەی تەنیشتەوە یەکە یەکە خۆتان فڕی بدەنە خواردوە.راستیەکەی لەبەرئەوەی لەسامەڕاوە دەرچووبووین بەرەو رومادی بواری خۆرزگارکردن زۆر کەم بوو، بۆیە من لەگەڵ بیرۆکەی رفاندنی پاسەکە نەبووم، لەرێگا چەندین کاروانی تانك و زرێپوش و تۆپخانەمان دەبینی کەحەرەسی جمهورییان بەجلی رەشەوە لەگەڵدابوو.وەك باسمکرد من پێموابوو سەرکەوتوونابین لەخۆرزگارکردن، هەندێکیش دەیانووت ئێمە هەر دەمرین باهەوڵێك بدەین بەڵکو توانیمان رابکەین،بۆیە بڕیاردرا پاسەکەبڕفێنین ووشەی نهێنی (یاالله جەماعەت) دیاریکرا بۆ دەستپێکردنی پرۆسەکەء سەرپەرشتیاری پڕۆسەکەیش (عومەر) ناوێك بوو،کەخەڵکی قەلادزیَ بوو رۆژی رەشبیگیرییەکە لەماڵی دراوسێیەکمان بوو لەگەڕەکی ئیمام قاسم.لەگەڵ وتنەوەی وشەی نهێنی هێرشکرایە سەر ئەفسەرو سەربازەکان و دەستبەجیَ چەك کران و دەستیان بەسترایەوە.لەدوای دەستبەسەراگرتنی پاسەکە لەنێو زیندانیاندا بیروڕای جۆراوجۆر هەبوون سەبارەت بەوەی بۆ کویَ بچێن، هەندێك وایان بەباش دەزانی بەرەوبەغدا بڕوێن چۆنکە وەك دەڵێن(بەغداوەك دەریایە)و بەئاسانی ناماندۆزنەوە، بەلام لەو ناوچە هەستیارە دوورەدەستەدا هەستمان بەشڵەژان دەکرد، چونکە دەمانزانی ئاسان نییە لەو هەموو بازگانە دەربازبین، بەهەرحاڵ گەڕاینەوە بۆ سامەڕا لە دەروازەی شارۆچکەکە بازگەیەك هەبوو کەپێی گەیشتین کەسێك بەجلی سەربازییەوە سەرکەوتە ناو پاسەکەو لێی پرسین لە کوێوە هاتوون،یەکێك لە هاوڕێکانمان وتی: لە باشورەوە، لەوکاتەدا شوفێرە

عەرەبەکە وتی ئەمانە موعارەزەن، کابرای سەربازیش سەری سوڕمابوو زۆربەمان جلوبەرگی سەربازیمان لەبەردابوو و ریشمان درێژبوو، بەپاڵەپەستۆ سەربازەکەیان فرێدایە خوارەوەو پاسەکەمان بۆی دەرچوو پاش چەند دەقەیەك سەیری دواوەمان کرد بینیمان چەندین ئوتۆمبێلی جۆراوجۆر دوامان کەوتوون.

***چەند کەستان لەنزیك بازگەکە هەڵهاتن؟**

-وادەزانم پێنج کەس رایان کرد. لەکاتی رفاندنی پاسەکەدا لەڕێگە بەدوو وەجبە زۆربەی زیندانییەکان خۆیان فڕێدایە خوارەوەو من و چوار کەسی تر ماینەوە و بڕیارماندا بەرەو خورماتوو بڕوێن و پاشان بەرەو چەمچەماڵ.

***ئەی شوفێرە کوردەکە کەیارمەتێدان چی بەسەرهات؟**

-راستییەکەی نازانم تەنها ئەوەندە ئەزانم لەپاسەکەدا نەمابوو، لێرەشەوەهەزاران سلاوی بۆ دەنێرم بەڕاستی کەسێکی دڵسۆزوکورد پەروەردە بوو و ئامادەبوو لەپێناو ئێمەدا قوربانی بەگیانی خۆی بدات.

***دواتر چیتان کرد؟**

-کەبینیمان ئەو هەموو ئوتۆمبێلە بەدوامانەوە بوون گەیشتینە ئەو باوەڕەی کەباشتروایە لەپاسەکە دابەزین، دەبێت ئەوەیش بڵێم تائەو کاتەیش ئەفسەرو سەربازەکان بەدەست بەستراوەیی لەپاسەکەدا بوون، کەدابەزین ونزیکەی دووسەد مەترێك دوورکەوتینەوە چەند دەستدرێژێك تەقەمان لێکرا، دواتر زانیمان ئەفسەرو سەربازەکان دەستیان کردووەتەوەو بەچەکەکانی خۆیان کەهەر لەپاسەکەدا بوون تەقەیان لێدەکردین و لەئەنجامدا (جەبار رەشید)کەیەکێك بوو لەزیندانییەکان بریندار بوو، هەر چۆنێك بوو گەیشتنە نزیك مەلەوییەکەی سامەڕا، بەلام خەڵکێکی زورمان لیَ کۆبووەوەو هەرچەندە ئێمە وتمان ئێمە سەربازینء موعارەزە راومان دەنێن،

بەلام هەر گومانیان هەبوو، پاشان بەربوونە گیانمان و زۆریان لێداین، بیرم چوو باسی ئەوە بکەم هێلیکۆپتەریش هەستاو زۆری نەمابوو بەدۆشکە تەقەمان لێبکەن و بمانکوژن.

***دوای دەستگیرکردنەوەتان چۆن رەفتارتان لەگەڵدا دەکرا؟**

-کەدەستگیرکراینەوە بردیانین بۆ بنکەی قەلاچۆکردنی تاوانی سامەڕا، لەوێش بەجۆرەها شێوە ئەشکەنجە دەدراین، سەرەتا بردیانینە بەردەم کونێکی زیندانەکەوە چەند کەسێکی دڕندە ئاسا قژدرێژو نینۆك درێژی تێدابوو کەسەریان دەگرتینء زۆر ئازاریان دەدەیان و بەنینۆکە درێژەکانیان دەموچاویان بریندارەدەکردین.

دوای یەك سەعات لەچوونە ژوورەوەی زیندانەکە ژمارەمان گەیشتە (50) کەس هەریەکەو لەشوێنێك دەستگیرکرابوون، لەناو خانووە چوڵەکان، سەرتاشخانەکان، ئوتێل، مزگەوت و بازارەکاندا دەستگیرکرابوونەوە، تا سەعات (10)ی شەو هەر حیسابی موعارەزەمان بۆ دەکرا، بەلام دوای لێکۆڵینەوە ڕاستیەکانیان بۆ دەرکەوت، بەلام بەردەوام ئازارێکی دەروونی زۆریان دەداین، کەوشە ناتوانێت مافی خۆی بداتیَ.

***هیچ کەسێك لە زیندانییەکان دەربازیان بوو یان هەمووتان دەستگیرکرانەوە؟**

-دووکەس توانیان ڕزگاریان بێت، بەلام ئەوانەی تر هەموویان دەستگیرکرانەوە، بۆ ڕۆژی دووەم کاربەدەستانی زیندانی سامەڕا ناویان تۆمارکردینء وتیان ناوەکانتان دەنێرین بۆ سەرکردایەتی و سەرۆك سەدام دڵی گەورەیەو میهرەبانەو رەنگە لێتان خۆش بێت.

دواترش پاسیان هێنا بۆ گواستنەوەمان و وتیان سەرۆك لێتان خۆش بووە بۆیە لەکاتی سەرکەوتنمان بۆ پاسەکان لەخۆشیاندا تەواوی زیندانییەکان دروشمی(بالروح بالدم نفدیك یاێدام) یان دەوتەوە،

کاتێکیش بردیانین بۆ بنکەی مەشقی ناوچەکە، فەرماندەی مەوقیعی سەلاحەدین خۆی لەپێشوازیماندا بوون،بەلام چۆن پێشوازییەك، دارێکی گەورەی بەدەستەوە بوو تا هێزی تێدابوو هەریەکەء دارێکی دەدا بەپشت وسەرماندا، بەهەرحاڵ ئازارێکی زۆر دراین،دواتربۆمان دەرکەوت ئەوانە ئەوئەفسەرو سەربازانە بوون کەبەهۆی راکردنی ئێمەوە سزا درابوون،بۆیە تۆڵەی خۆیان دەکردەوە .

***کەی گەیشتنە سەربازگەی رومادی؟**

-رۆژی 1991/4/3 بەرەو زیندانی رومادی بەڕێکراین، لەویَ ئەوانەی لەپاسە رفێندراوەکەدا بوون وەکو سزاو تۆڵە کردنەوەیەك دەبووایە جلی سەرەوەیان لەبەر نەکردبایە، هەروەها کاتێك بەنێو رومادیدا تێپەڕ بووین خەڵکی شارەکە بەهێما هەڕەشەی کوشتن و سەربڕینیان لیَ دەکردین، لەزیندانیشدا ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدراین بەهەرحاڵ پاش دوو رۆژ سزای لەبەرنەگردنی جلی سەرەوەیان لەسەر لابردین .

***بینینی زیندانیانی کوەیت چۆن بوو؟**

**بەڵگە چی بوو کەکوەیتیین؟**

-راستییەکەی کاربەدەستانی زیندانەکە زۆر بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ زیندانیان کوەیتدا دەکردو هەوڵیان دەدا هیچ کەسێك نەیانبینیَ، بەلام من رۆژێك چەند کەسێکیانم بینی دشداشەیان لەبەردابوو و سەرەیان بۆ خواردن گرتبوو هەروەها پاشماوەی خواردن و جل و بەرگەکانیان دەریدەخست کەکوەیتین، پاشان من دشداشەیەکی ئەوانم لەبەرکرد کەدیار بوو کوەیتییە.

***لە زیندانی رومادی ئاگاتان لە دەرەوە هەبوو؟**

-بەڵیَ لەرێی رادێویەکی قیسارەی بچوکەوە کەبەنهێنی لای یەکێك لەزیندانیەکانەوە بوو ئاگامان لەزۆربەی رووداوەکان بوو، هەرچەندە

رادێوکە کێشەی پاتری هەبوو، خاوەنەکەی ناچار بوو چەندین جار بەدان پاترییەکە بقۆپێنێتەوە، پاشتریش لەرێی گۆڤاری ئەلف باوە کەیەکێك لەزیندانیەکان لەپاسەوانێکی وەرگرتبوو، زانیمان وتووێژ لەنێوان بەرەی کوردستانی وحکومەتی عێراقدا هەیە.

***کەی و چۆن ئازاد کران؟**

-رۆژی 1991/4/20 چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەموومان کردو پرسیاری ئەوەیان دەکرد دەتانەوێت بچن بۆ کوێ هەولێر یان سلێمانی؟ لەدوای ئەو چاوپێکەوتنە بەرەبەرە رەفتاری پاسەوانەکان لەگەڵمان باشتر دەبوو.

یەکەم وەجبەی زیندانیەکان لەقوشتەپە ئازادکران، ئێمەیش لە 1991/5/7 بەلۆری بەرەو ئینزباتخانەی کەرکوك براین و من لە 1991/5/8 رادەستی یەکە سەربازییەکەم کراو بەو شێوەیە لەمردن حەتمی رزگارم بوو.

* سایتی کوردستانی نوێ/چاوپێکەوتن/ فەریق حەبیب/ کەرکوك8/7/2011

## راپەڕین...
## لە بیرەوەری نووسەرانی کەرکوک دا



### رۆژنامەنووس (داناعەسکەر) :

دوای ئەوەی لەبەهاری ساڵی 1991 تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوخەڵکی کوردستان ئازادکرا، تەنها شوێنێك بۆمانەوەی هێزەکانی بەعس شاری کەرکوك بوو،لەم سەرو بەندەدا بەعس کەوتەپەلەقاژەی مەرگ و کوێرانەکەوتەراوە دوونان و گرتنی خەڵکی کورد لەم شارەدا ، سەرەتا لە گەرەکەکانی شوریجەو ئێمام قاسم و ئیسکانەوەدەستیپێکرد و دەیان گەنجی لەو گەرەکانەدەستگیرکردو بەرەو تۆپزاواو لەوێیەوەبەرەو تکرێت راپێچیانی کرد،بەدەستگیرکردنی گەنجانی ئەو گەرەکانەگەنجانی رەحیماواوتەپەوعەرەفەوئەڵماس وشوێنەکانی ترتووشی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی بوون ، ئەم دۆخەبەشێوەیەك لەناو خەڵك رەنگیدایەوە

کەئیتر تەنانەت بۆ چرکەیەکیش ئارامی لەم شارەدا نەما ، کاتی تەماشای ڕووخساری دایکان و خوشکانمان دەکرد هێندەی تر بارمان قورس دەبوو ، هەموو چرکەیەك بیرمان لەوەدەکردەوەکەئیتر تەواو دەبێ‌خۆمان بۆ دەستگیرکردن ئامادەبکەین و تەنانەت جلی زۆریشمان لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی لەکاتی لێداندا و ئەشکەنجەداندا بەرگەی لێدان بگرین ، ئەوەی ئەو ڕۆژگارانەی نەبینیبێت نازانی بەعس یانی چی ، بەعس لەسەر سفرەو خوانەکانیشمدابوونی هەبوو ، بەعس لەخەونە کانیشماندا پاڵەوانی یەکەم بوو ، بەعس مۆتەکەیەکی خەتەرناکبوو ، بەعس ، بەعس ، هەمیشەبەعس لەهەناسەدانیشماندا جلی زەیتوونی و پۆستاڵەکان زرمەیان دەهات،جێدەستی بەعس بەهەموو شوێنێکی دەرگاکانمانەوەهەبوو،بەعس لەسەرکۆڵان وپیاسەکانمادا بوونی هەبوو لەچرپەچرپ و بێدەنگیماندا هەمیشەبەعس ،هەمیشە8 شووبات و 7 ی نیسان و چی و چی بوونی هەبوو ، بەعس لەترپەی پێیەکانم، بە عس لەهەناسەدانمان،بەعس لەپێکەنینەکانمان وهەموو شتێك بۆبەعس وهیچ بۆ ئێمە، من وهەردوو هاوڕێیانم جبار عوبید و کاروان ئەحمەد کەسیَ‌ڕەفیقی منالّیی گەڕەکی ڕەحیماوا و یەك کۆڵان بووین،بڕیارماندا بەرهەرشێوەیەك بێت خۆمان نەدەین بەدەستەوە ،دوای ئەوەی گەڕەکەکانی ئەوبەرحەمەلەی گرتنی گەنجانی تیاکرا، بڕیارماندا خۆمان بگەیەنینەئەوبەر ، سەرلەئێوارەی ڕۆژێك لەو ڕۆژەشوومانەخۆمان گەیاندەدەم خاسە، کەرکوك بۆنی خوێنی لێدە هات کەلەخاسەپەڕینەوەلەناوئاوەکەتووشی خوشکەکانی ئاری بابان بووین بیرم نەماوە ئەگەر براکانیان دەستگیرکرابوون یانا بەڵام کە ئێمەیان بینی ڕێیان لێگرتین و وتیان بۆ خاتری خوا بۆ کویَ‌دەڕۆن جاریکی تر دینەوەبۆ ئێرەو دەتانگرن ، ئێمەچارمان نەبوو دەبوو هەر بڕۆین ، ئەو شەوەلەماڵی خزمێکی کاك جبار لەئیمام قاسمماینەوە، ئە

وماڵەو حەملەیەدا کۆرێکیان دەستگیرکرابوو لەگەڵ ئەوەدا لە زۆربەی گەرەکەکانەوەخەڵك روویکردبووە ئەو ماڵەوە، هەرگیرز قارەمانێتی و دڵگەورەیی ئەو ژنەکوردەم بیرناچێتەوە، بەیانی دوای ئەوەی نانی بەیانیمان هەر لەو ماڵەبگەرێنەوەبەرەو رەحیماوا ، کۆڵان بەکۆڵان خۆمان گەیاندەوەماڵەوە، برسیمانەخێرا،ئیتر نەمزانی چۆن خواردن ئامادەکرا،هەر ئەوەنەمان خۆش بوو دەستمان کرد بۆ خواردن ، یەکسەر لەدەرەوەبوو بەهەرا ، هاتن هاتن ، هەرئەوەنەمان پێکرا پێڵاوەکانمان لەپێکرد و هەڵاتین بەرەو خاسە، کاتژمێر 6 ئیتر هاتووچۆ قەدەغەیە، کاتژمێر 5 پەرینەوەبەرەو ئیمام قاسم ئەمجارە بریارماندا نەچینەوەهەمان ماڵ هەۆرچەندەئەو ژنەقارەمانەپێیوتبووین ئەمشەویش وەرنەوە،ئەوئێوەرەیەنەچووینەوە ئەوماڵەوچوینەماڵێکی تر ، کەچوینەژوورەوەژنەکەوکۆرێکی لەماڵ بوون یەکسەر رەنگیان تێك چووکورەکە هەرلەشوێنی خۆی هەڵنەستا، ژنەکەوتی بەخوا لەوانەیە ئەمشەو دیسان بێنەوەبۆ ئێرە، ئێمەتێگەیشتین ئەوان دەترسن و ناهە قیشیان نەبوو ، سێکەس لەماڵەکەیان بگرێت هەرچەند ناسیاویشیان بێت زۆر قورسە، ئێمەیەکسەر دەرچووین و بەرەو خاسەملمان نا، کات تادێت لەکورتی دەدات،هێدی هێدی بەترسەوە بەرەو رەحیماوا ملمانا ، ئێمەبەرەو پردەکەی قازی دەهاتین ، لەنزێك سەرچنار بووبە تەقەو لەدوورەوەئۆتۆمبێلی ئەمنەکانمان بینی کۆمەڵێك گەنجی سەرگە ردانی وەك ئێمەیان راودەدنا،ئێمەگەیشتینەسەر جادەی بەرانبەر بە نزینخانە ی تەپە، لەشەقامەکەپەرینەوەو ناچاربووین بەرەو فلکەی ئیخوان بۆ ماڵی خوشکەکەم برۆین ، خۆمان گەیاندەماڵی خوشکەکەم ئەوانیش وەزعیان باش نەبوو زاواکەمان بۆ دەربازبوون لەو دۆزە خەی بەعس بۆ شوێنێکی تر رۆیشتبوو، ئەو شەوەلەوێ ماینەوە، بە یانی ئاراسی خوشکەزام لەخەو هەڵیساندم و تی خاڵەهەڵسەدەنگی

سیارەدێت ، وتم کات چەندەوتی هەشت و چارەك ، وتم نا تازەدەرە نگەباوەرناکەم بێن ئەوان فێرن لەبەرەبەیاندا دەدەنەسەرمان ، خە وتمەوە، پاش کەمێکی دی هاتەوەوتی هەڵسەهاتن ، کاتێ‌تەماشام کرد هەموو کووچەو کۆڵانەکانیان گرتووەو ماڵ بەماڵ دەگەرێن ، بە هاورێکانمان وت برادەران تەواو ئێمەگیراین،ئەو ماڵەی تەنیشت ماڵی خوشکەکەم ژێرزەمینێکیان هەبوو هەرسێ‌کورەکەی خۆیان و هە ردوو خوشکەزاکەی من لەوژێرزەمینەخۆیان حەشاردا، ژێرزەمینەکە لەوەزیاتر کەسی تری ناگرت ، ناچار دەستەویەخەخۆمان بۆ دە ستگیرکردن ئامادەکرد ، لەدەرگادرا ، لەدەرگادان لەم کاتەدا واتە رۆح کێشان و رۆیشتن بەرەو دۆزەخی بەعس ، خوشکەکەم چوو بۆ دەرگا ماوەیەکی پێچوو کەهاتەوەوتی ئەوەحاجی ئەمنەی دراوسێمانە هاتووەدەڵێ‌بزانەئەو ماڵەشوێنێك بۆ کورەکەی منیش ناکاتەوەلەو ژێر زەمینە، ئەو تبووی تەنها جێی 5 کەسی لێدەبێتەوەحاجی گیان ئەوەتا من براکەم و دووهاورێی تری لەژوورەوەن ، پاش کەمێکی تر جارێکی تر لەدەرگادرایەوە،ئەمجارەش حاجی ئەمنەبوو،ئەو ژنەش ناهەقی نەبوو ئەو دۆخەهەموو تیکی لەبیربردبۆوە، جاری سێیەم دیسان لەدەرگادرا ، خوشکەکەم وتی بەخوا حاجی ئەمنەسەرمان دە کات بەقورا ، ئەمجاریان ئەو رۆیشت بۆ دەرگاکەو منیش لەپەنجەرە کەوەتەماشام دەکرد ، لەپر جلی زەیتوونیم بینی هاتەژوورەوە، وتم برادەران تەواو گیراین ، کاروان ویستی بەرەو سەربان هەڵبێت وتم نەکەی تەقەت لێدەکەن و پشتەوەش گیراوە، لەبەر دەرگا ئەو ئە فسەرە بەخوشکەکەمی وتبوو،کەس لەماڵەوەهەیە، خوشکەکەمیش وتبووی ئەرەوەڵا سێ میوانمان هەیە، ئەفسەرەکەوتبووی خێرا پێڵاوە کانیان بشارەوە، کەهاتەژوورەوەملازم خالید عبدالرزاق ملازمی ئەوە ل بوو خەڵکی رەحیماوابوو پێشتردەمناسی،کەئێمەی بینی وتی چیدەکە

ن لێره؟ وتم ماڵی خوشکەمە، وتی پێشمەرگەی لێنیە، وتم نەخێر ، وتی مەترسن نایەڵم دەستگیر بکرێن ، ئیتر بەخوشکەکەمی وت هە ندی چای و نان و ماست بهێنەبەردەرگا و پۆلیس و جیش شەعبییە کانی بانگ کرد نان وچایان خوارد تا کاتژمێر 12 ی نیوەرۆ ملازم خالید بەر دەرگای ماڵی خوشکەکەمی بەرنەدا و بواری نەدا کەس بێتەژوورەوە، ئەو هەڵوێستەی ملازم خالید کەئێستا عقیدەلەبەرێوەبە رایەتی پۆلیسی کەرکوك هەرگیز لەبیر ناکرێت و ئەو نەبوایەئێستا ئێمەئیسکیشمان نەمابوو چونکەئێمەهیچ موستەمسەکێکمان پێنەبوو لە کاتێکدا بەعس فەرمانبەریشی دەگرت ، ئەم ڕووداوەبۆ مێژوو دە گێرمەوەو لەو دۆخەدا دەیان و سەدان لەو جۆرەی تێدابوو ، ئێمەتا شەوی 19 لەسەر 20 لەکەرکوك ماینەوەتا ئەو کاتەی کاتژمێر 4 ی بەیانی یەکەم مەفرەزەی تیپی 21 ی کەرکوك هاتنەناو رەحیماواوەو شەرو پێکداداں دەستی پێکرد، هەرلێرەوەسوپاسی زۆرم بۆ ئەو هە ڵوێستەجوامێرانەیەی ملازم خالیدعبدالرزاق کەبەراستی ئەو رۆحە زیندوەبوەمایەی مانەوە ی ئێمەودەیانی تر لەناو کەرکوك.

# بەشی شەشەم



## ڕاپەڕینی کفری

**لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی حەمەی مالییەدا**

- خەڵکی کفری زۆربەی لەو بڕوایەدا نەبوون کەحکومەتی بەعس بە م هەموو هێزەوەبەم ئاسانییەدەست لەشارێك هەڵگرێ کەساڵەحوکمی تێدادەکات،خەڵکی لەماڵەکانی خۆیانەوە سەرەتاتکێیان دەکرد بڕوایان نەدەکردحکومەتی تێدا نەمابێت، چونکەماوەی تەقەکردنەکان سێ چارە کی نەخایاند، ئەمەش بۆ خەڵکی کفری ئاسایی بوو، چونکەجاری واهەبوو حکومەت بەبێهۆ ئەوەندەتەقەی دەکرد لەترسی پێشمەرگە، لەدوای ئەوەجەماوەروردەوردەهاتن بۆ لامان و دەستیان کردبەتەقە کردن و هەلهەلە لێدان.
یەکەم کەس کەبینیم ئەوکاتە نەمدەناسی ئەبو کاروانی حزبی شیوعی عیراقی بوو دواتر مامەرەزای دراوسێمان بوو بەهوتاف لێدانەوە چووە سەربانی مونەزەمەی حزبی بەعسی کفریی و 3 جار،وتی: الله اکبر . زاڵم نەما، خوایەتەفروتونایان بکەیت و هەتا ماون نەگەڕێنەوە. بەهۆی ئەو هەڵوێستەوەلە کۆڕەوەکەدا ماڵەکەیان هەمووی تاڵانکرا لەلایەن عەرەبەکانی خوار کفرییەوە.دواتر ئەوەی دەهات چەکمان دە دایەو جەماوەرمان چەکدارکرد بۆ پارێزگاریکردن لەو سەرکەوتنەمە زنەی بەدەسمانهێنا، ئیتر بوو بەرۆژی حەشر و خۆشی و شادی بە تایبەت لەنێو خەڵکی چەوساوەو کەسوکاری پێشمەرگەو شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان کەبەتەقەی خۆشی و پیرۆزبایکردن لە ئێمەولەخۆیان ئەو سەرکەوتنەیان پیرۆز دەکرد، بەلای منەوە خۆشترین رۆژی ژیانم بوو کەنەمدەزانی چۆنی دەرببرم. بە ڕاستی رۆژێکی مێژوویی بوو بۆ هێزی پێشمەرگەو خەڵکی بەشەرە فی کوردستان بەگشتی و خەڵکی کفری تەعریبکراوو شاری قوربانی و مەنزڵی کوردایەتی بەتایبەتی ئەو بەیانییەخۆشترین بەیانی بوو لە ژیانمدا. هێشتا خەڵکی کفری بەتەواوی نەیاندەزانی کەکفری تەواو پاککراوە تەوە یان نا، من و نەوزاد کەریم فارس سواری سەیارەیە کی کرۆنای لەبەعسی بەجێماو بووین و وتم، بابچین سەردانی ماڵی خۆمان بکەین، چونکەدایکم نەیدەزانی چیمان بەسەرهاتووە، من سە یارەکەم لێدەخوری و گەیشتینەبەر دەرگا و دابەزین کەس لەکۆلانە

کاندا نەبوو بەتایبەت ماڵی ئێمەدەترسان بێنەدەرەوە، چونکەماڵی پێشمە رگەدیاربوو هیچ هەواڵێکیشیان نەبوو کەلەدەرگامدا کەس نەیکردە وەدواتر لە دەرگامدا، وتم، دایەخۆمانین...

بیکەرەوە، ئەوسا کردییەوەباوەشی پیاماندا کرد و وتی، ئەمەئێوەن خوا بمکات بەقوربانتان.ئەمشەو من نەخەوتووم.دڵم لەلاتان بوو، ئە وسا وتی، بۆیەدەرگاکەمان نەکردەوەیەکەمجار ئێمەوامانزانی کەئەوە پیاوەکانی رژێمەو هاتونەتەگیانی ئێمەو بۆ دەسگیرکردنمان، دواتر وتی: بۆیەدواکەوتین، کاتێك ئێوەلە دەرگاتاندا ئازادی برات رایکردە ماڵەکەی پشتمانەوە دواترسەردانی ماڵ کاك نەوزاد یشمان کردو دە ستمانکرد بەگەڕان بەناو شاردا وەك جەژنەپیرۆزەو خەڵکی چکلێتی بەسەرماندا هەڵدەدا و هەلهەلەی لێدەدا، بەڵام زۆری پێنەچوو کۆپتە رەکانی رژێم پەیدابوون و دەستیان کرد بەبۆردومانی کوێرانەی ناو کفری و بەبێ دەست پاراستن.بەمشێوەیە شاری کفری رزگارکرا کە بۆ هەتاهەتایەلەمێژووی رزگاریخوازی کوردا دەدرەوشێتەوەونەوە دوای نەوەشانازی پێوەدەکەن.

دوای ئەم سەرکەوتنەمەزنانەکەوتمەخەمی چۆنێتی ئیدارەدان وپارێزگاریکردن لەم دەستکەوتەمەزنە، چونکەشەهید حەمەڕەش نزیك نیوەڕۆ، وتی، تۆ و عەلی سوور لێرەبمێننەوەو ئاگاتان لێرەبێت، بۆی هەیەحکومەت هێرشتان بکاتەسەر، زۆرم هەوڵدا کەلەگەڵی بڕۆم، بە ڵام رازی نەبوو، وتی: ئێرەبەلای منەوەگرنگترە، بۆیەئێوەپارێزگاری لەکفری بکەن، منیش هەستم بە مەسئولیەتێکی قورس دەکرد بەتایبەت زۆر کەم پێشمەرگەی دێرینی لێبوو، بەڵام چەکدار زۆر بوو، ئەو چەکدارانە رێکنەخرابوون و ئامادەنەکرابوون بۆ شەڕی پێشمەرگانەو ئیلتیزامکردن بەفەرمان و دابەشکردنیان بەسەرتەواوی کفری و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کفری چ لەناوەوەو چ لەدەرەوەی کفری، ئیتر سەرقاڵی پاراستن و بەرگریکردن بووم لەکفری تا چۆڵکردنی

بەتەواوی دوای داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستان لەلایەن رژێمە وە

لەرۆژی 13ی ئادارەوەتا 4/5 هێرشی رژێم بەپاڵپشتی هێزەکانی موجاهدینی خەڵقی ئێران بەهەموو جۆرەچەکێکی قورس و سووکەو دەیان دەبابەو راجیمەو تۆپ و دۆشکا بەردەوام بوو تا شەوی کشانەوەلەکفری بەتەواوەتی 1991/4/6-5 ئێمەلە شەڕدا بووین وە ك جەبهەبەبێئەوەی بتوانن یەك بستێ لەخاکی کفری داگیربکەن کە نزیکەی یەك مانگی خایاند، شایانی باسەکەمن هەموو ئەو ماوەیەلە کفری دوور نەکەوتمەوە، جگەلەیەك رۆژ نەبێت چووم بۆ کەلار بۆ سەردانی ماڵی مامەکانم، ئەو رۆژەدەبابەی موجاهیدین هاتەناو کەلار و لەبەردەسوور پشتی کەلاریان گرت،بەڵام بەهۆی پەلاماری پێشمە رگەوەنەخشەکەیان سەرکەوتوو نەبوو، ناچاربوون کەبەناو کەلاردا بگەڕێنەوە، دوای دووسەعات گەمارۆدانیان، بەڵام ئەمجارەدەر نە چوون و لەنزیك محەتەی کارەبا لای قەڵای شێروانەهەموو دەبابەو ناقیلەکانیان سووتێنران و سەرنشینەکانیشیان کوژران کە بەداخەوە چەندین هاوولاتی و پێشمەگە بوونە قوربانی لەو پێناوەدا.

# بەشی حەوتەم



# راپەڕینی خورماتوو

**رۆژنامەنووس (عومەر ئاوارە)**
**لە راپۆرتێکیدا نووسیبووی:**

- ئەو ساڵە کە تێدا خەڵکی شاری خورماتوو بە هاوشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان مانگی ئاداریان کردە مانگی ئازادی وتێدا زەماوەندی ڕاپەڕینییان دژ بە ڕژێمی بەعسی لەناوچوو گێڕاو, وەکوشارەکانی دیکەی هەرێم بەرگی ئازادی پۆشی. خورماتوو کە بە بڕیاری ژمارە 41ی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو ساڵی 1976 لە پارێزگای کەرکوک دابڕاو لکێندرا بە پارێزگای سەڵاحەدینەوە بۆ ئەوەی ئەو شارە بۆنی کوردایەتی تێدا نەمێنێ وبکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەو ڕژێمەوە ، لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی حکومەتی بەعسدا جگە لە ماڵ وێرانی وکاولکاری زیاتر هیچی دیکەی بە خۆوە نەبینی، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ئاسۆکانی گەشەپێدان بەدەرکەوتن لەو شارەو دەستی یارمەتی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە گەیشتە ئەو شارەو تەپ وتۆزی چەند ساڵەی داگیرکردن وکاولکاری لە سەر ڕوومەتی ڕاماڵی وچەندین پڕۆژەی گرنگی بۆ ئەنجامدا..

ئیبراهیم سەعید، یەکێکە لەو کەسانەی کە لەو ڕۆژەدا وەکو هاوڵاتیانی دیکەی ئەو شارە بەشداری کردووە لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و رزگارکردنی شاری خورماتوو لە چنگی ڕژێمی بەعس ، سەبارەت بەو یادە وئەو ڕۆژانەی کە شاری خورماتووش هاوچەشنی شارەکانی دیکەی کوردستان تارای ئازادی پۆشی ، وتی:-لە مانگی ئاداری ساڵی 1991 کە ناوی لێنرا مانگی ڕاپەڕین وڕزگارکردنی شارەکانی هەرێمی کوردستان تادەگاتەدەروازەی کوردستان حەمرینی خۆشەویست، خورماتووش وەکودەستە خوشکەکانی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕاپەڕی وڕژێمی

بەعسی دەربەدەرکرد وتارای ئازادی وسەرکەوتنی پۆشی، دیارە پێش ڕاپەڕینی شارەکە بە چەند ڕۆژێک پیاوانی ڕژێم ترس ودڵەڕاوکێی نشتبووە هەناویان ونەیاندەزانی چیبکەن،چونکە دەیانزانی خەڵکی شارەکە لەوپەڕی ئامادەباشیدان بۆ ڕاپەڕین دژیان، ناچاربوون دەست بە گرتنی هەندێک هاوڵاتی بکەن وقەدەغەکردنی هاتچوو، بەڵام هێزی میللەت لەهێزی ئەوان بە هێزتربوو وگوێیان نەدا بە هیچ پیلانێکی ئەو ڕژێمە، بۆیە بڕیاریاندا بەڕووی دام ودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمداڕاپەڕن وشارەکەلە چنگی ڕژێم ڕزگاربکەن

هەروەها ئیبراهیم وتی:-( 11)ڕۆژشارەکە بە دەست هێزی پێشمەرگەو جەماوەری ڕاپەڕیوودا بوو کە ڕژێم بە توپی دوورە هاوێژ وهێرشی سەربازییەوە لە هەوڵی گرتنەوەی شارەکە بوو کە تێدا هێزەکانی زیاتر لە (10)جار تێک شکان، بەداخەوە کە لەو هێرشانەدا کۆمەڵێک پێشمەرگەو هاوڵاتی شەهید وبریندارببوون....

یەکێکی دیکە لەوانەی کە بەشداری ڕاپەڕینەکەی شاری خورماتووی کردوبوو (قادر محەمەد)ە، ئەو سەبارەت بەو ڕۆژەو ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس دژ بە هاوڵاتیانی ئەو شارە وتی:- دیارە شاری خورماتووش لە چەشنی شارەکانی دیکەی کوردستان، لەو پەڕی ئامادە باشیدابوو بۆ ڕاپەڕین وهەڵمەت بردنە سەر دام ودەزگاکانی ڕژێمی بەعسی ئەفلەقی، تا ئەو ساتەی کە چەخماخەی ڕابەڕین وبارانی ڕزگارکردن شارەکەی گردەوەو بە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەڵکەکە هەریەکەو لە ماڵی خۆیەوە وەک بروسکە ئازا دەرپەڕی و دەستی کرد بە ڕوە بەعسی وڕاپەڕین وپاککردنەوەی شارەکە لە تاوانباران وپیاوانی ڕژێمی بەعس کە زۆربەیان پێش چەند کاتژمێرێک بەر لە ڕاپەڕینی ئەو شارە هەڵهاتن وبەرەو پارێزگای تکریت ڕایانکرد....

قادر، ئاماژەی بەوەدا گە ڕژێم لە دوای هەڵهاتنی لە شاری خورماتوو، چەندەها هێرشی کردە سەر شارەکە بە هاوکاری هێزەکانی (موجاهیدین خەلق)ی ئێرانی وبە پاڵەپشتیی فڕۆکەوتانک، لە گەڵ هەر پەلاماردانێکدا هێزی پێشمەرگەو هاوڵاتیان دەهاتنە دەست لێیان وبە دەیان سەربازیان لێدەکوژرا، ئەو وتی:- خەڵکی شاری خورماتوو داستانێکی (11) ڕۆژیان بۆ مێژوو تۆمارکرد کە هەموو ساڵێک لە گەڵ یادکردنەوەی ساڵ ڕۆژی ڕاپەڕین باس دەکرێت،داستانێک دەتوانم بڵێم کە قارەمانێتی وئازایەتی وخۆڕاگرێتی خەڵکی شارەکەی بەرامبەر هێزەکەی دوژمنی بەعس سەلماند کە تێدا پۆلێک لە پێشمەرگە قارەمانەکان تێدا شەهید بوون، ئەویش بۆخۆی باشترین بەڵگەی ساڵماندنی ئەم شارەیە وەکو شارێکی کوردستانی....

11 ڕۆژ قارەمانێتی وخۆڕاگری خەڵکی شاری خورماتووو تۆمارکردنی گەورەترین داستانی سەردەم بە خوێنی 360شەهید و بریندار لە پێشمەرگەو هاوڵاتییان، ئەوەندە بەسە بۆ ئەم شارە کە تاکو ئێستاش ناحەزان ونەیارانی میللەتی کورددژایەتی دەکەن و وەکو شارێکی عێراقی عەربی ژێرڕکێفی خۆیان تەماشا دەکەن.

## ڕاپەرینەکەی بەهاری(1991)و
## ڕۆڵی شاری خورماتوو

دیارەراپەرینەکەی ئاژاری ساڵی 1991 بەیەکێك لەهەرەگەورە ڕووداوەگرنگەکانی گۆرەپانی سیاسی ومێژووی دەناسرێت،وە حوکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی ئەو راپەرینەیە، وبەشداری کردنی خەڵکی شاری خورماتوو لەو راپەرینەدا پێویست بەوەدەکات زۆربەی ئەو کەسانەی ماونەتەوەلەژیاندان و شایەتحاڵی ئەو راستیەن بۆ باس کردن لەسەر ئەو ڕووداوەمێژوویە، ئەو راپەرینەی کەبەیەك دەست لەرژێمی بەعسی دا ئەویش تێکەل بوونی پێشمەرگەوشانەچە

کدارەکانی (نهێنی) ناو شار کەسەر بەرێکخستنەکانی ناو شار لەگەڵ جەماوەردا بۆ لیدانی دامودەزگاکانی بەعس لەو شارەدا، لەدوای رزگار کردنی شاری کفری لەبەرواری 1991/3/10 بەسەرپەرشتی شەهید (حەمەرەش)دواتر ئەو هێزەی کەشاری کفری رزگارکرد بەرەو شاری خورماتوو بەرێکەوتن و پەیوەندیان کرد بە مەفرەزەکە ی (کاك عوسمانی حاجی محمود) کەسەر پەرشتیاری قۆلی دووز خورماتووی دەکرد ولەکات ژمێر (3) عەسر لەو رۆژەدا چەکدارە کان و پێشمەرگەقارەمانەکانی شاخ لەگەڵ رێکخستنەنهێنیەکانی ناو شاردا تێکەڵ بوون و لەگەڵ خەڵکی چەوساوەی شاری دووز خورماتوو بەدەستی بەعس ودار ودەستەکەی هەڵسان بەلێدانی نیشانە کانی دامودەزگەکانی درندەی بەعس هەر لە(ئەمن و مقر حزب و ئیستخبارات) نەیان توانی بەرگری لەخۆیان بکەن بۆیەکۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان دەدا بەدەستەوە. وەهیچ شتێکی تر نەما تەنها چیاکانی حەمرین نەبێت کەسنووری سروشتی کوردەکەچەندین ساڵەخەبات لەپێناویا دە کات.بەڵام لەبارودۆخێکی کتوپڕدا کەروویدا بۆ دواخستنی هێزەکان بەرەو چیای حەمرین وەلەوێشەوەبەرەو بەغدای پایتەخت.وەئەو کۆسپەی دروست بوو لەبەردەم ئەو هێزەدا هۆکاری هێزەبەکرێ گیراوەکانی (مجاهدی خلق) ئیران بوو کەبارەگایەکیان لەنەوجول بوو لەباکوری رۆژئاوای شارەکەوەدوای رزگار کردنی شارەکەئەوسە ربازگەیەی کەلیی بوون بەجێیان هێڵاو بەرەو باشوری بەغداد بە رێکەوتن لە سەر شەقامی سەرەکی کەدەکەوێتەناوەراستی شارەوەکە زانیان شار رزگار کراوە نوێنەریەکیان لەخۆیان نارد بۆ لای هێزی پێشمەرگەوتیان ئێمەهیچ حەقمان نیەبەسەر ئێوەوە بەس ئەوەنە داواکاریمان هەیەرێگامان بۆ بکەنەوەبۆ ئەوەی بگەینەسەربازگەکە مان کەلە(عظیم) ە کەنزیك شاروچکەی خالێەوەدوای ئەوەی کەوە

ڵامیان ورگرد بۆ ئەو مەبەستەرێگایان پێ درا لەدووز دەرچون بێ ئە وەی هیچ کەسێك دەستیان لێ بوەشێنێت وەدوای پەرینەوەیان لەپردەکە ی (ئاوەسپی)هەڵسان بەتۆپ بارانی خەڵکی شارەکەبەگولەهاون بە هەموو جۆرەچەکێك وەلەناحیەی سلیمان بێگ نیشتەجێ بوون. دور لەوەی کەمەبەستیان رۆیشتن بێ بۆ شوێنی خۆیان لەعزێم. وای کرد رژێمی بەعس بتوانێ سەر لەنوی هێزەکانی خۆی دووبارەکۆبکاتەوە. لەبەر چەند هۆیەکی ستراتیجی ئەم شارەو خۆبەستنەوەی لەگەڵ چەند شەقامێکی سەرەکی کەدەییەستێت بەخۆیەوەوەکو رێگای خوشکەر بەرەو تکریت ئەمەلەرووانە گەیەکەوەوەلەرووێکی ترەوەرێگای بە غداد وەرژێمی بەعس هەستا بەپەلەهێزێکی گەورەدروست بکات وە ئەوهێزەبدات بەدەستی گۆربەگۆر(بارق حاج حنطە)کەرژێمی بەعس دەیان جار نیشانەی ئازایەتی پێ بەخشیوەوەبۆ ئەو هەموو کارە چالاکانەئەنجامی داوەبەڵام دوای ئەوەی حونتەئەم شەرەی دواییەلەگە ڵ خەڵکی شاری دووز خورماتوو کەتێیدا دۆرا بەدەستی راستی خۆی و وەبەدەمانچەکەی خۆی کەدەیان جار نیشانی ئازایەتی کرد بەباڵایدا لەکۆتایدا هەر خۆی کوشتی دوای ئەوەدکتاتور کوری مامی خۆی(علی حسن المجید)کەناسراوە بە " عەلی کیمیاوی" بۆ خۆ ئامادە کردن وناردنی بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو شەرە لەسنووری شاری کەرکوکدا لەرێگای فرۆکەیەکی هەلیکۆپتەرەوەلەدوای ئەوەی شاری کەرکوك رزگار کرا لەرۆژی نەوروزدا

لەبەرواری (1991/3/21)

لەم شەرەدا کەتێیدا بەعس بەهەموو قورسای خۆی بەشدار بوو وەلە گەڵ موجاهیدی خلق بەرامبەر هێزی پێشمەرگەو خەڵکی بەشەرەف و قارەمانی شاری کەرکوك بۆ ماوەی (9) رۆژ شەر لەنێوان خەڵکی شار و هێزی بەعسدا بەردەوام بوو، دەیان کەسی بێتاوان بوون بە

قوربانی وشەهید بوون لەپێناو خاکی کوردستاندا. وەبەدەیان ئامێری جەنگیان سووتاند لەوانەزرێپۆش و تانك وەلەم شەرەدا کەلەپێنج قۆڵە وەدەستی پێکرد وەدەیان پێشمەرگەی شۆرشگێروقارەمانبوون بە قوربانی لەسەروی هەموویانەوە(شەهیدحمەرەش)ئەندامی فەرماندەیی هێز  یپ ێشمەرگەی کوردستان، شەهید سوڵتان حەمید، صالح محەمە د حسین (کاکە)، نادر مەجید جوامیر،ئەحمەدزەرداوی، شوکر قە ڵایی، ئازاد رەشید، رمزی حسین، کمال سابیر قازی، کەریم خلیل..) ولەو شەرەدا نزیکەی (390) کەسی بێ تاوان شەهید بوون  لەناویاندا منداڵ و گەورەوبچووك بەهۆی ئەو تۆپ بارانەکوێرانەکەئاراستەی ناو شاریان دەکرد لەفرۆکەخانەی "حلیوە"کەنزیکەی(15) کلم لە خۆرئاوای شارەکەوەیە.

وهەستان بەدابەشکردنی شاربۆ پێنج قۆڵ بۆبەرگری  بەم شێوەیە:-

1- عوسمان حاجی محمود کەبووبەلێپرسراوی سەرکردەی گشتی هێزەکەلەدوای شەهید بوونی (شەهید حمەرەش).

2- ڕێگای تکریت کەدەکەوێتەخۆرئاوای شارەکەوە

بەسەر  پەرشتی تەیب برای شەهید (سوارە).

3- ڕێگای بەغداد لەباشوری شارەکەوەبەسەر پەرشتی شەهید مەجید دووزی وجەبار مەلا عەلی.

4- قۆڵی مەشروعەکەلە سایلۆکەوەبەسەر پەرشتی (حەمەئەخە).

5- ڕێگای کەرکوك کەدەکەوێتەباکوری شارەکەوەبەسەر پەرشتی (مەلا سەعید ئەحمەد) جێگری پێشووی پارێزگاری کەرکوك بووە.

6- قۆڵی چیای(هەنجیرە) ...

پەرشتی (ملازم عباس و حەمەدووزی).

7- قۆڵی خوێکەبەسەر بەرشتی شەهید (سوڵتان حەمید).

ئەو هێزانەی حکومەت کەدابەش کرابوون بۆ لێدانی شارەکە لەم هێزانە پێك هاتبوون (لیواکانی 65، 62،68 لەهێزی تایبەت، لیوای مغاویر دوو کەسەر بەفەیلقی دووە، هێزی بارق، تەشکیلەی سیف القائد، یەکەی سەربازی سەرکردایەتی سێ پاسەوانی سنوور، تەشکیلاتی جیش الشعبی و جاشەخۆفرۆشەکانی کورد)

**بروانە کتێبی:**

(شعلەالانتفاضە فی محرقە مدینە طوز– عثمان حاجی محمود) بەشی راگەیاندنی بەمەڵبەندی(3)ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان).

* قەیس قەرەداخی/خورماتوو/ماڵپەڕی حەمرین

# برینداربوون و شەهیدبوونی حەمەڕەش

بەڕێز (حەمەی مالییە)هەندێ زانیاری وردی سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەرمیان و ڕزگارکردنی خورماتوو و بەبریندار بوون و شەهیدبوونی حەمەڕەش بەم شێوەیە بڵاوکردۆتەوە:

-عەسرێکی درەنگ گەیشتینە(دەربەن تالەی)خۆرئاوای کفری کە کم لەشارەوەدورە،لەوێوەبەدوربین سەیری ناو شاری کفریمان دە کردو پێش خۆرئاوابوون کەوتینەڕێ بۆخواری کفری کەمەوعیدمان لەگەڵ برادەران لەنێوان کاریزو کفری لەژێر تاقەدارێکدا هەبوو کەتە نها 50م لەجادەی کفری- بەغداوەدوور بوو، پاش دووسەعات گە یشتینەشوێنەکەبەووریاییەوەلەدارەکەنزیك بووینەوە، دنیا کشومات بوو، وەك ئەوەی شارخۆی بۆ نوسینی مێژوویەکی پرشنگدار ئامادە کردبێت، پاش کەمتر لەچارەکسەعاتێك، کۆستەرێك لەشارەوەبەرەو خوار بۆوەبەرەوکارێز، دواتر گەڕایەوە لەئاستی ئێمەوەستا، کەسیکی دابەزاندو بەرەو لای ئێمەهات، ئێمەیش بەورياييەوەچاودێريمان دە کردن، دوای چەند فیکەیەك وەکو ئیشارەت زەلامەکەهات بۆ لامان،سەيرمان کرد کاك ابوعەلی-یە، پاش ئەوەکاك مەجید ڕەباتی-ش کەهاوکاری ئەبو عەلی بوو هات بۆلامان کەهەندێك خواردنیشی بۆ هێنابووین، پاش گفتوگۆیەکی نیوسەعاتی و نانخواردن کەپەتاتەی سورەوەکراو بوو، وامدەزانی گۆشتی سورەوەکراوە، چونکەهەم تاريك بوو هەم ئێمەئەوەندەخواردنی باشمان نەخواردبو،بۆیەلێمان ببوەگۆشت،بەڕاستی بەلەزەت بوو.پاش ئەوەشەهید حەمەرەش وتی: بابڕۆينەوەو بەرنامەمان وادەبێت بۆ سبەی شەو دێينەوەناو شارو سە رلەبەیانی ڕۆژی 10ی مانگ زەماوەند دەکەین، من وتم: شێخە بۆچی بگەڕێینەوە؟ بابچین بۆ ناو شار وهەواڵ بنێرين بۆ برادەران سبەی شەو بێن لەناو شاریەکبگرینەوە، شەهید حەمەرەش وتی: باشە، بەڵام لەکوێ بمێنینەوە؟ وتم ئەچین بۆماڵی ئێمە، وتی:

کەواتەباشەبەڵام باپرس بەکاك ئەبوعەلی بکەین، ئەویش وتی: هیچ مەترسیەکی نییە.

## خانوەکەی حاتەمیش سوتا

لێرەدا دەمەوێت دەوری کاك ئەبوعەلی زیاتربنرخێنم،چونکە ئە وگوێی نەدابەوهەموو مەترسییەی کەڕەنگ بووروبەڕووی بێتەوەبە تایبەت کەشەوی پێشتر لەپاڵ ماڵەکەی ئەودا ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری ئەمنیان سوتاند و خانوەکەی حاتەمیش سوتا.
وتی:دەچینە ماڵی ئێمە ئەوەکەی موشکیلەیە؟ئیترکاك حەمەرەش رازی بوو بچیینەناو کفریەوە.هەرپێنجمان سواری کۆستەرەکەبووین و فیشە کمان لێخوری و بڕیارماندا تووشی هەرکەسێکی دوژمن بووینەوەبە دیل دەیگرین هەتا بتوانین تەقە ناکەین،بۆئەوەی کارەکەمان لێتێك نە چێ، خۆشبەختانەبەبێ هیچ گرفتێك چوینەناو شارەوە، ئەو شارەی کە هەشت ساڵ بوو بەجێم هیشتبوو بەناچاری، وا ئەمڕۆ بەسەربەرزی و بەپێشمەرگایەتی دەگەڕێمەوەناوی بۆ دەرپەڕاندنی دوژمنان.راستە وخۆ چوینەماڵی ئەبوعەلی بەڵام لەدەرگاکەی پشتەوەچوینەژورەوە گوێمان لێبوو کەبوو بەدەنگەدەنگ، وتیان بچنەئەم ژورەوەکەلەگە وڕی ئاژەڵ دەچوو،بەڵام دواتر ووتیان هیچ نییەوەرنەژورەوە، گلۆپە کانیان هەموو کوژاندبوەوە،دوایچونەژورەوەودانیشتن گلۆپەکانیان داگیرساند، بۆیەکەمجاربوو کەخۆمان لەبەردەمی گلۆپدا ببینینەوە،بە لامانەوەزۆر روناك بوو، وامان دەزانی لەهەموو خەڵکەوەدیارین چونکەئێمەبەشەوان هیچ جۆرەروناکییەکمان نەبوو، چونکەژیانی پارتیزانی وای دەخواست. پاش پشوویەکی کەم، شەهید حەمەرەش وتی: با بچین بۆ ماڵی حەمەی مالیەئەوەبوو کاك کەریم برای کاك ئەبو عەلی ومن وشەهید حەمەڕەش چوین بۆ ماڵی ئێمە،من بەجلە کانی خۆمەوەبەبێ تفەنگ، شەهید حەمەڕەش پانتۆڵیکی لەپێکردو دە مانچە یەکی هەڵگرت، کاك کەریمیش بەبیجامەوەدەرچوین لەماڵ،بە رەو ماڵی خۆمان بۆلای ئەو دایك و خوشك وبرایەی کەساڵانێکەیە کترمان نەبینیوە، گەیشتینەئەوێ و دامان لەدەرگا، خوشکەکەم کردیەوەیە یەکسەر هاواری کرد: دایە،محەمەدە، دەستی کردەملمان و

بەخێرهاتنی کردین، ئەوسا دایکم هات و باوەشی پیاکردم و بەچاوی پڕ لەگریان وخۆشییەوە ماچی دەکردم و وتی:ئەمەلەکوێوەپەیدا بویت؟ ئۆخەی نەمردم ئەمجارەیش بەبینینت شاد بوومەوە،
دواتر دەستی کردەملی شەهید حەمەرەش و پێم گوت:
دایەئەوەکاك حەمەڕەشەلەبرا خۆشەویستترەلای من، وتی:
بەقوربانی ئەبم، دواتر دەستی کردەملی کاك کەریمیش و وتی:
بەقوربانتان بم یاخوا، بەخێربێنەوەئەمەلەکوێوەهاتن چونکەدوژمن زۆر زاڵمە، ئاگاتان لەخۆتان بێت، کاك حەمەرەش وتی: مەترسەدایە، دوژمن بۆ ئێوەی بێدەسەڵات ئازایە، دایکیشم وتی:
من لەئێوەزیاتر نیم رۆڵە.
دواتر مامۆستا ئازادی برام بینی کەئەو کاتەقوتابی بوو لەزانکۆی بەغدا، دوای دانیشتنیکی نیو سەعاتی شەهید حەمەڕەش لەدایکمی پرسی وتی: دایەدەتوانی ئەمشەو لێرەبمانشاریتەوە؟ دایکم وتی:
هەرئەمشەو؟! حەزدەکەیت یەك مانگ لێرەبن خەمتان نەبێت، وتی ئەی لەحکومەت ناترسی؟ دایکم وتی:
ئێمەهیچ کات لەئێوەزیاتر نین. شەهید حەمەڕەش داوایکرد بڕۆین، خواحافیزیمان کردو بەدایکمی وت: کاکەحەمەئیتر دەگەڕێتەوەناوتان.
لەرێگەوتی: کاکەحەمەئەزانی دایکت زۆربەغیرەت دیارە؟ وتم:
ئەی چۆن مەگەر دایکی پیشمەرگەنیە؟.
**گەراینەوەبۆمالی ئەبو عەلی و شەو لەوێ خەوتین، بەڵام بەوریاییەوە.**

9ی ئاداری 1991

دەمەوبەیان دنیا هێشتا تاریك بوو ئۆتۆمبێلێکی تاکسی کراون هات بەشوێنماندا و گەڕاینەوەماڵی ئێمە، کەدابەزین شۆفێرەکە، وتی:
کاکەحەمەنامناسی؟ من شەهابی حاجی ئەحمەدی کارێزیم،ئەوسا داوای لێبوردنم لێکردو کەلەبەر تاریکی و دووری ئەم چەندساڵەنە مناسیوە، دەستم لەملیکردو خواحافیزیمان لەیەکتر کرد،ئەوسازانیم کە کاك شەهابیش یەکێکەلەڕێکخستنەکانی ناوشار.
خانوەکەی ئێمەکۆن وشێوەیەکڕیزی بوو، واتا تەنها سێ ژوری بەریزی یەکترەوەبوو هیچ بەرهەیوان وشتێکی نەبوو، بۆیەئێمەلەیەکە

م ژوردا ماینەوە، ئیتر هەر کەسێ بهاتایەتەماڵمان ئێمەگوێمان لەدە نگیان دەبوو،بەڵام دەرگای ژورەکەمان گرتبووکەس نەیدەزانی ئێمەلە وێین، تەنانەت خوشکێکی تریشم کەماڵی جیابوو هاتەماڵەوەپێیان نە گوتبوو، بەڵام من گوێم لەدەنگی ئەوبوو ناسیمەوە. ئەو ڕۆژەئێمەهە رسێکمان لەوێ خۆمان شُشت و جلەکانیشمان لەوێ گۆڕی و جلە کانمانیان شۆرد، تەنانەت جلەکانی شەهید حەمەرەش هەرلەماڵی ئێمە مایەوەتادوای شەهید بونیشی، کەهەواڵی شەهید بونیم بەدایکم ووت لە ناخەوەبۆی گریا بەتایبەت کەسەیری جلەکانی دەکرد دەیوت سەد بریا ئەوجارەش نەمدیبایە.نیوەڕۆ خواردنێکی زۆرباشی بۆ ئامادەکردبوین، زۆر بەلەزەت و بەتام بوو، بەتایبەت ساڵانێك بوو نانی دەستەکانی دایکمم نەخواردبوو، شایانی باسەدایکم بەرەحمەت بێت ژنێکی دەستڕە نگین بوو لەچێشتلێنان و خواردن دروستکردندا، بەتایبەتیش خەڵکی کفری کۆن خواردنی زۆرچاکیان دروستدەکرد، دایکمیش یەکێك بوو لەو کەسانە.

دوای نیوەڕۆ و دەمەو عەسر شەهید عەلی سور ماتۆڕیك هات بەشوێنیداو ڕۆیشت بۆ دەرەوەی کفری، وابزانم خزمی خۆی بوو،چوو بۆ هێنانی کاك عوسمانی حاجی مەحمودو هێزەکەی تر کەبەجێمان هێشتبون لەدەرەوەی کفری بوو.

## هەموویان تەسلیم بوون

دوابەدوای ئەوەماینەوەمن و شەهید حەمەرەش برادەرانی ناو شار پە یوەندیان کرد بەچەن ئامر سریەی جاش وچەکدارەکانەوەبۆپەیوەندی کردن و هاوکاری کردنمان، چونکەچەکدارەکانی ڕژێم هەمویان جگە لەتەسلیم بوون هیچ هیوایەکی تریان نەمابوو،بیریان لەمقاوەمەنەدە کردەوە بەتایبەت عەفوەکەی بەرەی کوردستانی هەنگاویکی زۆرباش بوو بۆتەسلیم بوونەوەوبەجێهێشتنی ڕیزەکانی ڕژێم وپەیوەندی کردن بەهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە. بۆ ئەم مەبەستە ناردمان بە شوێنی فاتح حەمەئەمین کەخزمی منەو ئامر سریەی جاش بوو، ئە وکاتەدوای قسەکردن لەگەڵیدا ئامادەیی خۆی پیشاندا و وتی من خۆم وسریەکەم ئامادەین بۆ هەر کارێك پێمان بسپێرن، دوای ئەوشەهید

حەمەرەش وتی: من ئەچم سەردانی شیخ کەریمی شێخ شەهاب دەکەم کەئەو کاتەمستەشار بوو لەسنوری کفری، پاش ماوەیەك هاتەوەو وتی ئامادەیەبۆ هەموو هاوکارییەك هەروەها دیاربوو پەیوەندیش کرابوو بەسۆران حەمید کەپیشمەرگەی کۆن بوو بەڵام لەدوای ئەنفال تەسلیم ببۆوەو ئەوکاتەسەرباز بوو لەکوێت و لەوێ هەڵهاتبوو، ئۆتۆمبێلێکی ئۆڕاڵی عەسکەری لەگەڵ خۆی هێنابوو، هەروەها ئامۆزاکانیشەهید عەلی سوور ئەو کاتەچەکدار بوون لای ئیسماعیل عەزیز ئاغا، دیار بوو بەعام هەموو چەکدارەکانی رژێم خۆیان بۆ تەسلیم بوونەوەو خۆ پاراستن ئامادەکردبوو، ئاگادارکرابونەوەکەهەموو چەکدارەکانی رژیم عەفوو کراون و کەس بۆینیەدەستدریژییان بکاتەسەر. شایانی باسەنە وزادی برام ئەورۆژەبەردەوام چاودێری دەکردین وهەواڵەکانی ناو شاری پێدەگەیاندین، پێش نیوەڕۆ دەنگی هێلیکۆپتەردەهات پاش ماوە یەك نەوزاد هات بۆلامان وتی: دووکۆپتەری حەماڵ زیاد لەسەربازی لیوای حەرس جمهوری دابەزاندوەو ئێستا لەداخلیەکەی نزیك مونە زەمەی حیزبی بەعس جێگیربوونەوەهەموو هێزەکانیان خستوەتە ئینزاری جیمەوە.دنیا هەورو باران بوو، زەوی قوڕبوو شەهید حەمە رەش لەناکاو هاتەوەو وتی: خۆت کۆکەرەوەبابڕۆین،کات نزیکی مە غریبەدوای خۆکۆکردنەوەخواحافیزیمان لەماڵەوەکردو دایکم دەستی کردەملی هەردوکمان بەچاوی پرلەگریانەوەخواحافیزی لێکردین و وتی: خواتان لەپشت بێت ئاگاتان لەخۆتان بێت ئەم حکومەتەزۆر زاڵمەو خوانەناسە، جامێك ئاوییشی بەدەستەوەبوولەدوامانەوەرشتی وە کو عادەتیکی باوکەگوایەئەوئاورشتنە ئەوکەسەبەسەلامەتی دەگێڕێتە وە.

11ی ئاداری 1991

ئەم بەیانییەزوو لەخەو هەستام ودەستم کرد بەگەڕان بەناو شاردا، بۆم دەرکەوت کەکاری زۆرمان هەیەڵێویستەبیکەین، بەڵام بەتەنهایش ناکرێت. ڕووداوەکان بەڵەلەتێڵەر دەبوون ئێمەفریایان نەدەکەوتین، شەڕو کوشتار تەواوی ناوچەکانی گرتۆتەوەبەڵام بەرێژەی جیاواز

مەترسییەکانی شەڕێکی خوێناوی تادێت زیاتر دەبێت، هەواڵەکانی دووزخورماتوو باش نین هەواڵێکم لێگەیشت کەدوای ئەوەیدوو کۆستەر لەجەماوەری راپەڕیوی ناوچەی کەلار وکفری بەرەو سنووری دووز رۆیشتوون لەنزیك سلێمان بەگ تووشی هێزەکانی موجاهدین خەلقی ئێرانی بوون ئەوان بەدەبابەو زریلۆش هەرهە موویان یان
شەهید کردون کەلەناو شەهیدەکاندا برایەك و باوکی کاك عوسمانی حاجی مەحمودیان تێدایە. هەروەها دەنگی شەڕی قورسی نێوان هێزی پێشمەرگەولیوای حەرەس جەمهوری وموجاهدین زۆرگەرمە وخەڵکێکی زۆر شەهیدو بریندار بوون لەپێشمەرگەو جەماوەری راپەڕیوی دووز جگەلەکوشتاری دوژمن. بەرایی بریندارەکانی ئەو ناوچەیەگەیشتەکفری وهەواڵی دڵخۆشکەریان لێنەبوو ئەمەیش وای کرد کەخەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ بکات. بۆیەئێمەنەمانتوانی وەکو پێویست بەرنامەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین بۆیەکەوتینەهەوڵی بیر کردنەوەلەناردنی هێز بەهانای هێزەکانی دووزەوە. بەڵام هە ر چۆنێك بێت ئاگاداری پێشمەرگەکانمان کردەوەلەبەرنامەکانمان لە چۆنیەتی پاراستنی شاری کفری، بۆیەپێشمەرگەکان هەریەکەو هەستا بەکاری خۆیان وهەر یەکەی لەگەڵ چەند کەسێك لەیەکێك لەو شوێنانەیکەدیاریمان کردبوون جێگیر بوون بەو شێوەیەزۆربەی شوێنەکانمان پر کردەوەبەپێشمەرگەبۆ مەرکەزەکەی کارێز کە3کم لە شارەوەدووربوو(چالاك )وتی من دەچم بۆ ئەوێ، ئیتر کاری ئە وانمان دیاری کرد لەچۆنیەتی پاراستن وهەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خە ڵکی.بەڵام کێشەی سەرەکیمان ئازوقەبوو هەرچەندەئەوان داوایان نەدە کرد چونکەدەیانزانی کەئەوەحاڵەکەیەبۆیەخۆیان خۆیان دەژیاند لەسە رەتادا. دیارەئێمەیەك دیناریشمان لێنەبووتاوەکو ئەگەر هەبێ بەڵارە

یش بیکرین بۆیەراهاتبووین کەخۆمان بژێنین.عەسرێکی درەنگ بوو خوشکەزایەکم هات بۆ لام وتی دەڵێن لەدووز مەسئولێکی بەرزی پێشمەرگەشەهید بووەناوەکەی حەمەیەکی لێوەیە. لێی بێتاقەت بووم و کەوتمەسۆراخی بەڵام کەس ئەوهەواڵەی نەدەزانی،دیاربوونە یاویستبوو هەواڵەکەبڵاو بێتەوە و ورەی خەڵکی لێدابەزێ،ئەوەندەنەبێت دەیانگوت شەهید وبرینداری پێشمەرگەزۆرە.

**12ی ئاداری 1991**

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لای بەنزیخانەکەی کفری شەهید سوڵتانم بینی دوای سڵاو و ئەحواڵ پرسین وتم چۆن هاتوی بۆ ئێرەوەزعی دووز چۆنەو برادەران چۆنن سەلامەتن، لەوەڵامدا وتی ( ئێمەسەرکە وتووین وشاریشمان کۆنترۆڵ کردوەتەقریبەن بەڵام بەداخەوەکاك حە مەڕەش بریندابووەلەدوێنێ سەعات نزیکی چوارەوەبرینەکەیشی سە ختبوو،ئێوارە هێنامانەوەلەنزیکی شاخی غەرە کەوتینەکەمینەوەو نە مانتوانی دەرچین سەیارەکەیشمان لەکی کەوت بۆیەهەرچۆنێك بێت کاك حەمە ڕەشمان لەسەیارەکەداگرت و لەناو کەنێك دامانناوە،ئێمەتە نها شەش کەس بووین من و نەوشیروان ودووخزمی خۆم ودووخزمی کاك عوسمان بووین، هەرچەندەکاك عوسمان و جەبار مەلا عەلی ئەوان تا نیوەی ڕێگایش ڕەوانەیان کردین، ئیتر ئێمە ترسمان نەمابوو بەڵام ئەوکارەساتەمان بەسەر هات، وتم شەهید نە بووە؟ وتی لێم وانیەبمێنێت بەتایبەت لەئێوارەوەلەو دەشتەیە، دواتر وتی بۆیەمنیش ناچار بووم کەبێم بۆئەوەی سەیارەیەك ببەین و بیهێنینەوە، ئێستایش کاك عادل شوکر وبرادەران دێن و لێکەوەدەڕۆین بۆ هێنانەوەی، وتم باشەمنیش دێم وتی جێگەمان نابێتەوەو ئەم سەیارە یەی تۆیش دەرناچێ، ناشمانەوێ بیکەینەقەرەباڵغی، بەهەرحاڵ ڕێنە کەوت بچم لەگەڵیان، دواتر نەمزانی لەکوێوەرۆیشتن ) من دواتر

ڵرسیارم لەکاك نەوشیروان ئەحمەد کرد سەبارەت بەم رووداوە، ئەو وتی (شەهید حەمەڕەش بەهاوەن بریندار بوو لای عەسرەکەی لە ڕۆژی 11ی مانگ ئەوەی شەهید سوڵتان باسی کردووەوابوو هە رچەندەکاك عوسمان ڵێی باش بوو بدەین لەسەیتەرەی مەفرەقەکەی سلێمان بەگ وبەتەقە دەرچین بەڵام برادەران ئەوەیان ڵێ باش نەبوو، وتیان دەرناچین، بۆیەشەهید سوڵتان وتی: بیدەنەدەستی من لەم بنارە وەدەریدەکەم هەقتان نەبێ، کاك عوسمانیش وتی دەبێ بەسەلامەتی بیگەیەنیت، وتی خەمت نەبێت بەڵام دواتر کەوتینەکەمینەوەئەویش دەسەڵاتی کەسی تێدانەبوو، ئیتر شەهید سوڵتان رۆیشت بۆ هێنانی سە یارە لەکفری ئێمەیش بەدیار شەهید حەمەڕەشەوەماینەوە، ئەو وتی شەهید حەمەڕەش تا سەعات 12ی شەویش مابوو،بەڵام من بێئومێدبوو بووم لەژیانی، ئیتر لەسەعات 1ی شەوەوەنەدەنگی ما و نەجوڵەچونکەڵێشتر بەبۆنەی برینەکانیەوەعەزیەتی دەکێشا، ئیتر دڵنیا بووم کەشەهید بووە. دواتر وتی بۆبەیانیەکەی شەهید سوڵتان وکاك عادل وئەحمەد کاکەبراو فەریق ونازم وەستا شەریف هاتن تەرمەکە یمان تەسلیم کردن ومن وشەهید سوڵتان گەڕاینەوەبۆ دووزئەوانیش بەرەوکفری گەڕانەوە). شایانی باسەکەلەڕۆژیئادارەوەهێرشی رژێم بە پاڵپشتی هێزەکانی موجاهدین خەلق ئێرانی بەهەموو جۆرە چەکێکی قورس وسووك دەیان دەبابەو راجیمەو تۆڵ و دۆشکا هاتنە سەر شاری کفری، ئیتر ئەم جەبهەیەش کرایەوە وشەربەردەوام بوو تا شەوی کشانەوەمان لە شارەکە بەتەواوەتی..

5-1991/4/6 کەهەموو ئەو ماوەیەئێمەلەشەڕدا بووین بەبێ ئەوە یبتوانن یەك بست لەخاکی کفری داگیربکەن کەنزیکەی یەك مانگی خایاند.بەپێ چوین بۆ لای ماڵی شیخ کەریم شێخ شەهاب کەکۆلانێك ئەودیوی ماڵی ئێمەبوون،لەوێ یەکێك هات بۆلام لەئۆتۆمبێلێکی

عەسکەری گەورەوەدابەزی سەیرم کرد کاك سۆرانەکەپیشتر لەگەڵ کاك سامان گەرمیانی پێشمەرگەبوو، شەهیدحەمەرەش وتی:
کاك شێخ کەریم هەندێ گوشەئارپیجی و فیشەك و کلاشینکۆفی بۆمان ئامادەکردوەبالەم ئۆتۆمبێلەی کاك سۆران باری بکەین،هەمویمان بارکرد هەرسێکمان لەپێشەوەسواربوین وتی بابچین بۆماڵی کاك سەلام ئامۆزای عەلی سور، دنیا بەرەو تاریك بوون دەچوو شارکش ومات بوو وەك ئەوەی کەچاوەڕوانی روداوێکی گەورەبکەن، دوژمن هەموو گەلەکەی بەبێ جیاوازی چاوترسین کردبوو، خەڵکی چاوەڕوانی گۆڕان و نەمانی رژێم بوون، بەڵام لە ئەنجامەکانی زۆر دەترسان، بەکورتی خەڵکی نەمانی رژێمەکەیان لامەبەست بوو، بەڵام بەبێ سەرلێشیوان و ماڵ وێرانی وکوشتن ودەربەدەری،دیارەئەمەیش ناکرێ و نەبوەداری ئازادی بەخوێن ئاونەدرێ و بەربگرێ.

حەمەی مالییە / هەمان سەرچاوەی پێشوو

## کاک مەحموود سەنگاوی لە گەرمیان

لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالیش کە رژێمی رووخاوی سەدام ئەنجامیدا کرامە فەرماندەیی هێزە پارتیزانەکانی گەرمیان، ساڵێك لە گەرمیان مامەوەو دوای ئەو ساڵە چوومە ئێران، ئەوکاتە هێزەکانی ئێمە لە دزلی جێگربوون و پاش ماوەیەك جارێکی تر هاتمەوە بۆ گەرمیان بۆ کاری پارتیزانی تا ئەوکاتەی راپەڕینی 1991، لە دوای ئەوەی لە راپەڕیندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرشتی سەرۆك مام جەلال بەرنامەیەکی تۆکمەی هەبوو، لەو بەرنامەیەشدا ئەرکی من لە باوەنوربوو لەگەڵ هاوڕێیان کاك فەرەیدون عەبدولقادرو مامۆستا عەلی عەبدوڵلا و کاك عەدنانی حەمەی میناو کوردۆ قاسم هەموومان هاتینە ناو شاری باوەنور، لەوێشەوە هەڤاڵان بەرەو کەلار رۆیشتن و من گەڕامەوە بۆ دەربەندیخان کە سەلامی کۆیخا عەزیزو شەهید مەحمودی مامەعەزمان دانا بوو بۆ دەربەنیخان، من گەڕامەوە سەرپەرشتی دەربەندیخانم کردو دواتر چووم بۆ جەبهەی جەلەولا لە گوندی ئیسلاح جێگیر بووم کە یەکەمین رۆژ شەڕەکە زۆر توند بوو، لە کەلارەوە لەگەڵ عەدنانی حەمەی مینا بەڕێکەوتین و گەیشتینە لای کوڵەجۆ، لەوێ شەڕەکە گەرم بوو و برایەکی کاك عەدنان هەبوو کادرێکی زۆرباش بوو لەوێدا شەهیدبوو، بەڵام کاك عەدنان بەدیار مەیتەکەیەوە دانەنیشت و لەگەڵ ئێمەدا بەردەوامبوو لە شەڕکردن کۆتایی شەڕەکە،لەورۆژەدا چەندین تانکمان گرت و سەربازێکی زۆری سوپای عیراقیمان بەدیل گرت بە پێشمەرگەیەکی زۆر کەمەوە.

# بەشی هەشتەم



## راپەڕینی ناوچەی بادینان

لەدرێژەی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بڵێسەی راپەڕین گەیشتە دەڤەری بادینان وئەو ناوچەیەش لەژێرحوکمەی داگیرکاری بەعسی خوێنرێژ رزگار کرا. دوابەدوای ئازادکردنی ناوچەکانی سۆران و بەردەوامی راپەڕین، بادینانیش بەرووی جەللادو خوێنمژەکاندا تەقییەوە، کڵپەی ڕاپەڕین دەڤەری بادینانیشی گرتەوە، ئەو بادینانەی کەهەردەم دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان هەوڵی جیاکردنەوەو دابڕاندنی ئەم ناوچە خۆشەویستەی دەدا لەناوچەکانی سۆران، هەر بۆیەش بەزەقی کەوتبووە بەرشاڵاوی تەعریبکردن و تواندنەوەی لەبۆتەی عەرەبداو لەناوبردنی سیمای نەتەوایەتی...

- لەرۆژی ١٩٩١/٣/١٢ شارۆچکەی ئاکرێی خۆشەویست رزگارکراو ئەوشارە بوو بەدەروازەی راپەرینی ناوچەی بادینان. لەسەعات چواری بەرەبەیانیی رۆژی ١٩٩١/٣/١٤ بلێسەی راپەڕینی خەڵکی کوردستان لەشاری دهۆک خۆشەویست شەوەزەنگی دەسەڵاتی دوژمنی کردە چراخان, پێشمەرگەو خەڵک روویان کردە مۆڵگەی ئەمن و دام و دەزگاوکانی دوژمن ,لەگەل بەیانی جەماوەری دهۆك لەگەڕەکی (بەرۆشکێ)ی لای سەرەوە سەریان هەڵداو بەتێکڕا دەوری (دایەرەی ئەمن و ئیستخبارات و پۆلیس و ئالیات و لیواو فرقەی حزبی) یان داو،هێرشیان کردە سەرتا نیوەڕۆ هەموویان گیران،جگە لە ئەمن نەبێکەشەڕی مانو نەمانیان کرد، بۆیە زۆربەیان کوژران ، دواتر لیواکەش تەسلیم بوو، بەمەیش ناوچەکانی (زاوێتەو مانگێش و باگێراو سەرسەنگ و ئەنیشك و بامەڕنێو دێرەلوك و ئامێدی و سیریێو شێلادزێو باتوفەوبێگۆڤاو..هتد)ئازادکران،بۆڕۆژانی دواترناو چەکانی تریش کۆنترۆل کران تادەگاتە کانی ماسی وناوچەی بەرواى بالاوریِکان) بۆیە پایەگاکانی سەر چیاکانی(گاراوەتین و شیرین وفاتێو بارزان وبامەڕنێ) بۆ خۆیان تەسلیم بوون.

- لە ٣/١٥ جەماوەری شارۆچکەی (سمێل) ی سەر ڕێی دهۆك ـــ موصل راپەرین و هەلیان کوتایە سەر مونەزەمە، بەلام کەوتە مقامەوەو بە شەڕێکی سەخت گیرا، بەجۆرێکە لاوێك بەدەبابە لەسەر گردی پێش سمێل لەمەنزومەی دەدا تاخڕنۆش و خاپوریان کرد، لەپاشان هەلیان کەوتایەسەر مەرکەزی تەدریبی ناحیەی فایدەی ئەوێشیان ئازاد کردو، دوژمن بەرەو موسڵ و سەر سنووری سوریا پاشەکشەی کرد. لەسەعات ١٠ی سسەرلەبەیانی بەتەواوی دەسەڵاتی

بەعس وحکومەتەکەی لەوشارەئازیزەی کوردستان رووخێندراویێ ەوەبوو کلّپەو بلّێسەی راپەڕینی شارەجوان و قەشەنگەکەی دهۆک، گشت ناوچەکانی دیکەی بادینانی گرتەوە،ئەو ناوچە رەسەنی کوردایەتی بەتەواوەتی کەوتەژێر دەستی جەماوەر پێشمەرگە، کەگەورەو بچوک بەهەموو چین و توێژەکان بەشداریان لەو راپەڕینە مەزنەدا کردو شێرانە بەرەنگاری پیاوانی رژێم بوونەوە, لەئەنجامدا زیاتر لە ١٣٠ کەس لەجەللادو خوێنمژەکانی سەر بەئەمن و ئیستیخبارات و رەفیق حزبی، ئەوانەی ئامادەنەبوون دەسەڵاتەکەیان لەشکستدا ببینن،لەو دەڤەرەدا بەسزای گەل وشۆڕش گەیەنران. هەروەها بەهەزاران پارچە چەک کەوتنە دەست جەماوەرو هەزاران ئەفسەرو سەربازیش بەدیل گیران.

**شەهیدەکانی دەڤەری بادینان:**

1- محەمەد جەمیل 2- سالّح یاژەنی
3- لوقمان حسێن یونس 4- خالد یونس
5- حەمەد ئیبراهیم 6- جەرجیس خزر
7- جمعە ئەحمەد 8- سالم بوبیان
9- جەمیل حەسەن 10- حسن سلیم
11- حاجی ئەحمەد.

- لە رۆژی١٩٩١/٣/١٧ دوای راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان و ڕزگارکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، رژێم هێرشیکردە سەرناوچەی دووز خورماتوو، تا داگیری بکاتەوە، بەڵام خەڵکی ناوچەکەو هێزی پێشمەرگە لێیان هاتنەدەست و هێرشەکەی رژێمی بەعس-یان تێکشکاندو ژمارەیەکی زۆر کوژراوو دیلی رژێم کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە،لە تۆڵەی ئەم شکستەیان کۆپتەرەکانی رژێم بەبۆمبی فۆسفۆری ناوچەکەیان بۆردومان کرد.

# بەشی نۆیەم



## رزگار کردنی شارۆچکەی پردێ

**ڕۆژنامەنووس ڕابەر ڕەشید**

بەم جۆرە ڕاپەڕینی جەماوەری پردێ دەگێڕێتەوە:

( لەناحیەی پردێ دوای ڕاپەڕینی ڕانیەو شارەکانی دیکە کۆمەڵێ گەنجی خوێن گەرم کە قوتابیو کاسبکارو کۆنە پێشمەرگەو چەکداری فەوجە سوکەکانی لە خۆگرتبوو.. کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکو پێك زەمینە خۆش بکرێ بۆ ڕاپەڕینو ڕزگارکردنی پردێ ئەوە بوو لە شەوی (7-1991/3/8) لە ماڵی یەکێك لە کۆنە پێشمەرگەکان (وابزانم هەر ماڵی کاك ڕابەر بووە-نووسەر) کۆبوونەوەیەکیان سازدا لە ئەنجامدا لێژنەیەك پێك هاتوو چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەك دران لەوانە:

1- پەیوەندی بە هەندێ‌لاوی تورکمانەوەبکرێ‌وسەبارەت بە ڕاپەڕین قسەیان لەگەڵدا بکرێ.

2- سەرجەم ئامادەبووان هەوڵی کۆکردنەوەی چەكو تەقەمەنی بدەنو لێژنەکەی لێ‌ئاگادار بکەنەوە.

3-زۆربەوردی چاودێری پیاوانی ڕژێم بکرێ‌بە تایبەتی ئەمنو ئیستیخبارات.

4- بڵاوکردنەوەی جۆرەها پروپاگەندە دژی ڕژێم، کە هاندەر بێ بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر.

5- بەهەر جۆرێك بێت یەکێك لە وێنەکانی دکتاتۆر بە بۆیە عەیب دار بکرێ.

6- پەیوەندی بە هەندێ‌کەسایەتی ناسراوی ناحیەکە بکرێ‌بە تایبەتی ئەوانەی جێگەی متمانەنو سەبارەت بە ڕاپەڕین ڕایان وەربگیرێ، لەگەڵا چەند وردە ڕاسپاردەو بڕیاری تر. شایانی باسە سەرجەم بڕیارەکان بە ڕێکوپێکی ئەنجام دران. تەنها شێواندنی وێنەکانی دیکتاتۆر نەبێ، چونکە ژمارەیەك چەکداری هەژارو بەدبەختی کورد کرابوونە پاسەوانی وێنەکان.

هەروەها ئەو برا تورکمانانەش کە سەبارەت بە ڕاپەڕین قسەیان لەگەڵا کرا ئامادەیی خۆیان نیشان نەدا، بەڵام بەڵێنیان دا کە دژی ڕاپەڕین نەبن. لەو چەند ڕۆژە کەمەدا کارێکی باش ئەنجام دراو زۆربەی ئەندامانی لێژنەکە بوونە خاوەن چەكو تەقەمەنیو شەوانەش هەواڵاو پێشهاتو گۆڕانکارییەکان دەگەیشتە لێژنەکە.

پاش نیوەڕۆی (11)ی ئاداری 1991 ئێزگەی حزبەکان هەواڵی شارو شارۆچکە ڕاپەڕیوەکانو دەستپێکردنی ڕژێم بە گرتنی خەڵکیوشپرزەبوونی پیاوانی ڕژێم شیرازەی دەسەڵاتی سەرکوت کەرانەو سامی بەعسییەکانی بەتەواوی لەباریەك ترازاندبوو زەمینەی ڕاپەڕینی ڕەخساندبوو، بەڵام گەورەترین خەمی لێژنەکە لەوەدا بوو کە چۆن جەماوەرێکی زۆر ڕاکێشێتە ناو ڕاپەڕینەکە، وەك دەڵێن گەلیجار ڕێکەوت دەوری خۆی دەبینێ، جێگای خۆشحاڵی بوو کە پاش نیوەڕۆی (11)ی ئادار هەواڵێك لە کەرکوکەوە گەیشتە لێژنەکە کە گوایە ڕژێم دوو ئامر مەفرەزە خاسەی گوللەباران کردووەو عەلی حەسەن مەجیدیش سەرپەرشتی ڕەشبگیرییەکی فراوانی لە کەرکوکدا ئەنجام داوەو لەوانەیە هەر ئێستاش لە قەزای (دوبز)ەوە (شێخ نایف) بە هێزێکی عەشایری عەرەبەوە پەلاماری پردێ بدەنو هەر پیاوێکیان دەسکەوێ ئەنفالی بکەن. ئەندامانی لێژنەکە هەر زوو ئەو هەواڵانەیان قۆستەوەو هەر کەسێکیان بدیبوایە لەو هەواڵانە ئاگاداریان دەکردەوەو دەیانگوت ئێوارە(پردێ)ش ڕادەپەڕێ. جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەرۆڵی بەرچاوو جوامێرانەی پیاوێکی ناسراوی ناوچەکەبکەم کەئەویش (سابیری شێخ جامی) یە، چونکە لەکاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی عەرەبی عەشایر بۆ ئەنفالکردنی خەڵکی پردێ، شێر ئاسا لە

پێشەوە هاتبووە دەرو بڕیاری شەڕی مانو نەمانی دابووو جەماوەرێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە. کە ئەو هەواڵە گەیشتە لێژنەکە، بە پەلە دوو ئەندامی سەرەکی لێژنەکە، خۆیان گەیاندە ئەو بەڕێزەو دوای ئەوەی لە مەسەلەی بەرگری کردن دژی هەر پەلامارێکی دوژمنو ئامادەیی جەماوەرەکە دڵنیابوون، ئینجا باس لەمەسەلەی راپەڕین کراو ئەندامانی لێژنەکە رایان وابوو کاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆ پەلاماری دامو دەزگاکانی رژێم بدرێ، بەڵام کاك سابیر بە هۆی تەمەن و ئەزموونی خۆیو خستنەڕووی هەندێپاساوی بەجێئەوانی ناچار کرد کە کاتژمێر (6)ی ئێوارە کاتی دیاریکراو بێو کارەکانیش دابەش کران.
لە کاتژمێر(5,20) خولەك دوو کەس لە ئەندامانی لێژنەکە دوای ئەوەی دەرفەتیان بۆدەرەخسێ دزەدەکەنەناو(قاتع الجیش الشعبی) یەکەو دەست بەسەر دۆشکاو چەکدارەکانی ناو(قاتع)ە کەدادەگرن وهەرزووهەواڵەکەش دەگەیەننە جەماوەرەکە بەوەی کە قاتعی جەیشی شەعبییەکە کۆنترۆڵا کراوەو دەستی بەسەردا گیراوە، بۆیە (10) خولەك بەر لە کاتی دیاریکراو راپەڕین دەستی پێکرد، ئاپۆرای جەماوەرەکە لەبەری ساڵەییەوە پەلاماری دامو دەزگاکانی رژێمیان داو لە چەند ساتێکی کەمدا (بارەگای حزبی بەعسو بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو ئەمنو مکافحەو بنکەی پۆلیس)و پۆستەو نەخۆشخانە دەستیان بەسەردا گیراو کۆمەڵێك ئەمنو ئیستیحباراتو پۆلیس بە دیلی کەوتنە دەستی جەماوەرو بەوپەڕی رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراو پاشان رەوانەی هەولێر کران. جێگای ئاماژەیە کە کۆمەڵە گەنجێکی سەر بە لێژنەی ناوبراو بە دەستی بەتاڵ و نارنجۆکەوە هێرشیان کردە سەر بارەگا حزبییەکەو کۆنترۆڵیان کرد.لە لایەکی دیکەشەوە جەماوەری راپەڕیوی

گەڕەکی (تسعین) کە لە چاوەڕوانی کاتی دیاریکراودا دەبن، بەڵام کاتێك گوێیان لە تەقەو پەلاماری جەماوەری راپەڕیو دەبێ، ئەوانیش دەیانەوێبەناو پردێداو لە دیوی لای هەولێرەوە بەسەر دامو دەزگاکانی بەعسدا بدەن، کەچی لەسەر پردەکەی (تسعین)ەوە دەسڕێژیان لێدەکرێو هاوڵاتییەك بریندار دەبێ، بەمەش کەمێك دوا دەکەون، بەڵام دووبارە هێرش دێننەوەو ئەمجارەیان لە پردەکە دەپەڕنەوە، ئیدی کاتێك جەماوەری ئەمبەرو ئەوبەر دەست لە ملانێی یەکبوونو جەژنە پیرۆزەی سەرکەوتنیان لەیەکتر کرد، هەموو پێکەوە کەوتنە پاکسازی کردنی شوێنەکانی دیکەو تا کاتژمێر (9,30)ی شەو هەموو شوێنە دیاریکراوەکان دەستیان بەسەردا گیرا.جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە رۆڵی بەرچاوی چەکدارەکانی فەوجی (90)و چەکدارەکانی مەفرەزە خاسەکەی ناو ناحیەکە بکەم کە لەکاتی پێویستدا هاتنە دەستو بەشداری راپەڕینیان کردلەرزگارکردنی(پردێ)دا هاوڵاتییەكو چەکدارێکی فەوجی (90) بریندار بوونو پیاوێکی رژێمیش کوژرا.

رۆژی (12و13)ی ئادار لاوە خوێن گەرمەکانی پردێسەرقاڵی دۆزینەوەی پیاوە تۆقیو و بوودەڵەکانی رژێم بوونو لە کونو قوژبنی ماڵان دەیاندۆزینەوەو دەدرانە ئەو لێژنەیەی کە لەبەرەی کوردستانی پێکهاتبوو. ئەندامانی ئەو لێژنەیەی کە لە رزگارکردنی پردێدا رۆڵی کاریگەرو بەرچاویان گێرا، هەر زوو کۆبوونەوەو بڕیاریاندا وەکو خۆیان بمێننەوەو هەوڵی یەکڕیزی لاوەکانیاندا، تاکو بە گیانی بەرەییەوە لەگەڵا هەموو لایەکدا رەفتار بکەن. بۆیە هەموو زوو کەوتنە پاراستنی گیانو ماڵی هاوڵاتیانو دامو دەزگا حکومیو ئیدارییەکان بۆ ئەوەی لە تاڵانکاری بیانپارێزن، لەو پێناوەشدا دووچاری دەیان کێشەی زەق بوون، بەڵام هەر بەردەوام

بوون‌و لە (16)ی ئاداردا توانییان ئێزگەیەکی ناوەخۆ بەهۆی بڵندگۆو چەند جیهازێکەوە بخەنە گەڕو خەڵکی پردێ‌و ئەو لێشاوی جەماوەرەی کە بەناوی ڕزگارکردنی کەرکوکەوە دەهاتنە پردێ‌لە زۆر شت ئاگادار بکەنەوە، هانی ئەو جەماوەرەش بدەن بۆ ڕزگارکردنی دوبزو کەرکوك‌و شوێنەکانی تر. هەروەها لێژنەکە توانی کۆنترۆڵی بەنزینخانەکە بکات‌و بە ڕێك‌و پێکی سووتەمەنی بەسەر خەڵکیدا دابەش بکات، جگە لەوەش چاودێری‌و پاراستنی گیانی دکتۆرەکان‌و ئیش‌و کاری نەخۆشخانەکەی گرتە ئەستۆو دەیان بریندار‌ی لە مردن ڕزگار کردو پرۆژەی ئاوەکەشی خستەوە گەڕو لە هەر هەمووشی گرنگتر پاراستنی گیانی تەبایی‌و برایەتی نێوان کوردو تورکمانەکان بوو. هەر بۆیە زوو سەرجەم حزبەکان کەوتنە پەیوەندی کردن بە لێژنەکەو دانیشتن لەگەڵیان بە مەبەستی ڕاکێشانیان بۆ ناو حزبەکانیان، بەڵام زۆر بە داخەوە لە شەوی 27 لەسەر 28ی ئاداردا کە بڕیار وابوو قەزای (دوبز)یش ڕزگار بکرێ، کەچی هێرشی پێچەوانەی سوپای ڕژێم دەستی پێکردەوەو ڕۆژی (28)ی ئادار ناحیەی ڕزگارکراوی پردێ‌جارێکی دیکە داگیر کرایەوەو سوپای دڕندەی ڕژێم (75) هاوڵاتی بێتاوانی دەسگیر کردو لە سەربازگەی (دوبز) گوللەبارانی کردن کە زۆربەیان لەبرا تورکمانەکانی پردێ‌بوون.

لە کۆتاییشدا دەڵێم،هیوادارم هەرکەسێکی تر،ئەگەرزانیاری زیاتری لایە باراستگۆیانە بۆمێژوو تۆماری بکات.

* ڕابەر ڕەشید / ڕێگای کوردستان ژمارە (445) ساڵی (56) لە (19/ئازاری 2001).



**کۆبوونەوەی**
**کاک نەوشیروان وکاک مەسعود لەپردێ**

ئێوارەی 16/15ی ئازاری 1991بەرێزکاك(مەسعوودبارزانی) گەیشتەپردێ،
لەکاتی کۆبوونەوەلەگەڵ کاک نەوشیروان وهەڤاڵانی(ی.ن.ک) چەندفرۆکەیەکی رژێم هاتنەئاسمانی شارەکەو رۆکێتبارانیان کرد لەئەنجامدا(پ.م)ێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی (قەندیل جلیل حسن بیرەسپانی)شەهیدبوو.
دواترکاک مەسعود گەڕیەوەبەرەو میحوەری موسڵ....
رۆژی 18\3\1991 وەرگێر(مترجم)ی کاك مسعود بارزانی کە ناوی (خالدیاسین امین) خەڵکی (تۆبزاوا)بوو، لەگەڵ هەڤاڵێکی بە ناوی (عبداللە جوامیر)، وایان زانیبوو زنجیرەی (کانی دوومەڵان) رزگارکراوەبەسەیارەی خۆیانەوەبەرەو دارەمان چووبوون،
بە هۆی ئەوهەڵە یەوەکەوتبوونەبۆسەی دوژمنەوەو وهەردوکیان شەهید بووبوون.
هەرهەمان رۆژ(بکری حاجی قەرەی ئۆمەرمەندانی)و سێهەڤاڵی ترلەبۆسەیەکی رژێم لەنزیك دارەمان شەهیدبوون.

***



# نامەکان



**نامەیەکی مام جەلال بەر لەراپەڕین**



**نامەیەکی کاک نەوشیروان بەرلەڕاپەڕین**



**نامەی کاک کۆسرەت بەرلەڕاپەڕین**

## چەند دیمەنێک
## لەزیندانی فاشیستەکانەوە..

* هەڵوێستی تورکمانێك بەرلەرزگاری کەرکوک
لەڕشبگیرییەکەدا چەند کەسێکی تورکمانیش راپێچکرابوون...
لەنێوئەوانەدا هەڵوێستی (وفیق)ی وێنەگر ناشێ‌فەرامۆش بکرێ,
لەکاتێکدا لە(رمادی)داوادەکەن:
(کێ‌عەرب وترکمانە؟باجیا ببنەوەئازادیان دەکەین.)
چەندکوردێك خۆیان بەعرب وتورکمان تۆماردەکەن,
بەڵام(وفیق) دەست هەڵنابڕێ...
کەپێی دەڵێن تۆ بۆ دەستت هەڵنەبڕی لەوەڵامدا دەڵێ:
(ئێمەهەمووومان بەناهەق گیراوین...
منیش لەسەر کوردایەتی گیراوم..
رۆحی من لەئێوەزیاتر نییە,بەمردن وژیان جیا نابمەوە....)
* زیندانییەک بەسکچوو(اسهال)ی کۆچی دوایی دەکات
بەهۆی نەبوونی پاك وخاوێنی وخواردنەوەی ئاوی پیسەوە
نەخۆشی دەکەوێتەنێوان زیندانییەکانەوە..
لەزیندانی(تکریت) هاووڵاتی(خلف)بەنەخۆشی سکچوو
کۆچی دوایی دەکات..
*** ئازار و ئەشکەنجە**
زیندانییەکان..جگەلەئازاری دەروونی ئازاری جەستەیش دراون.
کاك (مستەفا شەربەتفرۆش)ی خەڵکی گەڕەکی(رحیماوا).
کاتێك کەبێزاری خۆی لەبەناڕەوا گیرانیان دەردەبڕێ..
دوای کوتان ولێدانێکی زۆربەشیشی سوورەوەکراوهەموو
جەستەی تەنانەت کۆئەندامی زاو و زێشی داخ دەکەن..

## شانەچەکدارەکان:

کورتەیەك دەربارەی سوپای ڕزگاری کوردستان( سرك ) لەدوای ئەنفالەکان وکشانەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی(ی.ن.ك) بۆ(قه نديل) و(دۆڵەکۆگە)و(زەڵێ)و(نێوزەنگ)و(چێوەڕۆ )وسەرسنووری ئێران..

سەرکردایەتی(ی.ن.ك) بۆهەموو ئەگەرەکان بەرنامەڕێژیکرد..

بیری له دامەزراندنی سەرکردایەتی شاخ،هەندەران،ناوەوە(شاره کان)کردەوە.بۆئەوەی شۆڕش مەیدانی خەباتی پێشمەرگانەچۆڵنه کات،جگەلەمانەوەی پێشمەرگەدانەبڕاوەکان لەسەرسنوور، پارتیزانه کان لەگەرمیان وکەرکوك و هەولێرو خۆشناوەتی.. هێزێکی نوێی تری لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ڕژێم وەك لەشکرێکی نهێنی بەناوی (سرك) له 1988\11\15 پێکهێنا....

شانەچەکدارەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان(سرك)

له شارەزوور و گەرمیان و سلێمانی وکەرکوك وئۆردوگاکانی هەولێرخۆیان سازدا، دەوری جوامێرانەیان هەبوو لەگەیاندنی کۆمه ك وهاوکاری بەپارتیزانەکان..

هەڤاڵان (کۆسرەت ئاغجەلەری) و (صديق بكر-سدیقەڕەش)و (شەهید جباری حاجی ستار)و(حسين حمدمين بارم-ئاسۆ شەل) و(وەستا رسول) و(وەستاصابر)و هەڤاڵەکانیان، هەتا مانگی شوباتی1991چالاکانەئەرکەکانی خۆیان جێبەجێدەکرد.

لەگەڵ ئامادەکاری بۆڕاپەڕین،ئەمانیش لەسنووری ڕانیەو کۆیەو ته قتەق وهەولێرلەگەڵ شانەچەکدارەکانی(بروسك)یەکیان گرتەوەوله ڕاپەڕینەکەدادەوری مەردانەیان بینی لەڕزگارکردنی شارو شارۆچکەوئۆردوگاکان بە کەرکوکی داگیرو زوڵم لێکراویشەوە.

***

# سوپای ئازادی کوردستان (سرك)
# و ڕۆڵیان لەئازاد کردنی کەرکوکدا

بەڕێز(حەمە نوری) بیرەوەری خۆی دەربارەی سوپای ئازادی کوردستان (سرك) بەم شێوە دەگێڕێتەوە :

سوپای ڕزکاری کوردستان (سرك) لە ماوەیەکی کورتدا کە ڕێخستنەکانی خۆی بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك دروست کردبوو لەم شوێنانەی خوارەوە:

سلێمانی،عەربەت،ئوردوگای نەسرو باریکە،دەربەندیخان، باوەنوور، کەلار،صمود وکفری هەوڵی دەدا ئەو بۆشاییەی بۆی دیاری کراوە پڕبکاتەوە.

سرك لەوتەمەنە کورتەی خۆیدا چەندین جەنگاوەری خۆی کردە قوربانی بەدەرفەتی دەزانم ناوی ئەو قارەمانانە تۆمار بکەم.

1.حمە ڕحیم (هاوڕێ شەماڵ) شارەزور
2.ئارام بچکۆل سلێمانی
3.ئەنوەر حمەڕەشید عەربەت
4.بکر مەلا فەرەج سید سادق
5.م.بەختیار صالح زەڕایەن
6.حەسەن تۆفیق عەربەت
7.همزە کاکە حمە خلیل عەربەت
8.رەمەزان چاڵەڕەش کەلار

دوای ئەوەی سەرکردایەتی ی.ن.ك بەرنامەی ڕاپەڕینی دیاری کرد جەنگاوەرەکانی سرك تەنسیقی تەواویان لەگەڵ مەفرەزەکان و ڕێخستندا دروست کرد چەند شانەی چەکداریان بەناوی جیاجیا پێك هێناو توانیان ڕۆڵیکی بەرچاو لەزازدان و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی ڕاپەڕین ببینن .



# هێڵی باباگوڕگوڕ

## وەستا رەسوڵ مێژوو دەگێڕێتەوە

بەڕیز( وەستا ڕەسوڵ) کەیەکێك لەکادرەکانی ئەو ڕێخستنە بوو لەکاتی گرتنی کەرکوکدا لەچاوپێکەوتنێکدا ووتی: پاش ئەنفالەکان هەڤاڵ مصتەفای سەید قادر بۆ سەر پەرشتی ڕیخستنە کانی ناو شار گەرایەوە قەڵادزێ

لەڕۆژی 1988/2/25 لەگەڵ هەڤاڵان کاك سالار و کاك دلێری مامۆستا قادرو من بەناوی حاجی یونس لەماڵی احمد بچکۆل کاك مستەفامان بینی و لەسەر بەرنامەی بەیەکەوە بەستنەوەی هێڵە بچڕاوەکان ی ڕێخستنە کانی ناو شاری کەرکوك و دەو رو بەری هێڵی بابە گورگوڕمان لەناو شاری کەرکوك دروست کرد من سەرپەرشتیم دەکرد نزیکەی (136)ئەندامی لەخۆ گرتبوو . لەناوەڕاستی ساڵی 1989 بەتەعمیمێك ئاگادار کراین کەشانەی چەکدار لەژێر ناوی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرك) دروست بکەین ئیمە لەکەرکوك 3 مەفرەزەمان دروست کرد کەڕاستەوخۆ من بەرپرسیان بووم دیارە (سرك)لەشێوەی سوپایەکی نهێنی لەناو شارەکان دروست کران شان بەشانی مەفرە زە پارتی زانەکان بۆ هەندێ چالاکی دیاری کراو بەکاردەهاتن .دیارە لەپاش دەسگیرکردنی هەڤاڵ مستەفای سەید قادر بەهیمەتی کاك شاسوار و کاك مەلا قادر توانیمان ئەوپەیوەندیانە لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی لەشاخ بەهێزتر بکەین . لەسەرەتای ساڵی 1991 وە ڕێخستنە کان بەرفراوان دەبوون سەرجەم کۆنە پێشمەرگەکان کەبەهۆی ئەنفالەوە دابڕبوون پەیوەندیان پێوە دەکردین . بۆیە لەگەڵ شەرو خۆمان باسمان لەوە دەکرد هێزێکی گەورە لەژێر ناوی شانە چەکدارەکانی (بروسك)دروست بکەین تا بەشێوەی بەر فراوانتر بۆڕاپەڕین ئامادەیان بکەین ، زیاتر لە(700) کەسمان لەو هیزە ڕیکخستەوە.

بەهۆی سەربازە هەڵهاتوەکانی جەنگی کوەیتهەموو چەکێکمان پەیدا کردبوو. چەند ڕۆژێ پێش ڕاپەڕین کاك فەرهادی حاجی مەحمود ئاگاداری کردین کەواسەربازێ دەبابەیەکی لەکوێتەوە هێناوەدەیەوێ پێمانی بفرۆشێ بە(3000) هەزار دینار لێمان کڕی بەمەرجێ لەڕۆژی ڕاپەڕین خۆی تەقەی پێ بکات ...

دیارە ڕژێم بەوەزعەکەی دەزانی بۆیە علی حەسەن مەجیدی خوێن ڕیژی ناردە کەرکوك و حەملەیەکی گەورەی لەگەرەکە کورد نشینەکان کرد زیاتر لە 5000هەزار گەنج و پیری دەستگیر کرد بەمەش هەموو ڕێسەکەمان لێ بوو بەخوری و زۆربەی هەڤاڵانمان دەسگیرکران.ئەوەی نەگیران خۆیان گەیاندە هەولێر بۆ خۆشاردنەوە پاش ڕزگار کردنی هەولیر لەڕۆژی 3/12/ هێزێکی 500 پێشمەرگەمان لەئاڵتون کۆپری ریکخستەوە لەشەوی 3/16 1991 کاك نەوشیروان و کاك کۆسسسرەت هاتنە لامان و لەکۆبونەوەیەکدا :- وتیان دەبێت کەرکو ك هەرڕزگار بێتو ئێوەش دوا شەهیدهی کەرکوك دەبن .من چەند جفرەیەکم لەژێر ناوی حاجی یونس بۆ پاش ماوەی هەڤاڵەکانمان لێدا بۆناو شاری کەرکوك لەشەوی 18لەسەر 19 /3 /1991 بەهێزێکی 300 پێشمەرگەییەوە دابەزینە ناو شار لەکات ژمێر 4.30دەقیقەی بەیانی لەسەر جادەی ڕەحیم ئاواهێزەکەمان کردە پێنج ڕەتڵ بەم شێوەیە :

1.ڕەتڵی یەکەم کەشەهید هە ڵمەت سەرپەرشتی دەکرد بۆ گردەکەی ڕەحیم ئاوا و قەسری قازی یەکەم RPG بەدەستی شەهید حاجی تەقی

2.ڕەتڵی دووەم بەسەر پەرشتی کاك ڕەوەند بوو بۆ (منظمة).

3.ڕەتڵی سێیەم ماك مەندی حاجی کاکە ڕەش ووەست سابیر بۆسەر مەرکەزەکە

4.ڕەتڵی چوارەم بۆمەقەڕی عەرەفە من سەرپەرشتیم دەکرد

5.ڕەتڵی پێنجەم مامۆستا ئەحمەد گۆگجەی نەسراالدین مستەفا بۆسەر معملی سێوەکە دیارەبەپێی ئەونەخشەیە من پێشترئامادەم کردبوو بۆ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاوبرادەران پێیان باش بووئێمە تەنها تا قەسری قازی بڕۆین هەموو ئەرکی خۆمان بەسەرکەوتویی ئەنجامداو دوژمن کوژراوی زۆری هەبوو.

بەشەهید بوونی حاجی هەڵمەت سەرەتا پشێوی ناو هێزەکەماندا دروستبوو. دوژمن لەقەسری قازی وعەرەفەوە چەند جارێ پەلەماری دای ن و توانیمان هێزەکەی دوژمن تێك بشکێنین وەنەهێلین دوژمن داخڵی ڕەحیم ئوا ببێت .. هێزەکانی فەیلەقی یەك و هێزە تایبەتەکانی علی حەسەن مەجید بەهەموو تواناکانییەوە مەحاوەلەی زۆریان کلاد بۆ گرتنەوەی پتر لە130 دەبابە دەوری ڕەحیم ئاوایان دا تەنها لەماڵی عوسمان چاوشین 21 کەس شەهید بو تاکات ژمێر 4ئێوارە مقاومەمان کرد پاشان هێزەکانی خۆمان بەسەر پەرشتی هەڤاڵان کاك نەوشیروان و کاك کۆسرەت و کاك عبدالرزاق و کاك حسن کوێستانی گەیشتینە ناو شاروو هەمومان پێکەوە پەلاماری باقی موڵگەکانی دوژمنمان داو پاکمان کردەوە دەڤەری ئیمام قاسم شانە چەکدارەکانی ڕاپەڕین هەمووموڵگەکانی دوژمنیان پاك کردەوە .

لەقۆڵی شۆریجە ش هەڤاڵ کریم چاوڕەش وشەهید سەید جەو هەرو هەڤاڵ سیروان دێرەشەی سەر جەم مۆڵگەکانی دوژمنیان پاك کردەوە.بەڕاستی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان پاڵپشتیمان بوو مایەی وزەو ورەی گیانیمان بوو دیارە ماوەی ڕزگار کردنی کەرکوك 8 ڕۆژبوو لەو ماوەیەدا شانە چەکدارەکانی بروسك دەوری بەرچاویان هەبوو لەشەڕەکانی باجوان و معسکر خالیدو جێگاکانی تر کەبەدەیان شەهیدی هێزەکانی بروسك بوون بەمەشخەڵی ڕزگاری کەرکوك

---

سەرچاوە :

**1 - بازنەی ئاگر- سەلاح ڕەنجدەر-ساڵی چاپ1999 -لا 108**

**2- نامەیە کی هە ڤال ( رزگار سیروان دێرەشە)**



**دەوری سالارحکیم حەمەڕەش وهەڤاڵەکانی**
**لەراپەڕین ورزگارکردنی کەرکوك دا**

کاک سالار کوڕی تێکۆشەری ناسراو(حکیم حەمەڕەش) بوو، باوکی پێشمەرگەوفەرماندەیەکی شۆڕشی ئەیلول بوو،برای شه هید(شوان)ه کەیەکێك لەپێشمەرگەقارەمانەکانی ( تیپی21 ی که رکوك) بوو.

لەداستانی دابان-هەللاج لە(حاجیتان)شەهیدبوو,خۆشی هەتامانگی حوزەیرانی 1988ئەندامێکی هەڵسوڕاوی (کۆمەڵە)بوولە رێکخراوی (زانکۆی صلاح الدين ) بەهۆی ئەنفالەکانەوەدابڕابوو.. ساڵی1989جارێکی ترلەرێی(ئەحمەدبچکۆل)پەیوەندیدەکاتەوە.

بۆ وەرگرتنی رێنمایی وبەرنامەنوێیەکانی شۆڕش..بۆ دارشتنەوەی پەیوەندی و بەرنامەرێژی لەماوەی ساڵێکدا چەندجارێك سەردانی (قەڵادزێ) دەکەن..

- بەرلە روخانی شارۆچکەی قەڵادزێلە رۆژی 1990\8\ جارێکی تر هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵ (دلێری مامۆستاقادر) لەوێچاویان بەکاك ( مستەفا سید قادر) وهەڤاڵ مامۆستا أمين (چیا) دەکەوێ ..

داوایان لێدەکەن خۆیان رێکبخەنەوە، پەیوەندی بەرێکخستنەدابڕاوه کان و پێشمەرگەکۆنەکان،خەڵکی دڵسۆز بکەن.. بنکەی ریکخستن و جەماوەری لە کەرکوك وقەزاوناحیەکانی،لەو ئۆردوگایانەی ئاوارە ی کەرکوکی تێدایە..دروست بکەنەوە..

دوای گەڕانەوەپەیوەندی بەسەدان تێکۆشەری کۆڵنەدەرەوە دەکەن، زانیاری ووردلەسەر ئۆردوگاکان، سەربازگەکانی رژێم، دەزگاسەرکوتکەرەکان، خۆفرۆشان... کۆدەکەنەوە...

لەکەرکوك ودووبزوهەولێرچەندشانەی چەکداردروستدەکەن.

- دوای روخانی قەڵادزێ،بەبڕیاری سەرکردایەتی (ی.ن.ك)

کاك مستەفا دەچێتە هەولێرو شوێنی نهێنی بۆدابین دەکرێ.
لەوماوەیەدا بەهۆی دزەکردنی خۆفرۆشانەوەهەندێك نهێنی
دەگاتەسیخوڕییەکانی رژێم.هەربۆیە(کاك مستەفا)وچەندهەڤاڵێکی
لەلایەن رژێمەوە دەستگیردەکرێن..
ئەمەمەترسی لای کاك (سالار)وهەڤالانی دروست دەکات، دواتر بۆ درێژەدان بە بڕیارەکانی سەرکردایەتی، هەڤاڵ(مستەفا سیدبرایم) ناسراوبە (شاسوار)دەبێت بەبازنەی پەیوەندی نێوان (سرك)و سەرکردایەتی وسەرپەرشتی رێکخستنەنهێنییەکان دەگرێتە ئەستۆ، بەهاوکاری هەڤاڵ کاك (مەلاقادر)و هەڤاڵ (خولە)و (وەستارسوڵ) چەند هەڤاڵێکی تر. خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان..ئامادەدەکەن..
- دوای ئەوەی بەرنامەبۆراپەڕین دابەزیەخوارەوە،هەڤالانی شانە چەکدارەکانی(سرك)چەندین شانەی چەکداری نوێی تریان بەناوی (بروسك)ە وە لەکەرکوك ودوبزوهەولێر..پێکهێنا کەژمارەی هەرشانەیەك لە(3-5)کەس پترنەبوو..

***سەردانی یەکەم بۆ دووبز وکەرکوك**

-1991\2\20بەبڕیاری رێکخستن سالارو وەستاصابروتحسین خیات بەسەیارەیەکی تاکسی دەچنە (دووبز)و هەڤاڵ (یوسف طیب)و (حسین حمەدەمین) (سۆران عبداللە)و(شێرزاد حاجی صالح)دەبینن..
سەردانی چەند پێشمەرگەی کۆن وخانەوادەی شەهیدان دەکەن.
لەوێوە دەچنە شاری کەرکوك،دوو شەو لە ماڵی هەڤاڵ(صدیقەڕەش) هاوسەری(لیلامحمدغریب) دەمێننەوە..
بۆ فراوانتر کردنی جالاکی لەوێ چاویان دەکەوێت بەهەڤالانی هێلی(شەهید رفیق ئاغجەلەری)کە کاک(کۆسرەت ئاغجەلەری) سەرپەرشتی دەکرد..
دەربارەی بەرنامەی راپەرین وخۆسازدان وجۆشدانی جەماوەر

چەندین کۆبوونەوە دەکەن، بۆشەوی سێیەم دەچنەماڵی(وەستارەسول) لەگەڕەکی(حی الواسطی) لەگەڵ هەڤاڵ (وەستاجەباری حاجی ستار)و هەڤاڵانیان کۆدەبنەوە، بەرنامەی راپەڕین تاوتوێدەکەن ،بڕیاری پێکهێنانی چەند شانەیەکی چەکداردەدەن و..
دواترهەڤاڵان (وستارسول)و(وستاجبار)چەکیان بۆدابین دەکەن.
لەگەڕەکەکانی( رحیماوا) و(تەپە)یش چەندشانەیەك پێکدەهێنن.
لەرێی هەڤاڵ(کمال عەجەم)ەوە جگەلەدروستکردنی چەند شانە لەگەڕەکی (تەپەی ملاعەوللا) پەیوەندی لەگەڵ چەندکەسایەتیی لەمەسیحییەکانی کەرکوکیش دروست دەکرێت.

***سەردانی دووەم بۆکەرکوك**

دوابە دوای ئەوەی بەرنامەی راپەرین لەلایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ەوە دارێژراو وەکو پرۆژیەك لەگەل سەرکردایەتی (بەرەی کوردستانی)لەوێش بڕیاری لەسەردرا وبووبەبەرنامەی سەرانسەری هەموو هێزەکوردستانییەکان وجەماوەر...
سەرکردایەتی(ی.ن.ك)ژمارەی نهێنی وجوفرە بۆرێکخستنەنهێنی و شانەچەکدارەکان دەنێرێتە خوارەوە، لەژمارە(900) بۆ (1000)بۆ سنووری هەولێرو کەرکوك دیاری دەکرێت، دواتر بە پێشنیاری هەڤالانی بروسك ژمارەکانی کەرکوك بۆ جیاکردنەوە لەهەولێر..
بەم شێوەی لێدێت (0990)بۆ (01000)
لە3\3\1991هەڤالان(سالارحکیم حمەڕەش وئاسۆ شەل ولادێی) سەفەری دووەم بۆکەرکوك دەکەن.
- شەوی یەکەم لەماڵی هەڤاڵ(صدیق بکرمحمد )
کەنهێنی (راستی)بوو دەمێننەوە

- شەوی دووەم لەماڵی (وەستا رەسول) لە(حی الواسطی)وشەوێك لەشۆرجە لەماڵی(وەستا جبار) وشەوێك لەرحیماوا دەمێننەوە..
له ڕۆژی 1991\3\7 له ماڵی هەڤاڵێك دەبن لە(امام قاسم)كە (رادیۆی گەلی كوردستان) هەواڵی سەركەوتنی راپەڕینی سلێمانی رادەگەێنێ،لە ماڵی دراوسێكەیان كە عبید سەعاتچی باوكی (شەهید ملازم سیرواوان) دەبێت ،دەبێ بەهەڵهەڵەلێدان، سەرەتا وادەزانن ئاهەنگی ژنهێنانی دراوسێكانە، كەدەپرسن ئەو بەزمەچییە.؟؟ خوشكەكانی شەهید سیروان مژدەی راپەڕینی سلێمانییان پێرا دەگەێنن..
ئیتر یەكسەر بڕیار دەدەن بگەڕێنەوەبۆهەولێر..
بۆرۆژی دواتر(علی حسن مجید) هێزێكی زۆر دەهێنێ بۆ كەركوك ئابلووقەدەدات،بازگەی پشكنین لەشەقام وكۆلانەكان و لەرێگاكانی دەرەوەی شار دادەنێت، زۆر بەمجازفەدەگەرێنەوەبۆهەولێر....

***

# هێڵەکانی ناوشار



لە مەڕباسی راپەڕین ورزگاری کەرکوك داناشێوناکرێ باسی هێڵەرێکخستنە نهێنی یەکانی ناو کەرکوک نەکەین، ئەوەندەی بۆم کرابێ هەوڵمداوە لەچاپی دووەم دا کەم وزۆردەوری هەڤاڵان شاری کەرکوک فەرامۆش نەکەم..

## هێڵی شەهید رفیق ئاغجەلەری:

ئەم هێڵەلەلایەن هەڤاڵ (کۆسرەت ئاغجەلەری)یەو
ەسەرپەرشتی دەکرا،
ماڵەکەی هەڤاڵ (صدیق بکر بۆڕیچی- صدیقەڕەش )
کەناوی نهێنی (راستی)بوو
بنکەی چەخماخەی بروسك وقەڵا
لەشکان نەهاتووەکەی(سرك)بوو،لەم قوتابخانەییەی شۆڕش و
لەژێر ساباتی ئەم سەنگەرەنهێنی پارێزەی کەرکوك دا
ئەم هەڤاڵانەیش هەریەکەدەوری جوامێرانەیان لەراپەڕین و
لەرزگاری کەرکوکدا هەبووە:
1- شەهید سیروان دێرەشی
2- شەهید شاهۆ (بی کەی سی)
3- وەستا صابر
4- مجید رۆستەم
5- سیروان أحمد
6-صدیقەڕەش
7- لەیلا (هاوسەری صدیق)
8- سیروان حمەسعید
9- سیروان دیسکۆ

## هێڵی شۆڕش:

ئەم هێڵەیش یەکێك لەهێڵەچالاکەکانی ناوشاری کەرکوك بوو، دەوری زۆردلێرانەی هەبوو لە راپەڕین ورزگارکردنی کەرکوکدا، ئەم هێلە لەلایەن هەڤاڵ (کاوەرەحیم رەزا) ناسراو بە (ئارام)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، بازنەی پەیوەندی ئەم هێلەکەسێ بوو جێی متمانەی هەمووان بوو،چونکە سێ چوار برای قارەمانی لەشۆڕشی نوێداشەهیدبووبوون، ئەویش کەهەڤاڵ (سعیدعەسکەری)بوو..

ئەم هەڤاڵانەدەوری بەرچاویان هەبووەلەراپەڕینەکەدا:

1- غازی کەرکوکی
2- عبداللەشۆرجەیی
3-شەهید دەشتی عزیز
4-صباح رسول
5-شێرزاد سەرسپی
6-عاصی
7- ستار ەرەش
8- دکتۆر عدنان
9- محمدعبدالقادر
10- عادل عبداللە
11 - شریف – شەل
12- زمناکۆ (دەوری هەبووەلەگرتنی باروتخانە)
13- چەند ژنێکی ئازا (لەوانەبراژنی غازی کەرکوکی)




## هێڵی زریان:

یەکێك لەهێڵەچالاکەکانی رێکخستنی نهێنی شاری کەرکوك بوو، ئەم هێلە بەرلەراپەڕین ولەکاتی راپەڕین ولە دوای راپەڕینیش یەکێك لەهێڵەچالاکەکان بوو،هەڤاڵ(زریان) سەرپەرشتی دەکرد:

- هەڤاڵ غالب طه محم دقادر ناسراوبە (زریان) تێکۆشەرێکی شۆڕشی ئەیلول بوو.
- ساڵی 1977 لەرێی(مەلاشاخی)یەوە پەیوەندی بە (ی.ن.ك) ەوەکردبوو.

دوای گیرانی هەڤاڵانی(کۆمیتەی ئاگر)هێڵی(زریان)ی پێکهێنابوو، پەیوەندی بەرێکخستنەوەنەپچڕابوو.

لەساڵی 1982 تا1988بەخیزانەوە لەناوچەئازادکراوەکانەوە سەرپەرشتی چەند هێلێلکی لەناو شاری کەرکوك دا دەکرد، دوای ئەنفالەکانیش دوومانگ لەگەڵ پارتیزانەکاندا مابووەوە..
- بەرلەراپەڕینی1991پەیوەندی بەشانە چەکدارەکانی (بروسك)ەوەکردبوو.
- رۆژی1991\3\20بەدەستەیەك پێشمەرگەی ئازاوە، بەچەکی(دۆشکا)وەدەوری کاریگەری هەبوو، لەشکاندنی گەمارۆی هێزەکانی رژێم
لەسەرهەڤاڵانمان لەگەڕەکی رەحیماوا ولەرزگارکردنی شاری کەرکوك دا..
- ئەم تێکۆشەرە دڵسۆزەی شاری کەرکوك لەسالی 1995 کۆمەڵیك چەك و تەقەمەنی هێنایەوەناو شار، بەومەبەستەی لەهەلومەرجی گونجاودا جارێکی تر (ی.ن.ك) بۆ رزگارکردنی کەرکوك سودیان لێوەربگرێت.
بەداخەوە..بەهۆی خیانەتی کەسێکەوەخۆی چەندهەڤاڵێکی راپێچی زیندانکران وچەکەکان ئاشکرابوون، هەڤاڵ(زریان)یش بۆ رزگارکردنی گیانی هەڤاڵەکانی لەبەردەمی دادگای رژێم پاکانەی بۆ ئەوان کردو هەموو کێشەکەی گرتەئەستۆی خۆی ..
لەرۆژی23/٨/ 1997بریاری لەسێدارەدانی بۆدەرچوو..
- لەرۆژی 3\11\1997 لەزیندانی (أبوغريب) لەسێدارە درا.



## رۆڵی (مەلائەحمەدی ون)
## لەرزگارکردنی کەرکوك

فازڵ عوسمان عەبدوڵڵا نلسراوبە (مەلائەحمەدی ون)

_ ساڵی1955لە شۆڕیجەی کەرکوك لەدایك بووبوو،

- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردبوو،

- لەساڵی1975پەیوەندی کردبوو بە (ی.ن.ك)ەوە.

- ساڵی1981 لەگەرمیان بووبوو بەپێشمەرگە.

- لەراپەڕینی 1991دا لەقۆڵی( گەرمیان _لەیلان_کەرکوك)ەوە

لەگەڵ دەستەیەك لەهەڤاڵەکانی دەوری کاریگەر دەبینن

لەڕاپەڕین لەگەڕەکی(شۆڕیجە)و لە رزگارکردنی کەرکوکدا.



**کورتەی چاوپێکەوتنی هەڤاڵ ڕەمەند مەلامەحموود**

**لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:**

لەدیدی هەڤاڵ (رەوەند مەلامەحموود)ەوە ڕاپەڕین ورزگاری کەرکوک جیاوازی زۆری هەبووە لەگەڵ شارەکانی تری کوردستان..قسەلەسەر ئەوە دەکرا کەرکوک تەعریبکراوە، هێزی کوردی تێدا نەماوە..کوردتواناى ڕاپەڕینی نییە،بەڵام بەپێچەوانەوە دەرکەوت کە کورد هێشتا میللەتێکی بەتواناو یەکگرتووە دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات ,هەروەها وتی:

- ئێمە ڕاپەڕین بەسەروەتێکی نەتەوەیی و نیشتنانی دەزانین، ڕاپەڕین بەشێکی زیندووی میللەتەکەمانە،ڕاپەڕین توانی مێژوویەک بجوولێنێ...ئەم ڕاپەرین ورزگارییە وای کرد جارێکی ترئەم میللەتە زیندوو بێتەوەو بتوانێت دەسکەوتەکانی بهێنێتە دی...

- خەڵکی کەرکوک لە راپەڕیندا تووشی کارەساتی گەورە بووبوون،جونکە رژێم ..چواردەوری کەرکوکی بە سێ زنجیرە تەنی بوو،ناوشاریش ئەو شوێن و مۆڵگانەی هەبوو پڕکردبوون لە جەیش و قوات خاصە،علی حسن مجید خۆی هاتبوە کەرکوک سەرپەرشتی کوشتن ولەناوبردنی خەڵکی دەکرد،خەڵکێکی زۆری بە بارمتە گرتبوو، گوایە رێ لە راپەڕین دەگرن..
هەندێ لەخەڵک لەژێرزەمین وحەشارگە خۆیان پەنادابوو، چاوەڕوانی ئەوەبوون هێزی پێشمەرگە بگات و راپەڕن..ئەمانە پشکی شەرەفی رزگارییان بەرکەوت....بەڵێ ٣٠٠تا٤٠٠کەس لەم شارەدا شەهید بوون..ئەمە پەیامی خەڵکی ئەم شارە بوو بۆیەکێتی هەرکاتێک ئەگەرئەوبێتە مەیدان هێزی خەڵکی لەپشتە..

## بەرنامەی رزگاری کەرکوک

- بەپێی ئەو بەرنامەیەی دامان نابوو،دەبوو لە ١٦ی مانگ کەرکوک رزگار بکەین،بەڵام لەبەر چەندهۆیەک نەکرا..
بەپلەی یەکەم رەشبگیری خەڵک،دووم بارانێکی زۆر،پێمان وابوو لە دۆخێکی ئاوا ئەوهێزەی دێتە ناوشارەوە بەشی هەرەزۆری شەهید دەبێت،جونکە دوژمن لە ئامادەباشیدابوو، بیرمان لەوەکردەوە لەناو شارەوە دەست پێبکەین وشوێنەکان پاکبکەینەوە،لەبیرمەلەقۆلی لای هەولێرەوەئێمە٣٠٠ پێشمەرگە دەبووین،قۆلی سلێمانیشلە(لەیلان)و(قەرەهەنجیر) ەوە..

هەرسێ قۆڵەکە شەوی ١٨-١٩ هاتینە ناو شارەوە،تەقە لەسەنتەری شارەوە لەمۆڵگەو بارەگاکانی بەعسەوە دەستی پێکرد..دوژمن هەموو توانی خۆی بەکارهێنا..
دووسێ شت وای کرد ،سەرکەوتن بەدەست بێنین..
یەکەم پشتیوانی جەماوەری شار
دووەم هاتنی هێزەکانی دەرەوەی شارلەقۆڵی هەولێرەوە بەسەرپەرشتی کاک کۆسرەت و حەسەن کوێستانی وچەندین هەڤاڵی تر ،هەموو بەهێزی زۆرەوە هاتن و لەچەند قۆڵێکەوە پێشرەوییانکرد،لە لای سلێمانیشەوە بەهەمان شێوە،ئەمە وایکرد ئەو هێزەی دوژمن کەئابڵوقەی پێشمەرگەکانی ناوشاریان دابوو،خۆیان کەوتنە نێوان هێزی پێشمەرگەی ناوەوە و دەرەوەی شار ..هەر بۆیە تووشی شکستێکی گەورەهاتن، لە ئێمەش ١٤-١٥ پێشمەرگەوچەندین فەرماندەی قارەمان شەهید بوون..لەقۆڵەکانی تریش شەهیدمان هەبوو،ئیتر بازنەی سەر دوژمن بچووک کرایەوە،علی حسن مجید رێگای زەمینی لێگیرابوو ،بەناچاری بە هەلی کۆپتەر رای کرد..
تا رۆژی ٢٠ ی مانگ زۆربەی شارەکەئازدکراو رۆژی نەورۆز بوو بەرۆژی ئازادی کەرکوک...

* کوردستانی نوێ-ژ(٥٧٣٢)٢٠١٢/٣/٢٠



**دەوری هەڤاڵ ئازاد حسین تۆفیق (ئاسۆسوور)**

**لەشۆڕش ولەرزگارکردنی کەرکوك دا**

- ئازاد حسێن توفیق ناسراو بە(ئاسۆ سوور) لەدایك بووی سالی1966 لەگوندی (شەوگێڕ )ناوچەی شێخ بزێنی \ کەرکوك

-لەسالی1981پەیوەندی کردوە بەڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)ەوە

-لەسالی1982بومەتەپێشمەرگەلەدەشتی هەولێرچەکی شەرەف وکوردایەتی هەلگرتوە,هەرهەمان سالْ گوازراوەتەوە بۆتیپی21کەرکوك کەرتی1ی سالەێی

- سالی 1984 لەبەردلسۆزی و لێهاتوویی پلەی فەرماندەی مەفرەزەی وەرگرتووە لەکەرتی (1) ی سالەیی ت21 ی کەرکوك.

- لەسالی 1986 گوازراوەتەوە تیپی(25)ی خالْخالان و ئەرکی لێپرسراوی کەرتی (2) ی شیوەسوری وەرگرتووە, تاوەکو سالی 1988 لەم تیپە ماوەتەوە، لەئەنجامی ئەوچەند سالەی خەباتی پێشمەرگایەتی لەدەیان داستان و نەبەردی سنوری تیپەکان بەشداریکردوە,جگەلەوشەڕانەی کەلە سەرکردایەتیەوە بانگهێشت دەکران وبەخۆشحالیەوە بەشدارییان تێدا دەکرد،ئەمانەی خوارەوەش چەند داستانێکە بەشداری تێدا کردوون :

- شەڕی ناوگوندی (ئۆمەر گومەت – شەڕی کۆزەبۆرە– شەڕی قەرەبەگ
- شەڕی (شیوە سور)– شەڕی (چیمەن )– شەڕی گوندی ( تولکی)
- شەڕی گوندی (حەسار)– شەڕی بانی کانی ڕەش– شەڕی دابان هەلاج
- شەڕی گۆپتەپە– شەڕی شیوەسوربۆجاری دووەم
- شەڕی شیوەسور بۆجاری سێهەم
- شەڕی ناو دێ ی ( ئەسکەندەر بەگی)– شەڕی بێتواتە
- شەڕی کێوە ڕەش (لەم شەڕە دا بەسەختی بریندار بوو)

– شەڕی دۆڵەڕەقە– شەڕی جادەی کۆیە– شەڕی ناوسور کەل

– شەڕی حەساربۆجاری دوەم – شەڕی سەفرەوزەن

– شەڕی گرتنی قەڵاتە و تەق تەق.– شەڕی لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك

– شەڕی لێدانی سەیتەرەی کەرکوك ,ناوشار– گرتنی ڕەبیەی کەلی سێکانیان

– شەڕی گوندی شەوگێڕ – شەڕی گوندی قەرەسالم

– شەڕی لێدانی قافڵەی شیوە سور – شەڕی ناودێ ی ئیلنجاغ

– شەڕی داستانی ڕزگاری – شەڕی خەجەلەرزۆك

لەکاتی ڕزگارکردنی کەرکوکدا،یەکێك لەوفەرماندانە بوو لە (رحیماوا) ورێگای دووسایدی (عرفە) دەوریجوامێرانەی هەبووە، لە تێك شکانی هەموو ئەو هیرشانەی لەقۆڵی(فیلق)ەوە دەکرانە سەرگەڕەکی رەحیماوا و دەوروبەری....

رۆژی 28\3\1991لەکاتی کشانەوە لە شاری کەرکوك دواکەس دەبێت کەشاری کەرکوك بەجێدێڵی و لەکاتی کشانەوەدا لەنێوان شوێنی ئێستای گوندی (گورگەچاڵ)و (سێکانیان)دەکەوێتە بۆسەی(قوات خاصە) هێزە تایبەتییەکانی رژێم لەزەوییەوە وهەلیکۆپتەرەکان لەئاسمانەوە...

لەشەڕێکی دەستەویاخەدا..کە تا دوای خۆرئاوابوون دەخاێنێت،بەدەیان سەربازی دوژمن دەکوژرێ..لەو نەبەردەدا ئەم پێشمەرگانە شەهید دەبن:

1- أحمدعیمان حسن بیرالْك

2- دڵشاد أحمد علی امام قاسم

3- سعیدسعدی اسماعیل سارتك

ئەم پێشمەرگانەیش بریندار دەبن :

1-ئازادحسین توفیق(ئاسۆسوور)

2-نەوزادحسین توفیق\ شەوگێڕ

3- جبارمحمدتوفیق(برینی کاریگەردەبێت)\شوگێڕ

4- حمەدەمین رحمان فتاح\سارتك

5-عبدالله احمدعلی\امام قاسم

6-محمودمحمدعلی\ دەرماناو

بۆشەوەکەی بەسوودوەرگرتن لەتاریکی.. دەتوانن خۆیان وبریندارەکان

بگەنەوە دەرەوەی بازنەی گەمارۆی هێزەکانی رژێم ...

- هەرئەورۆژە بەدەیان ژن وپیاو ومناڵ لەگەرمەی ئەو شەڕەکەدا

دەکەونە بۆسەوە وشەهید دەکرین ولەناوسەیارەکانیاندا گڕدەگرن و دەسوتێن..*

* رۆژنامەی کوردستانی نوێ 18\4\ 2000 \ ئاسۆسوور

# ناوی هەندێک لەوپێشمەرگانەی چوونە ناوشاری کەرکوکەوە

شەوی١٤/١٥-٣-1٩٩١هێزی پێشمەرگە و شانەچەکدارەکانی بروسک هەوڵیان دا کەزنجیرەی زوورگی(بەرازە) لە نزیک (قەرغەتووک، کتکە، نەبیاوا) کۆنترۆل بکەن تا لەوێوە بەرەو دووبز پێشرەوی بکەن.. بەڵام بەهۆی ناشارەزایی و نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر شوێن و مۆڵگەکانی دوژمن ،سەرکەوتوو نەبوون...

بەشێکی تری هێزەکان کە لە هۆکاشەوە دەیانەوێ برۆن بەرو بەری کۆچەک لەرێگا لە نزیک گوندی (بیبانی) دەکەونە نێو کێڵگەیک لە مینەوە،چەند پێشمەرگە شەهید و بریندار دەبن ،هەربۆیە ئەو شەوە دەگەڕێنەوە بۆ پردێ

***

ئەوپێشمەرگانەی یەکەم شەو چوونە ناوشاری کەرکوکەوە
هەرچەند حەزم دەکرد ناوی هەموو ئەو هەڤاڵانەم لەلابێت کە یەکەم شەو خۆیان گەیاندە ناو شاری کەرکوك..
بەڵام بەداخەوە ..
هەرئەوەندەم بەر دەست کەوت:

- جلیل صادق خورشید(حاجی هەڵمەت)
- صابرحمەصالح (وەستاصابیر)
- فەرهادحمەبۆر قەفاری (شەهید)
- لقمان عزالدین محمود (وەلیپاشایی) (شەهید)
- أحمدنصرالدین (مەلائەحمەدگۆگجە)

-عبيد صديق حمدامين گۆگجەیی
- محمدعلی پێنجه (شەهيد)
- سامی عزيز هيدر
- ناميق خدرشيرنی
- جبارکويخاعبيد پاپيلانی
- عەونی حەساری
- احمد حاجياغا دارەمانی
- ممند حاجياغا دارەمانی
- صمد حاجياغا = =
- محمود حاجياغا = =
- وهاب دارەمانی
-کاکەمەند حاجی کاکەڕەش
- سەربازحاجی کاکەرەش
- شفيق فاتح سعيد (هيوا شێت)
-محمد مەلا نوری سعيد
- خاڵەکريم عمر رانيەیی
- عصام عزيزاحمدصادق شەهيدبوو
- سميع عزيزاحمدصادق شەهيدبوو
- سەرکەوت خليفه عبيدعلی شەهيدبوو
- عبيداسعد (جوتيار)
- جمعه قادر وەلی 1997شەهيدبوو
- نادرمحمدامين (ناله عەشايەر)
- بيستون محمد
- محمدکريم عزيز(حمەحەساری) بريندداربوو
- رمەزان نادر عەمدۆنی = =
- نەريمان نادر = = =
- عمراحمد رسول = =
- سالارحکيم حمەرەش
- ستارأمين کويخاخورشيد (شەهيد)

- سواره أمين كويخا خورشيد
- وەستارەسول
- ئومید کاکەوەیس حەساری (شەهید)
- کاوەمیر عزیز کۆچەکی (شەهید)
- محمد رازی (شەهید)
- صابیرصمد رشید بیبانی (بریندداربوو)
- لاوە کوێخایابە
- نصرالدين ملامحمود (رەوەند) بریندداربوو
- ئازاد سمیع (ئازاد کۆیی) شەهید
- هیمداد حمەرەش مام رەشی
- نجم الدين خسرەو (باپیر) بریندداربوو
- نازم علی مولود
- کاوە سوور
-ئازادحسین تۆفیق (ئاسۆسوور)
- نەوزاد حسین تۆفیق
- رەزا عبدالله رەزا ( رزگار) (بریندداربوو)
- فخرالدين رشید قادرزەمەیی (شەهید)
- ملاصابر محمود حمەپیرە
- شاخەوان شفیق رۆژبەیانی
- نجات سلام مەرزیخەیی
- تۆفیق قەرەناوی
- سەرتیپ حسیب صدره ( قەرەدەرەیی)
- عبدالله خالد عبدالله – زەردکی
- محمد کۆچەکی شه هید
- خالدمحمدحسین کاولەسواری شەهید
- حسن لە مرکز رحیماوا شەهیدبوو
- قادر علی رفیق (قالەچەرمە)
-انورسعيد قادرباغری(انورخمیس)
- اسعد سعيد قادرباغری

- جاسم علی مولود (وەستا جاسم)
- طاهر عثمان صالح (د. طاهر)
- دکتۆر عدنان
شیوعی یەکان:
– **نصرالدین احمدنەریمان (حمەڕەشاش)**
– **هاوڕیٚ شاهۆ**
– **هاوڕیٚ شالاٌو**
– **هاوڕیٚ کامەران بریندداربوو**
– **هاوڕیٚ حسن حاجی محمد**
– **هاوڕیٚ محمود عبدالحمید**
– **هاوڕیٚ ئاسۆ دارەقوتەیی**
– **هاوڕیٚ عادل ***

تێبینی:
1 :دەستەیەك لەكۆنە پێشمەرگەكانی شۆڕشی ئەیلول بەسەرپەرشتی
هەڤاڵان(نصرالدین مصطفی) و(أحمدحاجیاغا دارەمانی)لەگەڵ ئەم هێزەدا بەفەرماندەیی شەهید(حاجی هەڵمەت) بەشداربوون.
2 :- کچیك بەناوی پەخشان بەشداری کرد

سەرلەبەیانی 1991/3/19 بروسکەمان بۆ کرا
کەشەو بە دەیان پێشمەرگە لە هەڤاڵانمان گەیشتونەتەناو شاری کەرکوك وگەڕەکی (ڕەحیماوا)یان ئازاد کردووە، ئەوفەرماندانەی ناویانم لەبیرە:

1. حاجی هەڵمەت
2. ئاسۆ سوور
3. کاکەمەدکاکەڕەش
4. وەستا سابیر
5. وەستا رەسول
6. لاوەکویخا یابە
7. مەلائەحمەد گۆگجە
8. ڕەوەند
9. فەرهاد چیمەنی
10- لحمد حاجي ئاغا

- لە قۆڵەکانی لەیلان و قەرەهەنجیر یشەوە

پێشمەرگەکانی محوەری سلێمانی- کەرکوک

گەیشتوونەتە ناوشار....

## ئەزمونی راپەرین لەنێوان چاوەروانیەکانی ئێمەو خەونە کانی ئاییندەدا

**شێخ جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگە :**

* ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە خەڵك بەو شێوەیە رانەدەپەڕی وسەرکەوتن بەدەست نەدەهات

*بە فیداکاری نەوەکانی پێشوو ئەم ئەزموونەی ئێستا بەدەستهاتووە، بۆیە پێویستە نەوەکانی ئەمڕۆش هەوڵبدەن کوردستان زیاتر پێشبکەوێت و ئاوەدانبکرێتەوەو ژیانێکی خۆشتر بۆ نەوەکانی دوای خۆیان دروست بکەن

* بەشێك لە پەندو وانەکانی راپەڕینی بەهاری 1991 ئەوەیە، پێویستە هەر دەسەڵات و سیستەم و کیانێکی سیاسی سوودی لێوەربگرن و بزانن کە بە خۆسەپاندن و قۆرغکردنی مافەکان و ناهەقی کردن ناتوانرێت هیچ دەسەڵاتێك درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات ، راپەڕین لە ئەنجامی ئەو زوڵم و ستەمە زۆرەی رژێمی بەعس بوو کە ساڵەهابوو لەسەر گەلەکەمان پیادەی دەکرد، بەڵام میللەتەکەشمان هەمیشە بەهۆی شۆڕشەکانی و ئەو هەستە نیشتیمانپەروەری و ئازادیخوازییەی هەیبووە لەبەرگری کردن لە خۆی و مانەوەو مافەرەواکانی کۆڵی نەداوە، بۆیە کاتێك رژێمی عێراق وڵاتی کوێتی داگیرکردو کەوتە شەڕێکی گەورە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانانا، لێرەوە زەمینەیەك بۆ گەلەکەمان هاتەئاراو دەرفەتی خۆرزگارکردنی بۆهاتەپێش وبە تێگەیشتن وسوود وەرگرتن لەو پێشهاتەش جۆش و خرۆشی خەڵکی کوردستانیش لەوکاتەدا گەیشتە ئەندازەیەك کە ئیتر کۆتایی بە زوڵم و زۆری ئەو

رژێمە دیکتاتۆریە بهێنێت. خەڵك ئامادەییەكی باشی بۆ راپەڕین و بەگژداچوونەوەی دەزگا سەركوتكەرەكانی حكومەتی ستەمكاری بەعس تێدابوو، بەڵام پێویستیان بە پاڵپشتی و رێكخستن و پلانێك هەبوو تابتوانن راپەڕین بەرپابكەن، دیارە سەركردایەتی بەرەی كوردستانییش ئامادەكاری بۆ وها بارودۆخێك كردبوو، ئەوەبوو لەو هەلومەرجەدا كە بەرەی كوردستانی زیاتر لەسەر سنوورەكان بوو بەرنامەیەكی تۆكمەی دارِشت كە توانرا پەیوەندی بكرێت بەخەڵكە ناودارو موستەشارو فەوجەكانی رژێمەوە، جگە لە رێكخستنەوەی رێكخستنە نێهینییەكانی شارەكان و هەروها دروستكردنی جۆرەها شانەی چەكداریی لەشارەكانداو، سەرئەنجام لە 3/5 دا راپەڕین بڵێسەی داو پێشمەرگەو خەڵكی كوردستان پێكەوە رژێمی بەعسیەكانیان كوردستان بەدەر كردو وەرچەرخانێكی گرنگ هاتەئارا كە هۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری خاكی كوردستان بە كەركوكیشەوە ئازادبكرێت. لەوكاتەشدا پەیامی خەڵك بۆ راپەڕین ئەوەبوو، كە بتوانن خۆیان لە دەست ئەو زوڵم و زۆرەی كە هەبوو رزگاربكەن، چونكە گەر سەیربكەین ئەو دەزگا سەركوتكەرانەی رژێم كە لە كوردستاندا هەبوون جۆرەها دەزگای دامەزراندبوو بۆ كپكردنەوەی هەموو جموجۆڵێكی میللەتەكەمان و كوشت و زیندانی كردنی گەنجانی میللەتەكەمان، بۆیە راپەڕین پەیامێك بوو بۆ دوژمنان و داگیركەران كە زوڵم و ستەم تا ئەندازەیەك قبووڵ دەكرێت،بەڵام هیچ هێزێك نییە رێگری لە راپەڕینی جەماوەر بكات. رۆڵی پێشمەرگەش لە راپەڕین رۆڵێكی یەكجار گرنگ بوو، گەرچی لەوكاتەدا ژمارەی هێزەكانی پێشمەرگە ئەو ژمارە زۆرە نەبوو كە بەتەنیا بتوانێت ئەو راپەڕینە بكات، بەڵام پێموایە گەر پێشمەرگەش نەبووایە خەڵك بەو شێوەیە رانەدەپەڕی و سەركەوتن بەدەست نەدەهات، چونكە خەڵكی كوردستان بۆ راپەڕین پێشمەرگەیان بە پشتیوانی خۆیان دەزانی. هێزەكانی پێشمەرگە لەراپەڕیندا بە رێنمونی سەركردایەتی بەرەی كوردستانی بەشێوەیەكی بەرنامەدارِێژراو بەسەر پارێزگاكانی كوردستان دابەشكرابوون،

بەجۆرێك بۆ هەر شارێك بەرپرسێك دانرابوو بۆ ئەوەی بتوانرێت بەهاوکاری رێکخستنەکانی ناو شار راپەڕینەکە سەرکەتووبێت، ئەوەبوو خەڵکی ناوشارەکان راپەڕینەکانیان دەکردو هێزی پێشمەرگەش پشتیوانیەکی گەورەبوو بۆخەڵك وسەرکەوتنی راپەڕینەکە، چونکە لەسەرەتاوە زۆربەی خەڵکی کوردستان چەکیان نەبوو، بەڵام کاتێك بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگە توانرا دەست بگیرێت بەسەر سەربازگەو جبەخانەکاندا ئەوسا خەڵك چەکی دەست کەوت، بۆیە هێزی پێشمەرگە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە راپەڕین و پشتیوانیەکی گرنگ بوو بۆ خەڵك، چونکە هێزی پێشمەرگە هێز و توانای خەڵك بوو. بەشێك لە پەندو وانەکانی راپەڕینی بەهاری 1991 ئەوەیە پێویستە هەر دەسەڵات وسیستەم و کیانێکی سیاسی لێوەی سوودی لێوەربگرن و بزانین کە بە خۆسەپاندن و قۆرغکردنی مافەکان و ناهەقی کردن ناتوانرێت هیچ دەسەڵاتێك درێژە بە دەسەڵاتەکەی خۆی بدات، چونکە دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام حوسێن و سوپا دڕندەکەی بەهێزی خەڵك و پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە لەماوەیەکی زۆر کورتدا توانرا لە خاکی کوردستاندا دەربکرێت و کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی بهێنرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو رژێمە خاوەنی بەهێزترین دەسەڵات بوو لە ناوچەکەدا،بەڵام لەبەر ئەوەی پەتی زوڵمی گەیشتبووە ئەستورایی نەیتوانی لەبەردەم ویست و ئیرادەی خەڵکدا خۆی راگرێت، بۆیە دەبێت هەموو دەسەڵاتێك سوود لە هەڵەو تاوان و چارەنووسی رەشی ئەو رژێمە وەرگرێت و بزانێت ئەگەر نوێنەری خەڵك و لە خزمەتی خەڵکدا نەبێت و خۆی بەخزمەتکاری میللەتەکەی نەزانێت و ئازادی و دیموکراسییان بۆ دابین نەکات و مافی مرۆڤ نەپارێزێت، ئەوا رۆژێك دێت هێزی خەڵك ئەو دەسەڵاتە رادەماڵێت و لەناوی بەرێت، چونکە خەڵك دەسەڵاتت دەداتێ و هەر ئەویش دەتوانێت دەسەڵاتت بپارێزێت، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمیش لە خزمەتی خەڵك و ئازادییەکانی دابێت. جگە لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کە دوو بەرهەمی مێژوویی و ناوازەی راپەڕینن، چەندین بەرهەمی تر لە

دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین لە واقیعی ئەمڕۆماندا بەرجەستەن، ئێستا لە عێراقدا پێگەو سەنگ و ڕۆڵی کورد دیارە، سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری دەرەوە و چەندین وەزیر و پلەی تر هاوشانی کوتلەیەکی پەرلەمانی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بوونیان هەیە، کە هیچ ئیشێك بە بێ ڕەزامەندی ئەو کوتلە پەرلەمانیەی کورد لە عێراقدا ناڕوات کە توانیویەتی پارسەنگێکی باش بێت بۆ کارەکانی پەرلەمانی عێراق، هاوشانی ئەمانە ڕاپەڕین توانی ئازادی و دیموکراسی و ئاسایش بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات، لەپاڵ ئەمانەشدا توانراوە چەندین کونسوڵگەری وڵاتانی بیانی لە هەرێمدا بوونیان هەبێت و شاندی گەورەی وڵاتان رووبکەنە ئەو وڵاتە و شاندە باڵاکانی هەرێمەکەشمان لەلایەن شاندی باڵای وڵاتانەوە پێشوازیان لێ بکرێت، کە ئەمانەش هەمووی دەستکەوتی ڕاپەڕینن، بۆیە پێموایە دەستکەوتەکان ئەوەندە زۆرن ناتوانرێت بژمێردرێن.

هەر لەوسۆنگەیەوەش دەمەوێت ئەوە بەبیر نەوەی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش بهێنمەوە، کە ئەو دەستکەوتانە وا بەئاسانی وەدەست نەهاتوون، ڕاستە نەوەی دوای ڕاپەڕین نەیانبینیوە، بەڵام گەر گوێبگرن لە باوك و باپیرانی خۆیان کە بە چ بارودۆخێکی سەخت و نالەباردا تێپەڕیون، بەجۆرێك بەدەیان هەزار تێکۆشەری میللەتەکەمان لە سەنگەرەکانیاندا شەهیدبوون و بەدەیان هەزاری تر بە کیمیایی و ئەنفال شەهید بوون، دیارە بە فیداکاری نەوەکانی پێشوو ئەم ئەزموونەی ئێستا بەدەستهاتووە، بۆیە پێویستە نەوەکانی تازەش هەوڵبدەن کوردستان زیاتر پێشکەوێت و ئاوەدانبکرێتەوە و ژیانێکی خۆشتر بۆ نەوەکانی دوای خۆیان دروست بکەن، دەبێت هەموومان دەست لەناو دەست بخەین بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانە وزیاتر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەرەوپێشبردنی قەوارە فیدراڵیەکەمان.

---

ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە

# بەشی دەیەم



## قۆلی چەمچەماڵ

## جارێکی تر خۆسازدانەوە

دوابەدوای رزگارکردنی (چەمچەماڵ)و(پردی) ئیتر سەرکردایەتی بەرەی کوردستان بەتایبەتی سەرکردە و فەرماندەکانی (ی.ن.ک) هێزەکانیان لەم دووشوێنەدا کۆکردەوەو کەوتنەوە سازدانەوەیان، لەماوەی سێ شەو وسێ رۆژدازۆربەی چەکدارە کوردەکانی رژێم وەک (تحسین شاوەیس)و (صلاح قادرفەرەج)و چەندانی ترلە قۆلی (چەمچەماڵ)و(حاجی علی نەبیاوە)و(کریم قایەباشی) لە سنووری (پردێ) و (احمد کوێخا رجب) لە سنووری (شوان) پەیوەندییان کرد، شانبەشانی ئێشمەرگەو جەماوەر هاتنە مەیدان.

یەکێک لەشەهیدەکانی رزگاری چەمچەماڵ (صلاح قادرفەرەج)بوو -شەوانی ١٤-١٥-١٦-١٧ ی ئازار لە هەردوو قۆڵەکەوە چەندین هەوڵی بێ هوودە دران بۆ شکاندنی ئەوبازنە تۆکمەیەی زنجیرەی (کانی دوومەڵان) و(کەلی سێکانیان)و (بانی مووغان)و زنجیرەی (جەوەل بۆر) چەندین پێشمەرگە شەهیدو بریندار بوون.. چەندین فەرماندەی ئازاوقارەمان وخاوەن ئەزموون،هەڵمەت لەدوای هەڵمەتیان برد، بەڵام تێپەڕبوون بە نێوان (٤٠کم) پراو پڕ لە سوپای پڕچەک و تۆکمە و سەدان کێڵگەی بەمین چێندراو کارێکی هەروا سووک و ئاسان نەبوو.. ئەوفەرماندانەی لەو چوار شەوەدا ورەی هێزەکانی دوژمنیان بەچەندین پەلاماری یەک لەدوای یەک

هێنابووەخوارەوە بریتی بوون لە(مام رۆستەم،کوێخاسیروان، سەربازحسین،غەریب عەسکەری،علی نەبی، عوسمان سێدەری، سەفین مەلاقەرە،رابەرسەیدبرایم،رفعت عبدڵلە، جلال ئلنجاخی، جلال احمدحسن دووشیوانی، نەسردین مستەفا،مەلااحمدی گۆگجە، وەستاصابیر، لاوەکوێخایابە، ئاسۆسوور، رەوەند، کاکەمەند)و دەیان فەرماندەی تری سنوورە جیا جیاکانی کوردستان..

-شەوی١٦-١٧یئازاربەتالیۆنی(٧)بەفەرماندیی(غەریب عەسکەری) پەلاماری شارۆچکەی(لەیلان)یان دابوو..بەڵام بەتەواوەتی بۆیان کۆنترۆل نەکرابوو،گەر چی زیانی زۆریان بەدوژمن گەیاندبوو، دوای شەهیدبوونی چەندین پێشمەرگەی قارەمان کەلەنێویاندا (وەستاهەینی حاجیتانی)هەبوو، بەرەبەیان گەڕابوونەوەچەمچەمال.

بزانین هەڤاڵ (عوسمان سێدەری)چۆن بۆمان دەگێڕێتەوە:

(ئێمەکاتێک کە لە(لەیلان) کشاینەوە زۆر ماندوو وبرسی بووین، درەنگی شەوگەیشتینەوە (شۆڕش)و (چەمچەماڵ) شارەکە بەهۆی پەرچە کرداری رژێم بەشی هەرە زۆری کۆچیان کردبوو،تاکتاکە ماڵ چرای لێ دەسووتا، کەس نەبوو دابەشمان بکات..بەناچاری خۆمان دابەشبووین..ئێمە چەندهەڤاڵێک خۆمان کرد بە ماڵێکدا، ئەوماڵەیش هەموو شتەکانیان پێچرابووەوە،لە ناوەراستی ژوورێکدا شتێک بە بەتانی پێچرابووەوە،منیش هێزم نەما بوو،یەکسەر سەرم لەسەرداناو خەوم لێکەوت..دوای کەمێک ژنی ماڵەکە هاتبووەوە گۆتبووی (ئەو پێشمەرگەیە بەپەلە هەڵسێنن..!نازانن ئەوە تەرمی کوڕکەمە لەژێر بەتانییەکەدا..؟ئەم ئێوارەیەشەهیدبووە،بەڵام کەسمان بەدەست نەکەوتووەهەتا بینێژین) ئیتر منیان هەڵساندو زۆرنیگەران بووین،ویستمان بجینەماڵێکی ترنان بخۆین وخۆمان سازبدەینەوە، بەڵام دایکە شەهیدەکە سوێندی لێخواردین: بەروحی پاکی

کوڕەشەهیدەکەم هەتا نان نەخۆن لەمماڵە ناڕۆن.جا جیاوازی چییە ئێوەش هەر کوڕی منن..

دەربارەی رۆژانی دواتر ووتی:

(١٩ /١٩٩١/٣ملازم عمر بانگی کردین ، زۆر لە کاک (غەریب سعیدعەسکەری)فەرماندەی بەتالیۆنەکەمان تووڕەبوو، ئێوە چۆن لە لەیلان و ئەوشوێنانەی بۆتان دیاری کرابوو کشاونەتەوە، لەکاتێکدا بەشێک لەهێزەکان لە قۆڵی (هەولێر)و (چیمەن)ەوە چوونەتە ناوشاری کەرکوکەوە..

ئیترکاک(غەریب عەسکەری)کۆی کردینەوەوخۆمانسازدایەوە بەرەو ( قەرەهەنجیر، چیمەن، زنجیرە تەپۆلکەکانی نزیک کەرکوک، بازگەی کەرکوک..) هێزێکی زۆر لە مۆڵگە و تانک و زرێپۆش لەسەر رێگاکەماندا هەبوون، کاک غەریب عەسکەری لە ئاگر نا گەڕایەوە،پێم گووت دوێنی دوو فەرماندەی ناسراومان لێ شەهیدبوو،تۆناکرێ تۆزێک خۆپارێزی بکەی؟ لەوەڵامداگووتی: خۆ روحی من لە هی هاوڕێکانم و مناڵە ئەنفالکراوەکانم زیاتر نییە.. قیروسیادەبا منیش شەهیدبم..مردن لە لۆمەی خەڵک زۆر باشترە!..)

ئەوە بوو ئێوارەکەی هێرشەکە دەستی پێکرد و زنجیرەکە و رەبیەکانی پاکرایەوە لەکۆتایی دا دوو هەڤاڵ شەهید بون، کە ئەوانیش ( زرار سێکانیانی) و (عوسمان ماوەتی) بوون. کە هەردووکیان سەر تیپ بوون لە بەتالیۆنی (7)

ئەوسا من فەرماندەی تیپ بووم،ئێمە توانیمان لە نزیک بازگەکە وباروتخانە چەندین دەبابە بگرین و چەندین چەکی گەورەش بەردەست کەوتن..

لەگەڵ چەندین دیلدا. لەوێ من وچەند هەڤاڵێك بریندار بوین ،دیارە من زۆر تەکلیفکرام بگەڕێمەوە بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی بەڵام قبولم

نەکرد،وتم لەکرکوك چارەسەر وەردەگرم ئەوە بوو هێرشەکە بەرەو ناوکەرکوك دەستی پێکرد، کاک غریب لەگەڵ سایەقی دەبابەیەك تەنسقی کرد دەبابەکەی بەرو کەرکوك گەراندەوە،بەرەو ناوشار، هەرچەندە هێرشەکە زۆر سەخت ودژوار بوو، بەڵام سەرئەنجام لەقۆڵی( نەخۆشخانەی صدام)ی ئەوسا و نەخۆشخانەی رزگاری ئێستاوە داخیل بوین، دوای پاکسازی ئەو دەوروبەرە .. یەکەم بریندار بۆ چارەسەر داخل ئەو نەخۆشخانە بوو..من بووم، لەقاتی چوار کەچەندین موزەمیدو دکتۆری کوردو تورکمانی لێ بوو..تیمارکرام.. لەقۆڵی هەولێر _کرکوك و چەند قۆلێکی تر هێزەکان داخل بون شەر بەردەوام بوو، فرۆکە بەردەوام رەمی دەکرد و زۆری گەرەکەکان پاککرابوونەوە ،بۆ ئێوارە بەئازادی ئاگری نەورۆزیش لەزۆربەی گەرەکە کوردیەکان کرایەوە، بۆ بەیانی نەورۆزهێرش بەرەو مەعسکەر خالد و ئەو شوێنانەی تر دەستی پێکرد کە پاکنەکرابونەوە، خۆش بەختانە جگە لە(معسکرخالد) بەشی هەرە زۆری کەرکوك پاککرایەوە، خەڵك بەئازادی شایيان دەکرد،بەداخەوە فەرماندەی تیپ کاک (بکری ئیسێوی) لەسکەی قیتارەکە شەهید بوو، هەروەها مایەی شانازیە کە ئەمرۆ ئەم سەروەریە دەگێڕمەوە،هەرچەندە مشتێك لە خەروارێکە، هەرچەندناتوانم ناوی هەمووهەڤاڵەکانم بێنم چونکە(22)ساڵ تێپەریووە، بەڵام یەکێکە لەو داستانانەی کەشنازای پێوە دەکەم، کەتێدا بەبریندارbووبووم و لەخۆشیدا نەمتوانی شەرەکە جێبێلم ،هەرچەند برینەکەم قاچی راستم بوو، زۆریش سەخت نەبوو..بەگۆچان ئەمتوانی رێ بکەم،بەلام بەردەوام بووم لەگەڵ هەڤاڵەکانمدا.

***

# رۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لەئازاد کردنی کەرکوکدا

هەڤاڵ(تارق رشید)

که کادرێکی ئیداری و پێشمەرگەی راپەرینی١٩٩١بووه.

له PUK media بەم شێوەیە باس له میحوەری چەمچەماڵ-کەرکوک و رۆڵی پێشمەرگە دەکات: (هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەهاری 1991 دا رۆڵێکی کاریگەریان هەبو لەرزگار کردنی شاری کەرکوك تێك شاکاندنی ئەو سوپا زەبەلاحەی رژێمی بەعس کەلەکەرکوکدا کۆی کردبۆوە، وەك گەنجێکی شایەدحاڵ دوای تێپە ڕبونی 21 ساڵ بەسەر راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 رزگار کردنی کەرکوك بەپێویستی دەزانم بەشێك لەو سەروەریانەی هێزی پێشمەرگەبخمەروو له ئازاد کردنی شاری بابا گوڕ گوڕدا . دوای رزگار رکدنی شاری چەمچەماڵ و ناحیەی قەرەهەنجیر هێزە کانی پێشمەرگەکەژمارەیان نزیکەی 300 کەس دەبو بەبێ هە ستکردن بەماندوبون لەمیحەوەری چەمچەماڵەوەبەسەر پەرشتی ملازم عومەر ولەگە ڵ هەردوو جێگری میحوەر شەهید شەوکەتی حاجی موشیر ومام رۆستم لەگە ڵ 300 پێشمەرگەدا کەلەئێرانەوە گەڕابونەوە بەهاوکاری ئەو گەنجەخۆێن گەرمانەی تازەپەیوەندیان کردبو بەهێزی پێشمەرگەوەکەلەژمارەنەدەهات بەرنامەرێژی کرا بۆ رزگار کردنی شاری کەرکوك. ئەو هێزە300 کەسیەو ئەو گە نجانەی پەیوەندیان کردبو بەهێزی پێشمەرگەوەکرا بەچەند رتلێك . رەتڵی یەکەم بۆ بازگەی کەرکوك گەڕەکی ئیسکان و ئیمام قاسم ئامادەکران.رەتڵی دوەم بۆ یاریگای شورجەو گەڕەکی حەی عسکەری و حوڕیە و قادسیە. رەتڵی سێیەم بۆ لیلان و دەوروبەری.

هەموو ئەم رەتڵانەلەچەند لایەکەوەهێرشیان کرد هێرشەکانیش لە14 -3 و 16 -3 بو هەموو ئەو هێرشانەبێ ئەنجام بون .
لەرۆژی 18 -3 دوای خۆ رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە له گوندی جافان کۆبونەوەکی رێکخرا به شێوازی پێشووکرانه سێ به شەوە لەبەرەبەیانی 18 -3 هێرشەکانی پێشمەرگەدەستی پێکردەوە پێش گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگەبەکەرکوك بەدووری چوارکیلۆمە ترروبەروبونەوەیەکی نابەرامبەرلە گەڵ پێشمەرگەدا دروست بوو، بەو هۆیەوەزیانێکی زۆر بەر ( پ-م ) کەوت، بەڵام ئەمەنەبوەهۆی روخانی ورەی پێشمەرگەو توانرا ئەو هێزەزەبلاحەبشکێنرێت
لەکاتژمێر 11:30 خولەك لەپشتی گەڕەکی حەی عەسکەریەوەهێزی پێشمەرگەچونەکەرکوکەوە،پاشان هێزەکان بەرێکەوتن بۆ گەڕەکە کوردنشنەکانی شاری کەرکوك لەکاتی گەیشتنی هێزەکان بەهەر گە ڕەکێك رووبەڕوو بونەوەیەکی سەخت لەگەڵ جێشی شەعبی و به عسیەکاندا دروست دەبو لەو روو بەڕوو بونەوانیشدا سێ پێشمەرگە ی قارەمان بەناوەکانی شەهید حمەباوایی و شەهید عەلی تەپەلوی شه هید هەژار کەرکوکی شەهید کران بەشەهید بونی ئەو پێشمەرگانە هێزی پێشمەرگەهێرشەکانیان زیاتر کرد توانران گەڕەکی حوڕیە رزگار بکرێت پاش سێ مانگ لە گەمارۆدان خەڵکی ئەو گەڕەکەهە وای ئازادیان هەڵمژی.هەرهەمان رۆژ هێزەکان بونەدوو بەشەوەبە فەرماندەی شەهیدی فەرماندەسەید جەوهەر پلاماری حساباتیاندا که بارەگای تایبەتی بارقی تێدابو لەماوەیەکی کەمدا تونرا ئەو ناوچە پاکبکرێتەوە بەئازاد کردنی ئەوناوچەیە چەکێکی زۆرکەوتە بەردە ستی جەماوەرو پێشمەرگە.
ئەو هێزەهیرَشیان کرد بۆ گەڕەکی شۆرجەکەلەو کاتەدا رژێم تانك و زرێپۆشی لێکۆکردبۆوەبۆ سەرکوتکردنی دانیشتوانی ئەو گەڕەکە

توانرا ئەو هێزەبشکێنرێت جەماوەرەکەی رزگار بکرێت. ئەوەی شایانی باسە لەرۆژانی راپەڕیندا باسی ئازایەتی جەماوەری کەرکوك بوکەشان بەشانی پێشمەرگە لەشەڕدابون.عەشایەرەعەرەبەهاوردە کانیش پاڵپشتی رژێمی بەعسیان دەکرد بەهاوکاری کۆپتەرو دەبابە کانی رژێمی بەعس هەر ئەوەیش وایکرد کەهێزی پێشمەرگەو جە ماوەر نەتوانن لەو رۆژدا بچنەئەو بەری ئاوی خاسەوەبەهۆی بۆردمانەبەردەوامیشەوەزیاتر لە300 هاوڵاتی و پێشمەرگەشەهید بون هەرلەو رۆژدا هەڤاڵان بارزان قایش پاشای و یاسین بچکۆل شە هید کران،بەڵام هێزی پێشمەرگەو جەماوەر کۆڵیان نەداو توانرا مە رکەزی پیریادی پاکبکرێتەوەلەهێزەکانی رژێمی بەعس . لەگە ڵئە ویشدا رژێم ئابلۆقەیەکی بەدەوەری ناو چەرزگار کراوەکاندا دروستکرد بەردەوام هێرشی دەکرد بۆ ئەو ناوچانە،بەڵام ورەی جەماوەرو پێشمەرگەهێندەبەرز بو تونرا ئەو ئابلۆقەیەبشکێن و بەرو قوڵای شار هێرش دەستی پێکرد لەرۆژی 20 – 3 شاری کەرکوك لەرژێم پاککرایەوەکوردبۆهەموو لایەك سەلماند کەکەرکوك کوردستانیەوەدوای چارەکەسەدەیەك ئاگری نەورۆز بەئازادی لە لایەن جەماوەرو پێشمەرگەکرایەوە.)ئیترئێمەلەبنەسڵاوەوە، کەوتینە خۆمان بانگەوازمان بۆشانەچەکدارەکان کردتوانیمان (200) پێشمە رگەی کەرکوك ودەوروبەری سازو ئامادەبکەین..

لەبەردەمی بارەگای بەرەی کوردستانی کۆبونەوەیەکی فراوانم پێ کردن دەربارەی کەرکوك وسیاسەتی تەعریب وتەرحیل وگرنگی کەرکوکلەڕووی ئابووری وجوگرافی و ئەهمیەتی بۆ داهاتووی کورد، لەبارەی هیمەت کردن بۆ بەفریاکەوتنی ئەو هەڤاڵانەمان لە ناو شارقسەم بۆ کردن،لەچەندکەرت و مەفرەزەڕێکمخستنەوە. بەچە ندسەیارەیەك بەڕێکەوتین بەرەو( پردێ)، لەوێ هێزەکەم لە

شوێنێك داحەساندەوە،خۆم چووم بۆلای بەڕێزان کاك نەوشیروان وکاك کۆسرەت،لەوێچاوم بەوان کەوت، سەرەتا پێیان باش بوو بمان نێرن بەرەو دووبز، بەڵام بۆم ڕون کردنەوەهەموو پێشمەرگە کان شارەزای باشیانلەناوچەی(ساڵەیی)و(بیبانی)و(شوان)ودەوروبە ری (ڕەحیماوا) و کەرکوك هەیە.بڕیاریاندا بچین بەرەو دارەمان– کەرکوك

ئەوشەوە کاك سەربازهێزێکی(متفریقە)ی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ سەر زنجیرەچیای (کانی دوومەڵان) بەڵام پێی نەگیرابوو ..

لەوەزۆر نیگەران بوو بوو،بۆیەخۆی ڕێکخستبۆوە،هێزێکی باشتری ئامادەکردبوو ، بەرلەئێمەکەوتبووەڕێبەرەو دارەمان ..

لەگەڵ هێزەکانی گاردی کۆماری کەوتبووەشەڕەوەوتێکیشکاندبون ،سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنابوو،لەکاتی وەرگرتنی بەنزین بۆ سەیارەکانمان لەبەنزینخانەی پردێ چاوم کەوت بە(جەنگی)برای کاك سەرباز کزوعاجز دیاربوو، کەدواندم ووتی:

دڵنیام ئەمجارەسەربازی برام ناگەڕێتەوەو شەهید دەبێت ،چونکەبەم بەیانی یەجادەوجادە هێرشی کردووە بەرەودارەمان وکەلی سێکانیان. ئیتر ئێمەش بەڕێکەوتین،هەتا گەیشتینە(دارەمان)لەرێگا چەند جارێك کەوتینە بەر تۆپ باران و هێرشی هەلیکۆپتەرەکان ..

هەرچۆنێك بوو..بووین بەپاڵپشتێك بۆ کاك(سەرباز) وهەڤاڵەکانیان.

ئەو رۆژە زنجیرەی(بەرازە)و(کانی دوومەڵان)هەرلە(کتکە)ەوە هەتا(یاروەلی)لەدوژمن پاك کرایەوە،ئیترشەپۆلهێز پێشمەرگە و جە ماوەرلەهەولێرەوە بەرەو کەرکوك دەستی پێکرد.

لەڕێی (F.M)ەوە گوێمان لەکۆپتەرەکان دەبووکەئەمریان پێ دەکرا لەپشتەوەلەهێزی ڕاپەڕیووبدەن، لەولامدا دەیانگوت لەچی بدەین !؟ هەر لەهەولێرەوەهەتا کەرکوك هەمووی هەر هێزە..

تۆپباران وبۆردومانی فڕۆکەکان نەیانتوانی بەربەهەڵمەتی هێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەر بگرن، پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)وەك ڕابەری ڕاپەڕینەمەزنەکەی کەرکوك،بەهاوکاری خەڵک ولایەنەکانی بەرەی کوردستانی وبزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان,تاعەسری ئەو ڕۆژە.. گەیشتینە دەوروبەری کۆمپانیای نەوت..

بازگەی کەرکوك-هەولێرلەنزیك گەڕەك ڕەحیماواکۆنترۆل کرا.

ئەو ڕۆژە ڕژێم دەیان دەبابەی هێنابووە دەوروبەری ڕەحیماوا وکۆنترۆلی کردبوو، نیازی وابوو ئەوپێشمەرگانەی ناو شار گەمارۆ بدات ونەهێڵێکەسیان دەرباز بن،کەچی خەیاڵەکانی خاو بوونەوەو دواتر دەبابەکان کەوتنەبەر گورزی دوولایەنەو کەوتنەنێوان بەرداشی هەڵمەتی ئێمەو هەڤاڵانی ناوشار ..

لەئەنجامدا چەند دەبابەیەك تێکشکان وهێزەکەی دوژمن تێك وپێك دران،سەرلەئێوارەشەپۆلی گەورەی هێزی پێشمەرگە و جەماوەر تێکەڵ بەخەڵکی قارەمان وڕاپەڕیوی کەرکوك بوون، هەڤاڵانی قۆڵی سلێمانی و گەرمیانیش لەگەڕەکەکانی (شوریجەو ئیسکان وئازادی)و دەورووبەری (لەیلان)ەوە هاتبوونە ژوورەوە ،هێزی لەبن نەهاتووی ڕاپەڕین سەرکەوت و دوژمنی داگیرکەر شکا ...

هەر ئەوشەوە هێرشمان کردەسەر ماڵەکەی (عەلی کیمیاوی) و گەڕەکی عەرەفەو(تەپە)سەدان تەرمی کوژراوی (رفیق حیزبی) و چەکداری کوردکوژ لەژێرپێی پێشمەرگەوجەماوەرکەوتبوون.
بۆ ڕۆژی دواتر20/ی ئازار هێرشمان کردەسەر ئەمنی کەرامەو قەڵای کەرکوك و پارێزگا و فەیلەق ...
سەرلەبەیانی لەکاتی ڕاپەڕینەوەلەڕووباری خاسە
هەواڵی شەهید بوونی هەڤاڵ (حاجی هەڵمەت)مان پێگەیشت.
هەرئەوڕۆژەگەڕەکەکانی کەرکوك بەفیرقەی دوو و فڕۆکەخانەوەئازادکران..
بۆ ئێوارەی نەورۆز کەرکوك زەماوەندی ڕزگاری سازداو ئەوشەوەخوێنی سووری شەهیدان وگڕی سووری ئاگرەکەی باباگوڕگوڕوئاگری سووری نەورۆزی ڕزگاری کوردستان بوون بەهەوێنی هەرسێیەکێتی یەکە...
ئێمەبەڵێنمان نوێکردەوەبۆ سووربوون لەسەرڕێبازی شەهیدان .

***

# بەشی یازدەیەم

## دەوری پێشمەرگە شیوعیەکان
## لەرزگاری کەرکوك دا

**هێزیك لە(حزبی شیوعی عیراق)**
**بە فەرماندەیی نصرالدین احمد نەریمان (حمەڕەشاش)**
**کەنزیکەی** (50)**پ.م دەبوون،رۆژی** 1991\3\19
**هاوشان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی تر و**
**شەپۆلی جەماوەر لەقۆڵی دارەمانەوە بەرەو رەحیماوە،**
**بەشدارییانکرد لەرزگارکردنی کەرکوك،**
**ناوی ئەم هاوڕێیانە لەیادە:**

1 – **نصرالدین احمدنەریمان (حمەڕەشاش)**
2 – **هاوڕێ شاهۆ**
3 – **هاوڕێ شالاو**
4 – **هاوڕێ کامەران بریندgranربوو**
5 – **هاوڕێ حسن حاجی محمد**
6 – **هاوڕێ محمود عبدالحمید**
7 – **هاوڕێ ئاسۆ دارەقوتەیی**
8- **هاوڕێ عادل ***

* لە(حزبی تودە)بوو لەرزگارکردنی کەرکوك شەهیدبوو.




## کۆمۆنیستەکان سنوور ناناسن

**لەڕاپەڕین ورزگارکردنی کەرکوکدا ئەگەرچی زۆربەی شەهید و قوربانییەکان کوردوخەڵکی کەرکوك بوون, بەڵام خەڵکی ڕاپەڕیو هێندە شەپۆلی هەڵمەتەکانیان دەریا ئاسابوو,لەگەڵ خۆیدا تێکۆشەرانی دەرەوەی هەرێمەکەیشی هێنا...**

**(هاوڕێ عادل)کورد نەبوو,بەڵکو کۆمۆنیستێکی ئازەری(ئێران)ی بوو,ئەو بۆ رووخانی دیکتاتۆرێکی ناوچەکە هاتبوو..ئەگەرچی پێشمەرگەی دەستەکەی هاوڕێ (محمد ڕەشاش) بوو,هاوڕێ لەگەڵ (7) پێشمەرگەی تری (حزبی شیوعی عێراق) هاتبوون بۆ رزگاری چەوساوەکان..**

**سەدمخابن رۆژی 19\3\1991 لە گەڕەکی ڕەحیماوا شەهید بوو.**

**خوێنە سوورەکەی تێکەڵ خوێنی شەهید(یونس احمدحمەعەلی)**

**برای شەهید(ئاکۆسوور)بووبۆ ئێوارە لەوچرکەساتەی خەڵکی خەریکی داگیرسانی ئاگری نەورۆز بوون.**

**جەماوەری شەهیدپەروەرو هاورێکانی لە (پردێ) بە خاکیان سپارد..**



**دەوری جەماوەر**

(خەڵکی شار و ناوچەکانی تر )

لەرزگارکردنی کەرکوك دا

شان بەشانی هێزەکانی پێشمەرگەوشانەچەکدارەکان وشەپۆلی دەریا ئاسای ئاوارەکانی کەرکوك..بەدەیان هێز و گروپ ودەستەی حزبە کوردستانییەکان وهۆزوعەشیرەت وبنەماڵەی نشتیمانپەروەری شاروشارۆچکەوناوچەکانی تری کوردستان،بەشداری کاریگەریان بوو، وەك پشتگیری بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك.

بەدەیان قارەمانی کۆیەو هەولێرو رانیەو سلێمانی...

گیانی خۆیان کردەقوربانی،شەهیدانی زنجیرەی

(کانی دومەڵان)و(چیمەن)...

باشترین شاهیدی ئەم راستییەن...

بەداخەو کەناوی زۆر لەشەهیدەکانمان لەبەر دەستدا نەبوو..

هەرگیز لەبیرم ناچێت ،لەبەردەم بارەگای(بەرەی کوردستانی) لە (بنەسەراوە)

پیاوێکی بەشان وشەوکەتی هەولێری بەناوی حسین ابراهیم عمر(مام حسین) لیستیکی 12کەسی لەناوی خزم وکەس وکاری لەبەر دەمم دانا ..گووتی:

(فەرموو ئەم قائیمەیەم لێوەربگرە، ئێمەچەك وپێداویستی شەڕمان تەواوە...

لەکەرتەکاندا رێکمان خەن،ئامادەین،

لەپێناورزگاری کەرکوکدا شەهیدبین.)

**لیستی دەستەکەی مام حسین هەولێری:**

1- حسن ابراهیم عمر
2- عوسمان ابراهیم عمر
3- لقمان ابراهیم عمر
4- نوری احمد عمر
5- رحمان محمداسماعیل
6- غازی کریم اسماعیل
7- فەرحۆ حسن اسماعیل
8- یوسف کریم اسماعیل
9- بریڤان محمداسماعیل
10- محمد رحمان محمد
11- هێرش حسین ابراهیم
12- بەهزاد حسین ابراهیم

لەگەڵ شانەچەکدارەکانی بروسك رێکمخستن و بەرەو کەرکوك بەرێم کردن..

***

## لیستی ناوی شەهیدانی رانیە *

<u>کە لە رزگارکردنی کەرکوک دا شەهید بوون :</u>

1 - مسعود علی رسوڵ
2 - حسین علی عبدالله
3 - حسن قادر رسول
4 - سلیم عزیز سلیمان
5 - کمال علی عبدالله
6 - محمد رسول فتح الله
7 - معروف قادرمعروف
8 - محمدحسن احمد
9 - عمر فەقێ حسین

* لە سەرانسەری کوردستانەوە بە شەپۆل خەڵکی ئازادیخواز بەرەو راپەڕین و رزگاری کەرکوک هاتبوون،بەسەدان کەس لەو پێناوەدا گیانیان کرد بە قوربانی ئەگەر نەشیاوم ناوی هەموو ئەوشەهیدانە پەیدابکەم دەتوانم داوی لێبووردن لە کەسوکاریان و لە خوێنەران بکەم کە نەمتوانیوە ناوەکانیان پەیدا بکەم

# هەڵوێستی عەرەب و تورکمان

بەرانبەربە ڕاپەڕین و.. رزگارکردنی کەرکوک





## هەڵوێستی تورکمان
# لەرزگاری کەرکوك

بەر لەڕاپەڕینی1991 پەیوەندی بەزۆرکەسایەتی تورکمانی
کەرکوکەوەکرابوو، ئەەوانیش ئومێدی زۆرگەورەیان
لەسەر سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەهەڵچنیبوو،
کەهێزی پێشمەرگەگەیشتە
ناحیەی(پردێ- ئاڵتون کۆپری)بەدەیان بنەماڵە
ئامادەییان بۆڕاپەڕین و بەشداری لەرزگاری کەرکوك دەربڕی..
هەرئەوەش بووەهۆی ئەوەی لەکاتی کۆڕەوەکەدا ڕژێم لەتۆڵەی
ئەم هەڵوێستەیان پتر لەکەسی لێگوللەباران کردن...
بەگەیشتنی پێشمەرگەبەشاری کەرکوك، زۆر ڕێز لەپەیوەندی
لەمێژینەی هەردوو گەلی برا گیرا...
هەمیشەبارەگاکانی حزبەکوردستانییەکان بەتایبەت(ی.ن.ك)
دەرگای برایەتی کراوە بوو.
بەسەدان کەسیان پەیوەندییان بەرێکخستنەکانەوەکرد ..
- بابزانین دوای تێپەڕبوونی 18 ساڵ،
(تحسین کهیه)لەمەکتەبی سیاسی (حزبی ئیتحادی تورکمانی)و
ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك
بۆیادی ئەوڕاپەڕینەچۆن دەدوێ:
ئەوڕاپەڕینەوەك ڕاپرسییەکی میللی وابوو *

ئەو ڕاپەڕینەوەك ڕاپرسییەکی میللی وابوو بۆ ڕەت کردنەوەی داگیرکردن و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی حزبی بەعس ....
ئەوڕاپەڕینەهاوکێشەی سیاسی گۆڕی وئەوەی خستەڕوو کەجەماوە رەکەلەگەڵ ئەو ڕژێمەدا نین ...ئەو گەورەتاوانبارانەی ئەو راپەڕینە یان سەرکوت کرد،بەتوندی سزای قانوونی بدرێن وڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوەوهەموو لایەکیش ئاوڕ لەشەهیدانی ئەوڕاپەڕینەبدەنە وە،چونکەروحی پاکی ئەوشەهیدانەداوامان لێدەکەن تۆڵەیان لەگە ورەتاوانبارانی شکست پێهێنانی ئەو ڕاپەڕینەزگاربکەینەوە..بێگومان جەماوەر ئەوڕاپەڕینەی گەیاندەترۆپکی سەرکەوتن وبەبێبەشداری جەماوەر ئەوڕاپەڕینەسەرکەوتوو نەدەبوو...
رزگارکردنی شاری کەرکوکیش هاوکات لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان وخوارووی عیراق..
گرنگییەکی بەرچاوی هەبوو...
ئەم شارەشارێکی ستراتیژی بوو بەلای ڕژێمەوە،رژێم کاری بۆ ئە وەکردبوو کەبەهەموو شێوەیەك بەرگری لەکەرکوك بکات وهێزی هەمەلایەنیشی لەشارەکەجێگیر کردبوو..
جەماوەری کەرکوك هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیان کردو ئەم شارە ئازاد کرا..

ئەوەشتێکی شاراوەنییە،کەهێزەکوردییەکان هێزی سەربازی
بتەویان هەیەورێکخستنی سەربازییان هەیەو پێشمەرگەو
چەکیان هەیەوئەوەش وایکرد کەشاری کەرکوك ڕزگاربکەن...
پێویستە بۆمێژوو ئەوە بوترێت هەڵوێستی بزوتنەوەی نیشتمانی کورد لەو سەردەمەدا کەبەبەرەی کوردستانی دەناسرا ڕۆڵێکی سە رەکی بینی ،لەسەرخستنی ڕاپەڕین وئێمەئەوکاتەلەگەڵ ئەو بەرە یەدا هاوشان خەباتمان دەکرد، بۆڕزگارکردنی کەرکوك، بۆیەدەڵێم بزووتنەوەی کورد بزووتنەوەیەکی مێژووییەنەك هەر لە ڕاپە ڕینی1991دا بەڵکو لەروو بە رووبوونەوە ولەئۆپۆزسێۆندا بەگشتی قوربانی زۆریان داوە لەوپێناوەدا، تا ئەوەی ئەمڕۆ
بەشی زۆر لەخواستەکانی خەڵکی عیراق هاتۆتەدی..

* سەرچاوە: کوردستانی نوێ- ژ (4826) لە20\3\2009

**ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبووایە**
**ڕژێمی بەعس تا ئێستا پێی لەسەر دڵمان دا دەنا**

(نجات حسين) لێپرسراوی لقی کەرکوکی (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق)
تورکمانێکی شیعەیە،دەربارەی ڕاپەڕینی1991ورزگارکردنی کەرکوك وتی: ڕاپەڕین وشۆڕشەکان لەدنیادا دوای ئەوەبەرپادە کرێن ، کەڕژێمەکان بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانەدەیانەوێت مافەکانی هەمووان زەوت بکەن ولەوکاتەدا جەماوەرڕێگاچارەیان بەرپا کردنی شۆڕش وڕاپەڕینە، ئەوڕژێمەش کەبەبۆردومان وفڕۆکەو هەلیکۆپتەرو تۆپباران نەوەستاو چەکی کیمیاوی دەرهەق بەخەڵکی کوردستان بەکارهێناو گوندەکانی کوردستانی خاپوورو وێران کردو شاڵاوی ئەنفالی جێبەجێکرد،خەڵکەکەناچاربوون کەدەست بدەنەچەك وشۆڕش بەرپابکەن وڕابپەڕن..
ڕاپەڕینی1991چرای هیوابووبۆرزگاربوون
و بزمار یەکەمیش بووکەلەتابووتی جەنازەی دیکتاتۆر درا..
بۆخەڵکی کەرکوکیش بەتایبەتی ئەو ڕاپەڕینە گرنگییەکی گەورەی هەبوو،کەبووەسپێدەی ئازادکردنی هەموو عێراق،چونکەکەرکوك زۆر دەلالەتی سیاسی هەبوو، کەکەرکوك ئازادکرا دواتر بەغدا ئازاد بکرایە. ڕژێمەکەدەڕووخا..بۆیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەئازادکردنی کەرکوك لەساڵی1991 سەرچاوەی گرت..
دەربارەی ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پێویستەئێمەسوپاسی ئەوهێزەبکەین ، چونکەبەبێبوونی هێزی پێشمەرگەرژێمی بەعس تا ئێستا پێی لەسەر دڵمان دا دەناو لای نەدەبرد..
کاتی لە ڕاپەڕینی1991 پێشمەرگە هاتنە ناو شاری کەرکوك جەماوەر وردەوردەهەستمان بەدڵنیایی کرد...

* سەرچاوە: کوردستانی نوێ- ژ (4826) لە20\3\2009

## هەڵوێستی عەرەبی کەرکوك
## لە کاتی راپەڕین و رزگاری کەرکوك دا

هەموو عەرەبەکانی کەرکوك هاوهەڵوێست نەبوون لەگەڵ رژێمی بەعسدا ،هەندێ‌هۆزو تیرەی عەرەب وەك عبێدو جبور لەکەرکوك وحەویجە ناکۆکیان لەگەڵ رژێم هەبوو، زۆر بە وردی متابعەی هەواڵەکانی راپەرینی جنوب وکوردستانیان دەکرد.. (وەستاصابر) لەچاوپێکەوتنێکی (کەرکوكTV )دا لە یادی 18 ساڵەی راپەڕیندا ووتی: بەر لەراپەڕینی 1991لە دوکانی سیروان دیسکۆ شێخێکی عەرەبم بینی، پرسیم ئەمە کێیە..؟ گوتیان ئەمە(وصفی العاصی مظهر)ە کەیەکێکە لەشێخەکانی (عبید)ە، دوژمنایەتییان لەگەل ماڵی (صدام) هەیە ، دواتر داوامان لە برادەران کرد کە قسەی لەگەڵدا بکەن.ئەوانیش داوای هاوکاری وبەشدارییان لێ‌کردبوو، لەوەڵام گووتبووی: ئەگەر ئێوە پەیوەندیتان بە (جلال الطالبانی) یەوە هەبیت ودڵنیام بکەنەوە

ئەوە وەڵامتان دەدەمەوە... ئەوانیش بۆدڵنیاکردنی شەپۆلە کانی 41 مەتری و 75 مەتری رادێوەکەی یەکێتی یان بۆ دیاری کردبوو، هەروەها نهێنی ژمارە(0900)یان پێدابوو،پێیان گووتبوو بەوژمارەیە بروسکەت بۆدەکرێ..

دواتر کە لە رادێۆکەوە بروسکەی بۆدەکرێ..

ئیتر دڵنیا دەبێتەوەو و بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیان پێدەدات..

# هەلوێستی جوامێرانەی کورد

لە یەکەم رۆژی راپەرینەوە تا رزگارکردنی شاری کەرکوک هەرلە مامەندەو بناری قەندیل ودەوروبەری(حاجی ئۆمەران) تادەگاتە بادینان ونزیک موصڵ. لەسەربازکەکانی گەرمیان وکوێستان،لە سەربازگەکانی رەشکینی(هەولێر)و حامیەکەی (سلێمانی) و(فەیلەق) لە (کەرکوک) بەسەدان هەزار سەرباز و ئەفسەرو پلەداری سوپای ئەنفال بەدیلی و یەخسیری کەوتنە بەردەست پێشمەرگەو جەماوەر.. دەکرا (١٨٢)هەزار کەسیان لە تۆڵەی یەنفالکراوەکان لێ بکوژرایەتەوە، بەڵام رێنمایی سەرکردایرتی شۆڕش و ویژدانی مرۆڤدۆستانەی کۆمەڵانی خەڵک..نەک (دیڵ)ەکانیان نەکوشتەوە، بەڵکو پێڵاو و بەرگ و خواردن و پێخەفیشیان بۆ دابین دەکردن..شەپۆلی گەورەی سوپا شکستخواردووەکەی رژێم لە سەرسنووری ئێرانەوە تا زنجیرە چیای (حەمرین)ی سنووری کوردستان نەدەپچرایەوە..

لەیادمەلە١٩٩١/٣/١٧لەهەولێرئاگادارکراینەوەکە(ئەفسەرێک)ی سەربە هەواڵگری رژێم لە ماڵێکدا خۆی حەشار داوە..

کاتێک بەدواداچوونمان بۆ کرد،کە گرتمان و هێنامان لە بارەگا لێکۆلینەوەمان لەگەڵدا کرد بە راشکاوانە گووتی:

(بەڵێ من لە رانیە بەدیل گیرام..کەئازادیان کردم هاتمەوە لە کۆیە پەیوەندیم بە سوپا کردەوە،لەوێش بەشداری شەڕم کرد..بەدیل گیرامەوە..دیسان ئازادکرامەوە..هاتمەوە هەولێر.. لێرەش بەرگریم لە هەولیرکرد..هەم دیسان بەدیل گیرامەوە.. بۆجارێکی ترئازادیان کردمەوە. جووم بۆکەرکووک.. لە(التون کۆپری)پەیوەستبوومەوە بەهێزەکانی خۆمان...کاکە خواغیرەت و ورەی لێمان سەندۆتەوە..

سوێند بەیەزدان لەوێش جارێکی تر(اسیر)بووم..بەدیلی هێنامیان لە قوشتەپە ئازادیان کردم..

منێش کورئەم ماڵەلام سەربازبوو،چاکەم بەسەریانەوە هەبوو.

ئەگەرئەمرۆنەتان گرتبمایە سبەی خۆم دەگەیاندە(موصڵ).

ئاخرسەرۆکی هەرێم ناهەقی نییەلەگوتارەکانیدا باس لەجوامێری و مرڤپەروەری پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان دەکات..

فەرمووبابزانین رۆژنامەنووس(عەدنان حسێن)جی نووسیوە؟

## سوپاس..کوردەکان

ئەگەر عەرەبەکانی عیراق و هەروەها تورکمان و کلدان و ئاشووریەکان بەویژدانەوە بڕواننە شەریکەکوردەکانیان لە نیشتمان ئەواپێویستەلەسەریان رۆژیسێ جار سوپاسی کوردەکان بکەن. کوردەکانی عیراق بەبەردەوامی جێبەجێکردنی داواکانیان و داننان بەمافەنەتەوایەتی و سیاسی و کلتوری و ئیدارییەکانیان بەمەسەلەی نیشتمانی عیراقیەوەبەستووەتەوەو بزاڤەسیاسیەکەشیان بەشێوەیەکی توند بەبزاڤی نیشتمانی عیراقەوەبەستووەتەوەو هەرگیز خۆی نە خستووەتەوە خانەی هاودژی و نەیاری و ململانێ لەگەڵ بزاڤی نیشتمانی عیراقیدا. کاتێ شۆڕشەچەکدارییە نوێ یەکەیان لەسەرە تاکانی شەستەکانی سەدەی رابردووو هەڵگیرسا وەك کاردانەوەبە رامبەر بەکارهێنانی هێز دژیان بۆ سەرکوتکردنی بزاڤە ئاشتیخوازانەکەیان بۆ جێبەجێکردنی دروشمەکانی شۆڕشی 14ی تە موزی 1958 و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، بزاڤی نەتەوەی کورد دروشمێکی هەڵگرت کەتیایدا داخوازیەنیشتمانیەکانی عیراق کە وتبووەپێش داخوازیەکانی نەتەوەیی کردنی کەبریتی بوو لە "دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان".لەکاتێکدا بە عسیەکان لەدوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 هەموو شتێکیان حە

ڵاڵ کردو هەموو شتێکی پیرۆزو موقەدەسیان هەتك کردو لە هەموو لایەکەوەخوێنی عیراقیەنیشتمانپەروەرەکانیان بەفیڕۆو هەدەردا ئە وانەی لەو نیشتمانپەروەرانەتوانیان خۆیان رزگاربکەن کوردەکان بوونەپاسەوان و پارێزەری دڵسۆزیان کوردستانیش بووەپەناگەیەکی توندو بەهێز بۆیان و جارێکی تریش کاتێ سەدام حسێن جەنگی دژ بەعیراقییەکانی راگەیاند پێش ئەوەی هێرش بکاتەسەر ئێران هە زاران عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشووری بەبێ دوو دڵی روویان کردەپێشمەرگەکان بۆ دابینکردنی ئەمن و ئارامی لەلای ئەوان چونکەدڵنیابوون کەلەدەستێکی ئەمیندان و پارێزراون. من بەچاوی خۆم بینیم لەکاتی راپەڕینی 1991 دژی سەدام حسێن ژنانی کورد نانیان ئەکردو چێشتیان لێدەناو لەگەڵ کوڕەکانی خۆیان دەیان برد بۆ هەزاران سەربازو
ئەفسەری عەرەب، ئەو سەربازو ئەفسەرانەی رەوانەی کوردستان کرابوون بۆجەنگ دژی کوردولەکاتی راپەڕین پەنایان بردەبە رمزگەوتەکان
لەشارەکوردیەکان بۆئەوەی لەشەڕانگێزی سەدام بپارێزرێن.
لەکۆتایی ساڵی 1991 کوردەکان هەرێمەکەی خۆیان کەکۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەکانی کردبوو،کردە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئۆپۆزسیۆنە کانی دەرەوەی عیراق و نەیارەکانی ناوەوەکەسەدانیان روویان کردە هەولێرو سلێمانی و دهۆك و لەوێ بارەگاو بنکەو ئێزگەو تەلە فزیۆنیان دامەزراندو رۆژنامەیان دەرکرد.
هەندێکیشیان توانیان ژیانی خێزانی لەگەڵ هاوسەرەکانیان و کچ و کوڕەکانیان دروست بکەنەوەدوای غوربەتێکی دوورو درێژ. بە رامبەر ئەوانەی ئەو هەموو شتانەیان بۆ ئێمەکردووە، بەرامبەر ئێمەی عەرەب و کلدۆئاشووریەکان و تورکمانەکان کردووە پێویستە

کەلەگەڵ چاخواردنەوەیان قاوەخواردنەوەی بەیانیان بڵێین: سوپاس.بەناوی عروبەو نەتەوەی عەرەب، بەڵکو بەناوی ئیسلامیشە وەحکومەتەکانی عیراق بەشێوەیەکی زەبروزەنگ رووبەڕووی داواکاری کوردەکان بوونەتەوەلەدانانان بەمافەکانیان، لەماوەی حوکمی سەدامئەو زەبروزەنگەپەرەی سەند بۆ جینۆسایدو خاپوورکردنی سەراپای کوردستان بەناوی عروبەو نەتەوەی عەرە ب و ئیسلامیش، کوردەکان چاویان پۆشی لەمێژووەکەمان لەگەڵیان کەمایەی شەرەفمەندێتی نەبووەو دەستی خۆشەویستی و یەکێتیان بۆ درێژکردبن لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی فیدرالی، رووبە ڕووی داخوازیەکانی جیابوونەوەو سەربەخۆیی بوونەتەوە.هەرگیز شتێکی زۆر نیەبەرامبەر ئەوانەی خۆیان بە یەکێتی عیراق بە ستووەتەوە، ئەو یەکێتیەی سەدام خستیەسەرلەپەکانی دێوەزمە، نیوە ڕۆیان پێیان بڵێین: سوپاس. شتێکی زۆریش نیەدەرهەق بەکوردەکان بۆ جاری سێیەمیش ئێواران بڵێین: سوپاس،بەرامبەر لەبەرگریکردنە کانی ئەمرۆیان لەئایندەی دیموکراسی عیراق، کەزۆربەخۆڕاگریی وەستان دژی تایەفەپەرستەتاریکیەکان کەهیچ خەیاریکیان نییەبیخە نەبەردەم گەلی عیراق کەبرِشتی لێبراوەلەدەرەنجامی زۆرداریی نە تەوەیی دوورو درێژو جەنگە نەتەوەییە بەعسیەروخێنەرەکان، ئە مجارەیان سەر لەنوێ بکەوێتەوەناو زۆرداری ئاینی – تایەفی لەسە ر رێچکەی ئەمارەتی تاڵیبان لەئەفغانستان و هەندێ شوێنی تر.سوپاس، سوپاس، سوپاس، کوردەکان، ئەمەکەمترین شتەکەمافی خۆتانە لەلایەن شەریکەعیراقییەکانتان پێتان بگوترێت.

* سەرچاوە : رۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوستی لەندەنی

# بەشی دوازدەیەم

## هەڕەشە...

لەراپەرینی1991دا،دوابە دوای رزگارکردنی
شارەکانی کوردستان بەکەرکوکیشەوە..سەرکردایەتی کورد
نەیتوانی بەربەستێکی بەرگری تۆکمەی وا درووست بکات ..
تارێگابگرێت لەهاتنەوەی سوپای داگیرکەر،
لەکەرکوک (معسکرخالد) ئازادنەکرا.
لەخوارووی عێراق راپەڕینی شیعە کانشکستی خوارد..
لەولاشەوەبەهۆی لێکدانەوەی بەرژەوەندی خوازی زلهێزەکانەوە
تیشی سەوز بۆ هیزی ئاسمانی عێراق داگیرسابۆوە.
هەربۆیەسەرانی رژێم کەوتنەهەڕەشەو (صدام حسین)
نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی نارد بۆ بەرێز( مام جەلال)
کە ئەمە ناوەرۆکی نامەکەی بوو:
نامەیەک لە.....صدام حسین
بۆ / بەرێز جلال الطالبانی
هێزەکانی ئێوەلەهێزی شیعەبەکرێگیراوەکانی ئێران کارامەترو بە
تواناترنییە.
کەلەشارەکانی (ناسریەو بەسرا وعیمارەو کوت و حیلە..)
تێکمان شکاندن..

بەم دواییەلە( کەربەلا )یش تێکمان شکاندوون.جگەلەنەجەف هیچ شوێنێکیان بەدەستەوەنەماوە،وا بەرێگاوەین بەرەو پاککردنەوەی نەجەفیش.ئەوەی لای ئێمەگرینگەلەم هەلومەرجەدا نامانەوێ وەک خەڵکانی تایفگەری بەکرێگیراوی بێگانەتەماشای ئێوەبکەین..
هەربۆیەهیواداریین لەوەزیاتر پێشرەوی نەکەن..
کەنەک هەر زیان لەعێراق دەدات و بەس، بەڵکو دەبێتەهۆی
لەدەستدانی لێک تێگەیشتن و ڕووبەڕوو بوونەوەیشمان..
هەربۆیەنابێ پێتان وابێت کەوەرگرتنەوەی شارەکانی باکوور گرانتر بن لەسەندنەوەی شارەکانی باشوور..
ئێوەدەزانن کەئێمەبەنیاز بووین.. دان بەدەستوورێکی نوێدا بنێین کەجۆرێک لەدەستەبەرکردنی دیموکراتی تێدابێت بۆ پارت و بزوتنە وەسیاسییەکان و بتوانیین لەهەلومەرجێکی ئا وادا پێکەوەکاربکەین..
ئێوەخۆتان دەزانن بەر لەئابی 1990 ئەونیازەمان هەبوو،
بەڵام گۆرانکارییەکانی ئەم دواییەنەیانهێشت..
ئێستایش ئێمەئامادەین بۆلێک تێگەیشتن وزەمینەخۆشکردن بۆکاری هاوبەش.
درێژەدان بە توندوتیژی لەباکوورئەم فرسەتە لەدەست دەدات.
لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئێمەئامادەین هەلومەرجێکی ئاوا برەخسێنین کەپارت و بزووتنەوە سیاسییەکان بەشداری فراوانتر لەکاری سیاسی ودیموکراسی وبنیاتنانەوەی عیراقی مەزن،هەرکەسبەپێی توانای خۆی وهەرلایەنەبەپێی شایستەیی لەبەدیهانتی مافەکانی.
(کۆتایی نامە)

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
السكرتير

رسالة من السيد الرئيس القائد صدام حسين
الى السيد جلال الطالباني

مبدأ :

أ في ظروف كهذه يجب أن يحسب التصرف ليس على أساس آثاره المباشرة والآنية فحسب ، وانما عليه أن يدخل في حسابه المستقبل بالدرجة الاساس ٠

ان عملكم في الشمال ما كان عليه أن يحصل لأنه تزامن مع العمل الاميركي الصهيوني ضد العراق ٠

وعلى أية حال فان قوتكم لن تكون أكبر وأكثر حماسة لأهدافها من قوة الطائفيين عملاء ايران التي قهرت في كل من الناصرية والبصرة والعمارة والكوت والحلة ، وأخيرا" قهرت في كربلاء ولم يبق منها الا شرذمة في مدينة النجف كمركز جدي من مراكز الشغب والعمل جار لتطهير النجف ٠

ان الذى يهمنا هو أن لا يحشر الاكراد في هذا الظرف مع الفعلة الطائفية الغادرة ، لتظهر الفعلة الطائفية كما هي حقيقتها كعمل من اعمال التدخل الاجنبي الخارجي ٠ ولذلك نأمل أن لا توغلوا اكثر فأكثر في هذا المجال غير المشرف ، بما يسيء الى العراق ويسيء اليكم ، ويجعل فرصة التفاهم غير ممكنة بعد الاصطدام بكم ٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
السكرتير

/ ٢ /

لذلك عليكم أن لا تتوهموا ان استرجاع المدن في الشمال اصعب من استرجاع مدن الجنوب •

انكم تتذكرون اننا كنا في طريقنا لاقرار دستور جديد للبلاد واشاعة نمط من الديمقراطية التي تمكن الاحزاب والحركات السياسية من أن تعمل وفق هذه الاجواء ، وكان هذا قبل آب ١٩٩٠ ، الا ان التطورات اللاحقة حالت دون ذلك •

والآن نحن مستعدون للتفاهم لنرسي معا" أرضية العمل المشترك ، الا ان استمرار اعمال العنف في الشمال سيعرقل مثل هذه الفرص ، ومع ذلك فاننا جادون لاتاحة الفرصة المناسبة أمام شعبنا والحركات السياسية لمشاركة اوسع في العمل السياسي الديمقراطي وبناء العراق العظيم وكل حسب امكانياته وكل حسب حقوقه التي تناسب مكانته )•

---

ـ انتهت الرسالة ـ

سكرتير رئيس الجمهورية
١١ / ٣ / ١٩٩١
٢٢ شعبان ١٤١١

**کۆپیەکی تری هەمان پەیام**
**ئاراستەی مەسعود بارزانی کرا بوو.**

عوبێدی حاجی مەجیدی سەرسورلە1974داسەرلقی پێشمەرگە بو، ئاشنایەتی کۆنی لەگەڵ کاک مەسعود هەبو، ئەویان دۆزی بوەوە نامەکەی پێدا رەوانە بکەن.

حاجی عوبێد، پیاوێکی کوردپەروەری دڵسۆز بو، گومان لە نیازی بەعس ئەکا و، ئەکەوێتە دڵەڕاوکێ کە نەوەکو نامەکە بۆ نانەوەی فیتنە و تێکدانی نێوان یەکێتی و پارتی بێ. کە ئەگاتە پردێ بە دوای بارەگای یەکێتی دا ئەگەڕێ و، ئەچێتە لای مەلا فەرمان کە بەرپرسی ئەو بنکەیە بو. مەلا فەرمان و حاجی عوبێد هەردوکیان ساڵەیی بون . باسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە و داوا ئەکا نامەکە بخوێنێتەوە و ناوەرۆکەکەی بنوسێ و بینێرێ بۆ من بۆ ئەوەی ئاگاداری مەسەلەکە بم .مەلا فەرمان دەسبەجێ وێنەیەکی لە بەر نوسی بوەوە هەمان رۆژ بە دەستی بۆی ناردم. لە گەڵ کۆسرەت و حەسەن کوێستانی خوێندمانەوە .دوای تاووتوێ کردنی ناوەرۆکەکەی و، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و عیراق، بە تایبەتی کە راپەڕینی شیعە لە شارەکانی خواروی عیراق تێک شکێنرا بو. پێمان وا بو راگرتنی شەڕ لە گەڵ هێزەکانی جەیش لەو شوێنانەدا کە بوبونە سنوری هەردولامان و دەس پێکردنی گفتوگۆ بە قازانجی کوردە. هەڵوێستی کورد لەو کاتەدا لەوپەڕی بەهێزی دا بو، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی سەدام و بەعس لەوپەڕی خراپی دا بو.

ئێوارەکەی لە سەلاحەدین لە بارەگاکەی خۆمان بوم و کاک مەسعود لە شەقڵاوە بو بروسکەی بۆ کردم کە بۆ کارێکی زۆر گرنگ یەکتر ببینین دەسبەجێ چوم بۆ لای بەڵام بە هیچ جۆرێ وام پیشان نەدا من هیچ ئاگاریەکم لەو بارەیەوە هەیە.کاک مەسعود میوانی عوسمان

میرانی خۆشناو بو لە شەقڵاوە. داوای لە ماڵخوێ کرد ژورێکمان بۆ کۆبونەوە بۆ ئامادە بکەن. چوینە ژورەکەوە جگە لە خۆی و من، فەرەنسۆ حەریری، ئازاد بەرواری، فازیل میرانی ...لە گەڵ بون. کاک مەسعود دەستی کرد بە قسە وتی:

"ئەمڕۆ حاجی عوبێد لە حکومەتەوە ئەم کاغەزەی هێناوە" کاغەزەکەی دامێ بیخوێنمەوە .منیش بە وردی خوێندمەوە. ئینجا لێی پرسیم: "ڕەئیت چیە؟" دوای ئەوەی بۆچونەکانی خۆمانم بۆ ڕون کردەوە، وتم: "پێم باشە بە ئیجابی وەڵامی بنوسینەوە". ئەوانی تریش هەمان ڕەئیان هەبو.

خۆیشی ڕەئی وەکو ئێمە بو. خۆی نامەیەکی کورتی نوسی ئامادەیی بەرەی کوردستانی دەربڕی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆ. هەر ئەو شەوە بڕیار درا وەفدێ پێک بهێنین دو لە سەرکردایەتی یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاح و دو لە سەرکردایەتی پارتی: ئازاد بەرواری و فازیل میرانی، هەر کات پێویستی کرد بینێرین بۆ گفتوگۆ. وەڵامەکە بۆ سەدام نێردرایەوە. وەکو دوایی بیستمان نامەکە نەگەیشتبوە جیگەی خۆی چونکە لە ڕێگەی گەڕانەوەی دا کۆپتەر پەلاماری ئۆتۆمۆبیلەکەی حاجی عوبێدی دابو، سەرنشینەکانی لە تاو گیانی خۆیان هەڵات بون. نامەکەش لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا سوتا بو.

وەکو دوایی دەرکەوت هەڵوێستی بارزانی و سەرانی پارتی لە کوردستان جیاواز بوە لە هی هاوڕێکانی لەندەنیان،

پێ ئەچو ئاگایان لە یەکتری نەبوبێ.

بەمجۆرە دەسپێشکەریەکەی سەدام لە کوردستانیش بێ بەر بو.

* نەوشیروان مستەفا/ سبەی/مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس (1991)...

دوای گەیشتنی ئەم نامەیە بە کاک مسعودیش وهاتنی نێردراوی (صدام حسین)بۆکوردستان,ڕژێم هیچ جاوەڕوانی وەڵام دانەوەی (بەرەی کوردستانی) نەکرد..

لە ڕۆژی 28-3-1991 بەپاڵپشتی دەیان فڕۆکەی هەلیکۆپتەر و سەدان تانک وزرێپۆش وبەکرێگراوی(مجاهیدینی خەلقی ئێرانی) سوپای عێراق لەچەندلاوە پەلاماری بۆسەرکەرکوک دەستپێکرد..

لەخوارووی کەرکوک پێشمەرگەکانی(ی.ن.ک)بەفەرماندەیی (عبدالرزاق محمدعمر)بەرگرییەکی زور زور قارەمانانەیان کرد..

لەوبەرگرییەدا هەڤاڵ(عبدالزاق)و دەیان پێشمەرگەشەهیدبوون..

بەڵام بەهۆی ئەوەی هێزێکی گەورەی گاردی کۆماری لەرێگای (دووبز)ەوە(پردێ)وەو بەرەوەوسێ ڕیانی کەرکوک-هەولێر-شوان. پێشرەویانکردبوو، بەهۆی نابەرنبەری هێزەوە زۆربەکتوپڕی وبەبێ بەرنامەهێزەکانی پێشمەرگەدەستیان بەکشانەوەکرد..

کەئەنجامەکەی بووە هۆی کوژرانی دەیان هاووڵاتی و کۆچی زۆربەی خەڵکی کەرکوک بەکورد وتورکمانەوە بەرەو هەولێر و کۆیەو سلێمانی..

سەرلەئێوارەشاری کەرکوک بەتەواوی داگیرکرایەوە..

کۆرەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد..

***



# ژياننامەی شەهيدعبدالرزق

- عبدالله محمدعمر ناسراوبە (عبدالرزاق)
- ساڵی ١٩٤٨ لە(ئۆمرگومەت)ناحیەی(سێگردکان)لەدایک بووە.
-سەرەتالە(مەرزیخە)لەلای باوکی(قورئانوئەحمەدی) خوێندووە.
-دواتردەچێتە(هەولێر)لەقوتابخانەی ئاینی دەست بەخوێندن دەکات، هەر لەوێ قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات..
- ساڵی ١٩٦٧ بۆدرێژەدان بەخوێندن دەچێتە شاری کەرکوک هەرلەوێ قۆناغی ناوەندی تەواو دەکات..بەڵام ئەوماوەیە شانبەشانی خوێندن بۆ دابین کردنی بژێوی لە ناو (فندق سلام) کە دەکەوتە تەنیشت بانکی رافیدین. چایخەنەیەک دادەنێت..
لیرەوە تێکەل بە سیاسەت دەبێت،ئەوهاورێیانەی هاتووچۆیان دەکردوبە بیروباوڕی (کۆمەڵە) ئاشنابوون بریتی بوون لە (عەلی بچکۆل،فەریون عبدالقادر،ناسیحە سوور، مەلاشاخی....) جگە لەم هەڤاڵانە سەرەوە بەهۆی خزمایەتی نزیکی لەگەل شەهید (مامۆستاقادرمەلاعومەر گومبەتی)
کاریگەری زۆریان بەسەریەکەوە هەبوو..
- شەهید عبدالرزاق لەسەرەتای لاوییەوە پەیوەندی کردبوو بە (پارتی)یەوە. لایەنگیری باڵی (م.س)یش دەبێت..
- ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە گەرمیان وشارەزوور ..
دوای نسکۆی١٩٧٥ دەگەڕیتەوە کەرکوک و پاشان هەولێر..
سرلەنوێ بە نهێنی درێژە بەکاری سیاسی (کۆمەڵە) دەکاتەوە..
- ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ (شوکریەخان)هاوسەرگیری دەکات وخێزان پێکەوە دەنێ..و دەست بە کاسبی دەکات..
-ماڵەکەی دەبێتەمەکۆی نهێنی(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی ١٩٧٧ بەهۆی ئاشکرابوونی چەند هەڤاڵێکی و (اعتراف) کردن لەسەری لەشارۆچکەی مەخموردەسگیر دەکرێ،ماوی

نۆمانگ بێ سەرشوێن دەبێت.پاشان هەواڵی دەزانن کە لە (هیئەی خاصە)ی کەرکوکە.دوای ئەوەی هەندێ لەهەڤاڵەکانی لەسێدارە دەدرێن، بەهۆی خۆڕاگرییەوە لەژێرئازار وئەشکەنجە وهیچ نەدرکاندنی.(١٠)ساڵ زیندانی بۆدەبڕنەوەورەوانەی (ابوغریب)ی دەکەن.

-کۆتایی ساڵی ١٩٧٩بەهۆی لێبووردنی گشتی یەوە ئازاد دەکرێت. بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ(هەولێر) بێ گوێدانە چاودیریکردنی سیخوڕەکانی ڕژێم ژیرانە درێژە دەداتەوە بە کاری ڕێکخستن و سەرپەرشتی بەشێک لەرێکخستنەکانی هەولێر دەکات.

- شەهید لەساڵی ١٩٨٤ لەسەر داوای سەرکردایەتی کۆمەڵە دەچیتە شاخ و دەکرێتە بەرپرسی (ڕێکخراوی ٢ ی هەولێر) کە بارەگاکەی لە گوندی (توتمێ)ی خۆشناوەتی بوو..

- ساڵی١٩٨٨لەدوای ئەنفالەکان لەکاتی پاشکشی کردنی (ە.پ.ک) بۆسەرسنوورەکانی ئێران.،منداڵەکانی لە (مەهاباد) دەگیرسێنەوە..

لەکاتی شەهیدبوونی خێزان ومنداڵەکانی هەرلەوێ بوون و (٢٠)رۆژ دوای شەهید بوونی هەواڵیان زانی..

- شەهید چوار جگەرگۆشەی بۆ نیشتمان بەجێهێشتووە بە ناوەکانی (هەڵمەت،تارا،تۆڵە،ئالان)
- بەداخەوە لە رۆژی ١٩٩١/٣/٢٨ لە گوندی(باجوان) لەنزیک کۆمپانیای نەوتی کەرکوک شەهید کرا
- پاش گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ رژێم لەمانگی نیسانی١٩٩١تەرمەکی گوێزرایەوە بۆگۆڕستانی(دارەتوو)لە هەولێر..*

٤٠

لە کاتی دانانی پلانی ئازادکردنی کەرکوک زۆر جەختی لە سەر گرتنی دەزگای هەواڵگیری دەکردەوە و پێی وابوو جگە لە دەست گرتن بەسەر هەموو تۆمارەکان،ورەی دوژمن دەڕوخێنێ و شیرازەی دوژمن تێك دەشکێنێ لە قۆناغەکانی شەڕی ناو کەرکوک (منظمة)ی ڕەحیماوە درەنگ گیرا،لە بەر ئەوەی سەرجەم پاشماوەی سوپا تێکشکاوەکانی پارێزگاری هەولێر و دهۆك لەوێ کۆبوونەوە و شەڕی سەختیان دەکرد، لە بەرواری 1991/3/20 هەموو قۆڵەکانی ناو شار لەدوژمن پاك کرانەوە،هەرچەندە دواتر سوپای ڕژێم هێرشی بۆ شاری کەرکوك فرۆکە خانە دەکرد، بەڵام هەردەم هێزی پێشمەرگە لە بەرگری دابوون (1)،لەم کاتەدا حەسەن کوێستانی بە نامەیەك هەواڵی کۆچی دوایی مەلا محەمەدی باوکی پێدەدات و داوای لێ دەکات لە پرسەکەی ئامادەبێت،بەڵام شەهید داواکەی ڕەت دەکاتەوەو لە پشتی هەمان نامە بە سێ دێڕ سێ داواکاری دەنوسێ:

یەکەم:داوای خۆراك بۆ پێشمەرگە نان لێ براوەکان دەکات .

دووەم:داوای چەك و تەقەمەنی دەکات.

سێیەم:داوای هێزێکی پێشمەرگەی تر دەکات بۆ یارمەتی دانی هێزە ماندوەکەی(2)،لەئەنجامدا شەهید عبدالرزاق دەرفەت بەخۆی نادات لە پرسەی باوکی ئامادەبێت،لەم هەڵوێستە دەردەکەوێت کە هەر سەرکردە نەبووە، بەڵکو پێشڕەو و خەمخۆری گەل و خاك بووە،بۆیە شایستەی ئەوەیە پێی بوترێ (سەرکردەی شەهید)،ئاواتێکی هەبوو ئەویش شەهید بوون لە پێناو کەرکوك کە لەپێش ڕاپەڕین دەرکان دەبوی،بەم ئاواتەی گەیشت و لە باجوان لە بەرگری کەرکوك شەهید بوو، لەو کاتەی بە دەستی بەریەستی سیمی بۆ ڕزگارکردی پێشمەرگەکانی بەرزکردەوەو بە گوللە تۆپی دوژمن شەهید بوو،بە شەهید بوونی سەرەتای کۆچڕەوی کورد دەستپێیکرد،کە تەرمی پیرۆزی بەجێماو ماوەی (40)ڕۆژ لەشوێنی خۆی باوەشی گرت بە نیشتیمان ،پاشان لە ئاگربەستی نێوان ڕژێم و بەرەی کوردستانی وەك خاڵێکی داخوازیەکان، داوای تەرمەکەی کراو بە فەرمی وبە نوێنەر لە هەولێر ڕادەست کرایەوەو بە خاك سپێردرا، بە شەهید بوونی عبدالرزاق بۆشاییەکی گەورە لە خەباتی نەتەوەیی لەو قۆناغە دروست بوو(3)

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ/سالار حەکیم،کەرکوك،2010/11/17.

(2)چاوپێکەوتن لە گەڵ/کاك سەفین،هەولێر،2011/3/20.

(3)چاوپێکەوتن لەگەڵ/مەلا قادر،سلێمانی،2011/3/29.

2-رۆڵی شەهید عبدالرزاق لەراپەڕینی ساڵی 1991دا لەشاری کەرکوک وچۆنیەتی شەهید بونی:-

پاش ئازاد کردنی هەولێر و دهوک، پێشمەرگەی ئەو دەڤەرانە بەرەو پردێ چوون و بارەگایان تێدادامەزراندو چەند کۆبونەوەیەکیان کرد بەمەبەستی ئازادکردنی کەرکوک . یەکەم کۆبوونەوە رۆژی 3/15/کرا بڕیار درا 3/17/16هێرش بکرێت بۆ ئازادکردنی کەرکوک ،بەڵام بەهۆی هەڵەی هەندێ پێشمەرگەی ناشارەزا کە کەوتبوونە ناوچەیەکی مین ڕێژکراو ئەم هێرشە سەری نەگرت، لەو کۆبونەوەیە نەخشەی رزگارکردنی شاری کەرکوک ئامادەکرا بەوپێیەی (وەستا رەسوڵ)تازە لە کەرکوک هەڵاتبوو لەترسی رەشبگیری ،هەر ئەو پلانەکەی ئامادەکرد کەلە 56خاڵ پێکهاتبوو لەوێدا سەرجەم مۆڵگەکانی دوژمن دەست نیشان کرابوون ،کاتێک (نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسوڵ و عبدالرزاق و حەسەن کوێستانی )چونە پردێ نەخشەی ئازادکردنی کەرکوک خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، دوای گفتووگۆکردنێکی تێرو تەسەل بڕیاریان لەسەر دا .(1) شەهید عبدالرزاق بەهۆی پڕئەزمونو شارەزایی لەشاری کەرکوک و مۆڵگەکانی دوژمن وهێڵێکی بەرفراوانی ڕێکخستنی نهێنی هێزەکە بەسەرپەرشتی عبدالرزاق بۆئازاد کردنی شاری کەرکوک ڕێکخرا ،هێزەکە لەسەرجەم پێشمەرگە دابراووپارتە سیاسیەکان پێک هاتبوون ،شەهید عبدالرزاق زۆر دووربین بوو لەپرۆسەی راپەڕین و هەوڵی ئەدا سەرجەم ئەندامە نهێنیەکانی ناوشاری کەرکوک لەبەرەی شەر ئاشکرا نەکات ،هەربۆیە پێش راپەڕینی شاری کەرکوک شانە نهێنیەکانی وەک هەواڵگری و پلانی ناوشاری دانا ، ئەمەش بەومەبەستە بوو لەشکستی هەر هێرشێک خۆی و ئەندامە نهێنیەکانی پەیوەندیان هەربمێنێ و لەشار دەرنەچن .(2)

(1)پشکۆ حەمە تاهیر عبدالرحمان:ڕاپەڕینی کەرکوک ساڵی 1991،گۆڤاری:زانکۆی کۆیە،ژ.(8)،2008،ل149-150.

(2)چاوپێکەوتن لەگەڵ/سالار حەکیم،کەرکوک 2010/11/17.

بۆیە شەهید عبدالرزاق بەشێك لە شانەکانی پروسکی بەسەرپەرشتی(حاجی هەڵمەت)نارد بۆ ناوەندی شاری کەرکوك تا شەڕ بکەوێتە دوو پشتێنەوە،سەرەتا لەناو شار هاوکات لەدەرەوەی شار لە پشتێنەکانی(کانی دومەڵان،سێکانیان،دووبز)کە لە هێرشەکانی 17-3/18 سەر نەدەکەوتن لەبەرئەوەی سەرجەم پاشماوەی سوپا شکاوەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆك بەسەرپەرشتی(عەلی حەسەن مجید)لە سێ پشتێنەی ئەمنی دەرەوەی شاری کەرکوك شەڕی مان و نەمانیان دەکرد،لەوێدا ڕژێم (133) تانکی لە گەڕەکی ڕەحیماوەی شاری کەرکوك و پشتێنەی کەلی سێکانیانی ئامادە کردبوو، لە بەرواری 1991/3/19 هێرشی یەکەمی هێزی پێشمەرگە شکستی خوارد،لەم هێرشەدا(مەحمود حەمەد ئەمین) دایك برای عبدالرزاق ناسراو بە (خولە) شەهید بوو وە لەهێرشی دووەمی هێزی پێشمەرگە لەئێوارەی هەمان بەرواردا ئەو پشتێنە ئەمنیە سەختەی دوژمن شکا، هەرچەندە عبدالرزاق لە قوژبنێکی شەڕەکەوە هەواڵی شەهید بوونی خولەی برای پێدرابوو وە داوای لێکرابوو کە سەر لە تەرمەکەی بدات، بەڵام شەهید عبدالرزاق لە وەڵامدا وتبوی:((چەندین کوڕە پێشمەرگە تەرمەکەیان بێ کەس کارە با ئەویش وەك ئەوان بێت))(1). عبدالرزاق سەرپەرشتی شەڕەکەی زۆر لا پێویستتر بوو لە سەر لێدانی تەرمی براکەی، هەر بۆیە لە ئێوارەی 1991/3/19 تەرمی شەهید خولە وەك یەکەم گوڵاڵە سورەی نەورۆز هاتەوە بۆ هەولێر و لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی عبدالرزاق ماوەیەکی کورت ئامادە بوو و دەرفەتی مانەوەی نەبوو بۆ پرسەکەی هەمان ڕۆژ بۆ کەرکوك گەڕایەوە ، ئازاد کردنی کەر کوکی لا پێویستتر بوو لە پرسەی براکەی و گیانی خۆی (2).

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ /سالار حەکیم،کەرکوك،2010/11/17.

(2)چاوپێکەوتن لەگەڵ/نوری حەمەد ئەمین،هەولێر/2011/3/20.

(٤)

لە کاتی دانانی پلانی ئازادکردنی کەرکوك زۆر جەختی لە سەر گرتنی دەزگای هەواڵگیری دەکردەوە و پێی وابوو جگە لە دەست گرتن بەسەر هەموو تۆمارەکان،ورەی دوژمن دەڕوخێنێ و شیرازەی دوژمن تێك دەشکێنێ لە قۆناغەکانی شەڕی ناو کەرکوك (منظمة)ی ڕەحیماوە درەنگ گیرا،لە بەر ئەوەی سەرجەم پاشماوەی سوپا تێکشکاوەکانی پارێزگاری هەولێر و دهۆك لەوێ کۆبوونەوە و شەڕی سەختیان دەکرد، لە بەرواری 1991/3/20 هەموو قوڵەکانی ناو شار لەدوژمن پاك کرانەوە،هەرچەندە دواتر سوپای ڕژێم هێرشی بۆ شاری کەرکوك فرۆکە خانە دەکرد، بەڵام هەردەم هێزی پێشمەرگە لە بەرگری دابوون (1)،لەم کاتەدا حەسەن کوێستانی بە نامەیەك هەواڵی کۆچی دوایی مەلا محەمەدی باوکی پێدەدات و داوای لێ دەکات لە پرسەکەی ئامادەبێت،بەڵام شەهید داواکەی ڕەت دەکاتەوەو لە پشتی هەمان نامە بە سێ دێڕ سێ داواکاری دەنوسێ،

یەکەم:داوای خۆراك بۆ پێشمەرگە نان لێ بڕاوەکان دەکات .

دووەم:داوای چەك و تەقەمەنی دەکات.

سێیەم:داوای هێزێکی پێشمەرگەی تر دەکات بۆ یارمەتی دانی هێزە ماندوەکەی(2)،لەئەنجامدا شەهید عبدالرزاق دەرفەت بەخۆی نادات لە پرسەی باوکی ئامادەبێت،لەم هەڵوێستە دەردەکەوێت کە هەر سەرکردە نەبووە، بەڵکو پێشڕەو و خەمخۆری گەل و خاك بووە،بۆیە شایستەی ئەوەیە پێی بوترێ (سەرکردەی شەهید)،ئاواتێکی هەبوو ئەویش شەهید بوون لە پێناو کەرکوك کە لەپێش ڕاپەڕین دەرکان دەبوی،بەم ئاواتەی گەیشت و لە باجوان لە بەرگری کەرکوك شەهید بوو، لەو کاتەی بە دەستی بەرپەستی سیمی بۆ ڕزگارکردی پێشمەرگەکانی بەرزکردەوەو بە گوللە تۆپی دوژمن شەهید بوو،بە شەهید بوونی سەرەتای کۆچڕەوی کورد دەستیپێکرد،کە تەرمی پیرۆزی بەجێماو ماوەی (40)ڕۆژ لەشوێنی خۆی باوەشی گرت بە نیشتیمان ،پاشان لە ئاگربەستی نێوان ڕژێم و بەرەی کوردستانی وەك خاڵێکی داخوازیەکان، داوای تەرمەکەی کراو بە فەرمی وبە نوێنەر لە هەولێر ڕادەست کرایەوەو بە خاك سپێردرا، بە شەهید بوونی عبدالرزاق بۆشاییەکی گەورە لە خەباتی نەتەوەیی لەو قۆناغە دروست بوو.(3)

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ/سالار حەکیم،کەرکوك،2010/11/17.

(2)چاوپێکەوتن لە گەڵ/کاك سەفین،هەولێر،2011/3/20.

(3)چاوپێکەوتن لەگەڵ/مەلا قادر،سلێمانی،2011/3/29.

28

* ئەم زانیاریانەم لە هەڤاڵ(محمدنورمحمد)ی برای وەرگرتووە

# کشانەوە...

## شەهید بوونی ڕۆژنامەنووس گادگروس

ڕۆژی29/٣/ ١٩٩١لەکاتی پەلاماری هێزەکانی سوپای عێراق وموجاهیدینی خەلقی ئێرانی بۆ تێکشکاندنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین وگرتنەوەی شاری کەرکوک،گەرمەی شەڕەکانی بەرگری لە چیمەن و لە هەڵەتەکانی خۆرهەلاتی شاری کەرکوک هێزەکانی ڕژێمی بەعس ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی (گادگروس)یان شەهید کرد.

گادگروس، قەڵەم وزومی کامێراکەی شاهیدی ڕاستەقینەی نەبەردەکانی ناو شاری کەرکوک بوون

هەر بۆیە خۆی لە یاداشتەکانی دانوسیبووی وبەکامێراکەم بەشداری خۆشی و زەماوەندی سەرکەوتنی کوردەکانم کرد

هەر لە هەمان ڕۆژولە گەرمەی تۆمارکردنی داستانەکانی پڕ(چیمەن)دا

و دوای قارەمانێتیەکی کەم وێنە، پێشمەرگەو کادیری (ی.ن.ک) (حەمە عەلی بەرخانەقا)و چەند هاوڕێیەکی شەهیدبوون.

# شەهیدانی چیمەن
# شەهید حەمەعەلی بەرخانەقا وهاوڕێکانی

رۆژی ١٩٩١/٣/٢٩دوای داگیرکردنەوەی کەرکوک لە لایەن سوپای عێراق وهێزەکانی (مجاهیدخلق)ەوە..تیپێک پێشمەرگەی دەڤەری سلێمانی کەهەفتەی پێشتر بەشداری راپەرین و رزگاری کەرکوک یان کردبوو،لە کاتی کشانەوە لەهەردەکانی گوندی(چیمەن)لە رۆژ هەڵاتی کەرکوک،بەربەوهێزەگەورەیەی رژێم دەگرن کە دەیەوێت بۆ(قەرەهەنجیر،چەمچەماڵ،سلێمانی ) پێشڕەوییکات. لەنەبەردێکی دلێرانەدا چەند جارێک پاشەکشە بە هێرشەکانی دوژمن دەکەن.. بەڵام بەداخەوە لە پڕێکدا پۆلێک هەلیکۆپتەر دێنە سەریان و شەری زەوی و ئاسمان دەکەن.. بەداخەوە لەو نەبەردەدا (٥٣) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) شەهید بوون، دواتر تەرمەکانیان لە چیمەن بەخاک دەسپێردرێن، لەدوای ڕزگارکردنی عێرا ق

لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕووفاتەکانیان بەرەو سلێمانی بەڕی دەخرێن بەزیدی باوباپیرانی خۆیان شاد دەکرێنەوە ..

-لەساڵی٢٠١٢ دا لە یادی ئەوشەهیدانەدا وەکو وەفایەک دەزگای شەهیدانی کەرکوک بەڕێزو پێزانینەوە هەڵسا بەیادکردنەوەیان .

# پەلامارهێنانەوی رژێم
# بۆ سەر پردێ(التون کۆپری)



یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی مەترسییەکانی سەرخەڵک و شاری کەرکوک رزگارنەبوونی(دووبز)بوو،هەرکەرژێم بەرنامەو نەخشەی بۆگرتنەوەی کەرکووک خستەمەیدانی جێبەجێکردنەوە. سوودی لە رێگای(دووبز)و(پردێ) وەرگرت..
هێزێکی گەورە بە پاڵپشتی تانگ و زرێپۆش وهەلیکۆپتەر پەلاماری ( پردێ) یان داو داگیریان کرد،لە سەر رێگای گشتی (پردێ-کەرکوک) و لەکەلی (قەرغەتوو)و (کتکە) وە...
بەرەو(کانی دوومەڵان) و(داراماان) پێشرەوییان کرد.
وەك تۆڵەسەندنەوەلەخەڵکی شارۆچکەی پردێ (21) کەسیان شە هید کرد و پتر لە(84) هاووڵاتی تورکمان و کوردیان گرت و بەدە ست وچاو بەستراوی لەگۆڕستانی(دووبز)گوللە بارانیانکردن. :

(لیستی ناوی شەهیدانی پردێ)

| ز | ناوی سیانی شەهید | پ | شوێنی |
|---|---|---|---|
| 1 | صائيب قادر | هاوولاتی | پردێ |
| 2 | احمد انور عبداللة كؤثرلو | هاوولاتی | پردێ |
| 3 | توران احمد انور | هاوولاتی | پردێ |
| 4 | اتيلا احمد انور | هاوولاتی | پردێ |
| 5 | عامرمدحت عزت * | هاوولاتی | پردێ |
| 6 | هانی مدحت عزت | هاوولاتی | پردێ |
| 7 | عصام مدحت عزت | هاوولاتی | پردێ |
| 8 | قاسم محمد توفيق | هاوولاتی | پردێ |
| 9 | هاشم محمدتوفيق | هاوولاتی | پردێ |
| 10 | صدام رشيدحسين | هاوولاتی | پردێ |
| 11 | سلام رشيدحسين | هاوولاتی | پردێ |
| 12 | منصورمظلوم نوری | هاوولاتی | پردێ |
| 13 | جنكيز مظلوم نوری | هاوولاتی | پردێ |
| 14 | نوری مظلوم نوری | هاوولاتی | پردێ |
| 15 | احسان محمود ولی | هاوولاتی | پردێ |
| 16 | اردال احسان محمود | هاوولاتی | پردێ |
| 17 | عزيزعلی سعيد | هاوولاتی | پردێ |
| 18 | محمدخالدمندان | هاوولاتی | پردێ |
| 19 | عدنان خالد مندان | هاوولاتی | پردێ |
| 20 | مليك فيصل سليمان | هاوولاتی | پردێ |
| 21 | شعلان فيصل سليمان | هاوولاتی | پردێ |
| 22 | نجيب سعيدصالح | هاوولاتی | پردێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 23 | سعاد خطاب عثمان | هاوولاتی | پردێ |
| 24 | ارشد خورشيد رشيد | هاوولاتی | پردێ |
| 25 | زعيم اسماعيل حسن | هاوولاتی | پردێ |
| 26 | صباح احمدحمدی | هاوولاتی | پردێ |
| 27 | محمد رشيد ولی | هاوولاتی | پردێ |
| 28 | عماد محمد رشيد | هاوولاتی | پردێ |
| 29 | احسان علی فيض اللة | هاوولاتی | پردێ |
| 30 | هشام احسان علی | هاوولاتی | پردێ |
| 31 | طارق بايز خورشيد | هاوولاتی | پردێ |
| 32 | عدنان بايز خورشيد | هاوولاتی | پردێ |
| 33 | ستارعبدالرحمن عزيز | هاوولاتی | پردێ |
| 34 | نوزاد قادر عبدالرحمن | هاوولاتی | پردێ |
| 35 | اياد قادر عبدالرحمن | هاوولاتی | پردێ |
| 36 | يشار حميد عبدالرحمن | هاوولاتی | پردێ |
| 37 | اورهان حميد عبدالرحمن | هاوولاتی | پردێ |
| 38 | عمرخورشيدصالح | هاوولاتی | پردێ |
| 39 | جتين اسعد بهجت * | هاوولاتی | پردێ |
| 40 | حازم انور عبداللة | هاوولاتی | پردێ |
| 41 | صلاح سعيدصالح | هاوولاتی | پردێ |
| 42 | ايوب صلاح سعيد | هاوولاتی | پردێ |
| 43 | عباس صلاح سعيد | هاوولاتی | پردێ |
| 44 | خليل فتحی محمد | هاوولاتی | پردێ |
| 45 | شكرحمدی محمد | هاوولاتی | پردێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 46 | **عثمان جميل** | هاوولاتی | پردێ |
| 47 | **عصام عثمان جميل** | هاوولاتی | پردێ |
| 48 | **فاضل جهاد فتح اللة** | هاوولاتی | پردێ |
| 49 | **جبارصديق رؤوف** | هاوولاتی | پردێ |
| 50 | **نهاد عبدالكريم على** | هاوولاتی | پردێ |
| 51 | **نظام الدين شكرحمدى** | هاوولاتی | پردێ |
| 52 | **جنكيزناصح بازركان** * | هاوولاتی | پردێ |
| 53 | **اتيلا ناصح بازركان** | هاوولاتی | پردێ |
| 54 | **ارجمند كيلان محمد** | هاوولاتی | پردێ |
| 55 | **اوغوز سميع امين** | هاوولاتی | پردێ |
| 56 | **شهاب احمد فرج** | هاوولاتی | پردێ |
| 57 | **جميل سليمان عباس** | هاوولاتی | پردێ |
| 58 | **جونيد سيد بهجت** | هاوولاتی | پردێ |
| 59 | **حسين على احمد** | هاوولاتی | پردێ |
| 60 | **زين العابدين فاظل** | هاوولاتی | پردێ |
| 61 | **سزر جمعة ياسين** | هاوولاتی | پردێ |
| 62 | **شامل عبدالرحيم** | هاوولاتی | پردێ |
| 63 | **شاهين ناصح بزركان** | هاوولاتی | پردێ |
| 64 | **اسكندر على** | هاوولاتی | پردێ |
| 65 | **جمال احمد فرج** | هاوولاتی | پردێ |
| 66 | **عبدالمجيد عبدالكريم** | هاوولاتی | پردێ |
| 67 | **قابيل عباس ترهان** | هاوولاتی | پردێ |
| 68 | **كمال صابر اجمد** | هاوولاتی | پردێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 92 | جنكيز حيدر بهرم | هاوولاتی | پردێ |
| 93 | حيدرغيدان | هاوولاتی | پردێ |
| 94 | حسين احمد اكبر | هاوولاتی | پردێ |
| 95 | حميد غريب | هاوولاتی | پردێ |
| 96 | رشدی خليل | هاوولاتی | پردێ |
| 99 | عادل بايز صالح | هاوولاتی | پردێ |
| 100 | عبداللة كهية علي | هاوولاتی | پردێ |
| 101 | عباس مالی | هاوولاتی | پردێ |
| 102 | عبدالسلام رشيد حسن | هاوولاتی | پردێ |
| 103 | متين ناصح | هاوولاتی | پردێ |
| 104 | معظم عثمان علی | هاوولاتی | پردێ |
| 105 | نزار مهدی | هاوولاتی | پردێ |
| 106 | نجدت تقی | هاوولاتی | پردێ |
| 107 | نظام رشيد | هاوولاتی | پردێ |
| 10۸ | هاشم حيدر بهرم | هاوولاتی | پردێ |
| 10۹ | نورالدين ترزی | هاوولاتی | پردێ |

تێبینی : ئەوناوانەی نیشانەی (*) لەسەر دانراوە چۆنیەتی شەهیدبوونیانمان بۆ روون نەبۆتەوە

# بەشی سێزدەیەم

## داگیر کردنەوەی کەرکوک

- 3/27 کەرکوك لەلایەن ڕژێم داگیر کرایەوەو بەهۆی ئەوەی کەرۆژانی پێشتر قولە شەڕ هەربوون و ڕاپەڕینش بەپیلانی نێودەولەتی و بڕیاری سەرکردایەتی بەوەی کوردستانی لە کوردستان ڕاوەستاو، نەخشەی خۆ قایم کردن و بەرگری یش نەبوو، بۆیە ڕژێم پەیتاپەیتا دەهاتەوە پێش و لەزۆربەی شارەکانیش نەخاسمە لەکەرکوك بەعسیەکان هەر مابوون، بۆیە لەکاتی کۆڕەوەکە لەدواوە لە خەلکیان دەداو شارەکەیان شڵە ژاند، ئەوەبو سوپای ڕژێم لە (3/29) پردێ و شێراوەی گرتەو و بۆ (3/30) گەیشتە قوشتەپەو لەناوچەکانی نزیك ڕژێم کۆڕەو دەستی پێکردو لە(3/31) بەرەسمی لەهەموولا کۆڕەوە ملیۆنەکەی کورد دەستی پێکردو، لەو ڕۆژەوە هەولێرو چەندان ناوچەکانی تریش کەوتنەوە دەستی ڕژێمی دڕندە تادەگاتە سلێمانی و کۆڕێ و لە(4/7) و (4/11)دووشەڕی گەورە لەکۆڕێ ولەدەربەندی هیزۆپ وبازیان و...هتد بەخوێنی ئالی چەندان پێشمەرگەو کادیر ڕویدا کەبوە مایەی تێکشکاندنی سوپای ڕژێم و بەرەستکردنی تا دانوستانەکە بەرپاکرا، پاشان پێ بەپێ لەشارەکانیش لە(1991/10/7)دامودەزگاکانی ڕژێم کشانەوەوئیدارەی کوردستان کەوتە بەردەستی لایەنە کوردیەکان .



# پەلاماری مجاهیدینی خەلق
# بۆ سەرکەرکوک

## موجاهیدینی خەلق باجی مێژووی خوێناویی ساڵی (1991) دەداتەوە

**ريكخراوى ( مجاهيدينى خەلق ) لە1991لە شارەبانەوە هەتا هەولير لە شەهيد كردنى ( حەمەرەش ) ەوە تا داگيركردنەوەى كەركوك.. سەدان تاوانيان ئە نجام دا,دەبا بزانين**

**بەرێز ( غەفوورعەزيز ) چۆن هەندێ لەو تاوانانە دەگێڕێتەوە:**

(ئاری محەمەد نوری خەلیفه)کەدانیشتووی شاری کفرییەو یەکێکە لەو کەسانەی کە برایەکی قوربانی دەستی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقە، مێژووی ئەو ڕێکخراوەبەمێژوویەکی ڕەش لەقەڵەم دەدات، ئاری دەڵێت: بەهاوپەیمانیکردنی موجاهیدینی خەلق لەگەڵ هێزەکانی بەعسدا بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕاپەڕینی ئاداری 1991 ئەو مێژووە خوێناوییەی بۆ خۆی تۆمارکردووە، وتیشی:

لایەنگران ویەکە سەربازییەکانی ئەورێکخراوە بەشکستی ڕاپەڕین تۆمەتبارن.

ئاری ڕونیشیکردەوەکە ( سەربازگەی ئەشرەف) ناوچەی پرۆسە سەربازییەکانی مجاهیدینی خەلق بووەدژی هاوولاتیانی کوردستان و چەندین کەس لەدانیشتوانی کفری بەدەستی چەکدارانی ئەورێکخراوە کوژراون.

دادگای بالای تاوانەکانی عیراق ناوی 38تۆماتباری سەر بە موجاهیدین و وەزارەتی ناوخۆی عیراقی لەلایە،هەربۆیە داواکاری تایبەتی بەدەستگیرکردنی 38 تۆماتباری سەر بەموجاهیدینی خەلقی پێگەیشتووە کەتۆمەتبارکراون بەسەرکوتکردنی ڕاپەرینی خەڵك لە مانگی ئاداری ساڵی 1991.

ئایدن خالید بریکاری وەزارەتی ناوخۆی عیراق بۆ کاروباری پۆلیس ئەو هەواڵەنەی بەڕاستزانی و رایگەیاند: کەداواکراوەکان لەسە رکردەو ئەندامانی ئەو رێکخراوەن و تۆمەتبارن بەتاوانی دژە مرۆڤایەتی وبەشداریکردنی لە سەرکوتکردنی راپەرینی ئاداری 1991، وتیشی:بۆ ئەومەبەستەوەزارەتی ناوخۆ فەرمانی دە ستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ سەرجەم بنکەکانی پۆلیس ناردووە، بەلام تا ئێستا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر شوێنی نیشتە جێبوونی ئەو تۆمەتبارانەلەبەردەستدا نییەتا دەستگیریان بکات. چە ندین کاری تیرۆریستی رێکخراوی موجاهیدنی خەلق-ی ئێران بە شێکەلەئیئتیلافێکی فراوان بەناوی (ئەنجومەنی نیشتمانی مقاوەمەی ئێرانی)و وەك پەرلەمانی ئێرانی لەمەنفا کاردەکات کە5 رێکخراو و پارت و550 ئەندامی دیارو ناسراوی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێرانی لەخۆگرتووە، لەگەڵ سەرکردایەتییەك کەبەسوپای ئازادکردنی نیشتمانی ئێرانی ناسراوەو باڵی چەکداری رێکخراوی موجاهیدنی خەلق-ی ئێرانەو لەئێستادا لەسەربازگەی ئەشرەف لەعیراق کۆبونە تەوەو زۆربەی سەرکردەکانی ژنانن،بەلام گەلانی عیراقی نیگە رانکرد لەسالانی 1990ەوە،رێکخراوی موجاهیدینی خەلق هاوکاری سەدام حسینی دیکتاتۆری عیراقیان کردو کۆمەك و زرێپۆش و چەکوتەقەمەنیان بۆلەناوبردنی کوردەکان بە کارهێنا،رێکخراوی موجاهیدنی خەلق چەندین کاری تیرۆریستی قێزەونیان دوورلەهەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی دژی کوردەکان ئە نجامداو بەسەدان هاوولاتی کوردیان لەسەرجەم تەمەنەکان لەگەنج و پیرومنداڵ کوشتووە.

23 تۆمەتبار دەستبەسەرکراون
پارێزەر (عەبدولرەحمان زێباری) سەرۆکی دەستەی داکۆکیکارلە کەیسی سەرکوتکردنی راپەڕینی ساڵی1991بەکوردستانی نوێ-ی راگەیاند کەلەئێستادا 23 تۆمەتبار لە جەماعەتی موجاهیدنی خەلق دەستبەسەرکراون وبڕیارەرۆژی2010/7/25 لەیەکەمین دانیشتندا لەلایەن دادگای بالای فیدراڵییەوەدادگای بکرێن، وتیشی: هەرچەندەزیاد لەکەسمان داواکردووەبەمەبەستی دادگایکردن، بەلام تا ئێستا بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆنەدراوەهەرچەندە ئەگەر ئەوان دەستگیبکرێن ئەوکاتەئەوان لەکەیسێکی تردا دادگایی دەکرێن.
زێباری ئەوەشی خستەروو کەلەساڵی 2008 ەوەهەموو ئەوانەی کەلەلایەن موجاهیدینی خەڵقەوەزیانیان پێگەیشتووەراپۆرتیان پێشکەش بەوەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان کردووەو ئیفادەیان لێوەرگیراوە، چونکەلەساڵی1991لەلایەن موجاهیدنی خەلقەوەبەتایبەتی لەکفری و کەلار سەرکوتکراون،وتیشی: هەمووئەوکەسانەسکالایان لەهەریەك لەمەسعودرەجەوی ومریەم رەجەوی کردووە، چونکەئەوان هۆکاری سەرکوتکردن بوون دەرهەق بەخەڵکی کوردستان. کوشتنی زیاتر لە25 هەزارکەس بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەئیستخباراتی ناوەندی بەغداوەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق دەستکەوتوون، موجاهیدینی خەڵق بەشداری سەرکوتکردنی راپەڕینی ئاداری 1991 ی کردووە.
لەبەڵگەنامەکاندا ئاماژەبەبەشداری رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لەسەر کوشتنی زیاتر لە25 هەزار لە شیعەکانی عیراق لەپارێزگای دیالەکراوە.
بەتوول سوڵتانی ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی ئەم رێکخراوە

دەڵێت بەشداریکردنی رێکخراوی موجاهیدین لەسەرکوتکردنی راپەرینی1991وکوشتنی زیاتر لەهەزارلەخەڵکی بێتاوان لەهەموو عیراق تا رووخاندنی سەدام و هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عیراق بەردەوام بووە، وتیشی: دەتوانن وتەکانم وەکو بەڵگەیەك لەزاری سەرکردایەتی وشاهیدی ئەوبەڵگانە لەدادگا ئاماژەی پێبکەن.
سوڵتانی لەدرێژەی دانپێدانانەکانیدا دەڵێت: بەشداری موجاهیدین لەتاوانەکانی بەعس تەنیا بۆ سەردەمی دەسەلاتی سەدام حسێن ناگەڕێتەوەبەڵکو ئەم رێکخراوەگەنجەعیراقییەکانیشی بۆ کاری تێکدەرانەو کردەوەتیرۆریستییەکان رادەهێنا.
رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ قسەکانی سوڵتانی بەبەڵگەیەکی باش دادەنێن بۆ سەلماندنی تاوانباری موجاهیدین.

**(................**



# لەساڵیادی کۆرەودا...

دوا بەدوای ڕاپەڕینە مەزنە کەی1991 دیارە کارەساتی کۆڕەو وەك کارەساتەکانی پێش خۆی. ناوی خۆی هاویشتە نێو لاپەڕە پڕلەسەروەریەکانی گەلەکەمانەوە،هەربەوبۆنەیەوە دەمەوێ چەند بیرەوەرییەك لەسەرکۆڕەو وڕۆژانی دوای کۆرەو بکەم بە مەڵۆیەك هەتا لەداهاتوودا مێژوونووسان بیخەنەسەرخەرمانی پڕلەشانازی خەبات وسەروەریەکانمان ...

- دوابەدوای شکانمان لەشارەکانی کەرکوك وهەولێر و سلێمانی.. پاش کۆرەوی سەدان هەزارخێزان بەروشاخ وپشتی سنوورهکان.. ئێمەیش کەبریتی بووین لەدەیان پێشمەرگەی دێرینی تیپی (21)ی کەرکوك، زۆربەمان لەوانەبووین دوای ئەنفالەکان تەسلیم بەڕژێم نەبووبووینەوە، هەموومان بەشداری ڕاپەڕینەکەو رزگارکردنی کوردستانمان کردبوو ..

بەرلەنەبەردەکەی(کۆڕێ)لەقەزای(سۆران) بڕیاری کۆتاییمان دا کەجارێکی ترنەچینەوەتاراوگەو پەناهەندەیی..

هەموومان لەسەرئەوەرێککەوتین کەبروسکەیەك ئاراستەی بەڕێزان مام جەلال وکاك مەسعودوبەرەی کوردستانی بکەین. بروسکەکەلەلایەن(مەلاشاخی)وەئامادەکراوبەبێتەل نێردرا. پوختەی ناوەرۆکی بروسکەکەپێشنیارو ئامادەیی دەربڕین بوو بۆ دروستکردنی هێڵێکی بەرگری هەرلە دوکانەوەتا کۆڕێ، هەر هەمان رۆژ لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە وڵام درایەوە.. ئامادەیی خوێوکاك مەسعودی نیشان دابووبۆ هەمووهاوکارییەك،

هەرهەمان کات بروسکەیەکی ترلەلایەن بەندە(مەلاشاخی)لەڕێی رادێۆی (دەنگی گەلی کوردستان)ەوە بۆپێشمەرگە پەرتەوازەکان بڵاوکرایەوە،لەبانگەوازەکەداداواکرابوولە(سۆران ورانیە)پەیوەندی بەتیپی 21 ی کەرکوکەوەبکەن .

-لە1991\4\8هەڤاڵان(مەلاشاخی،سەربازحسین، نەهرۆقە سرۆکی، سەرکەوتەڕەش، خاڵەبەخە، محمدحەساری )و چەندهە ڤاڵێکی ترکۆبووینەوە بەمەبەستی خۆرێکخستنەوە.

-هەرهەمان رۆژ لەوچەکەزیادانەی لەراپەڕینەکەگیرابوون (5)دانە(BKC) و(RPG)وچەن کلاشینکۆفێك دران بەهەڤاڵان (جلال حاجی)و(تۆفیق کانی وەتمانی)و(مام غەفوور)و چەند پێشمەرگەی تر،بەمەبەستی بەهێزکردنی بەرەی کۆڕێ..

- لە1991\4\2لە(کێوەرەش وکۆلین وبتوێن.)سەنگەرمان گرت.

-لە(رانیە)لەچەن بینای حکومی و مزگەوتی ڕەشەمێرگ بارەگامان دانا .. جێی خۆیەتی دەوری جوامێرانەی ئەو خێزانانەی لەرانیە مابوونەوە فەرامۆش نەکرێ.. لەهاوکاری کردنی پێشمەرگەکان.

- لەهەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا بەدەیان کادر وفەرماندەی مەیدانی وەك هەڤاڵان(وەستاسابیر، کاکەمەند،مەلافەرمان، کاك رەفعەت عبداللە، کاك رزگارعلی، مامۆستاجەلال جوهر، راپەرعارف..) و دەیان تێکۆشەری تری کەرکوك..کۆ بوونەوە..

- دواتر زۆر لەتێکۆشەرانی دەڤەرەکەیش گەڕانەوە..

تێکۆشەران خۆیان سازدایەوە،هەرلەشاخی(ئەزمەڕ،سورداش، چەمی رێزان. کۆلێن،کێوەڕەش،کۆڕێ،تابادینان توانرا بەرەیەك بۆبەرگری پێك بێت ، پاش چەندین سەرکەوتن ئیتر رژێم ناچاری گفتوگۆو دان و ستان کرا...

***

# دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق :

## سزای بەسەر تۆمەتبارانی سەرکوتکردنی راپەرینی1991داسەپاند

دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق دوا بڕیاری خۆی لە بارەی تۆمەتبارانی کەیسی سەرکوتکردنی راپەڕینی 1991دادەرکردو سزای لەسێدارەدانی بەسەر سێ‌تۆمەتباردا سەپاند.

رۆژی 6-6 2011 دوادانیشتنیدا دادگا بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تۆمەتبارانی کەیسی راپەرین بەڕێوەچوو، تێیدا سزای لەسێدارەدانی بەسەر هەریەك لەکەمال مستەفا،عەزیز ساڵح نۆمان، مەزبان خزردا سەپاند.

هەروەها هەریەك لەمحەمەد فەیزی هەزاع، وەتبان ئیبراهیم حسن و موحسین خدرخەفاجی بەبەندکردنی هەتاهەتایی و تاریق عەزیز و سەمیر عەبدولعەزیز و بەرزان عەبدولغەفوور بە15ساڵ بەندکردن سزا دران.

هەر یەك لەتۆمەتبارانیش عەبد حەسەن، مەزاحم سەعد حەسەن، سەعد ساڵح،هانی عەبدوڵلەتیف،غالب عومەر مەهدی، ئەحمەد حوسێن، مەحموود فەرەج، محەمەد رەزا، کەریم جاسم نفوس، عە بدولحەمید سلێمان و لەتیف نسەیف جاسم بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست لەسەر تێوەگلانیان لەسەرکوتکردنی راپەڕینەکەدا ئازاد کران..

# ڕاپەڕین و یادگارییەك

1 – نەنەئامینە:

دایکی دایکم پیرەژنێکی نەخوێندەواری زۆرکۆڵەواربوو،
کەسێکی پاك و دڵ ساف و بێوەی بوو..
هێندەگوناح بوو بەر لەئەنفال یەکجارێك بۆ چارەسەری نەخۆشی
شاری کەرکوکی بینیبوو، لەبیرمەکەهاتەوە.. چووم بۆلای،
لەتەندروستیم پرسییەوە، گووتی :
( ڕۆڵەوەرەبا ئامۆژگارییەکت بکەم..!
بەقسەی نەنکی خۆت بکە..!تا زووەچەکەکەت دابنێ،ئێوەبەم تفە
نگەخراپانەوەلەهەق ئەم حکوومەتە بەرازەنایەن...) منیش گووتم:
(ئێ بۆنەنەگیان..؟
لەم سەفەرەی شارتدا چی ورەو بیروباوڕی ڕووخاندی.؟)گووتی:
(ڕۆڵە..ئەوحکومەتەکافرەهەرچەند بۆڕی درووست دەکات ..
ئەوەندەگەورەیەپیاوی وەك تۆ هەر بەناویدا فڕکەی دێ...)
تووەمەکە نەنکم کارگەی بلۆك و دروستکردنی ئاوەڕۆ
(منهۆل)ی(حاجی متعب) ی لەگەرەکی (رەحیماوا) بینیبوو....
ئەمجارەیان گووتم سێچوار ساڵە(نەنە)م نەمبینیوە،ئێستا
زۆر ِبیریم دەکات،منیش بیری ئەوم دەکرد..کەچووینە
ئۆردوگای(دارەتوو)چووم بۆسەردانی ..
کەبەیەک شادبووینەوەگوێم لێ گرت ..نەنکم قسەی پڕ بایەخ و
سەیر وسەمەرەی دەکرد، دوای ئەوەی زۆرماچی کردم،
دوعای خێری زۆر بۆکردین، ئەوجا گووتی :
(ڕۆڵەهەرچەند کوێربووم و بەرپێی خۆم نابینم،بەڵام ئێستا
(ئامینەسوورە)کەی جارانیم..

ئاوارەیی ولێقەومان منیشیان گۆڕیوە،یاخوا بەخێر بێنەوە،
ئیتر(لەپی کوتا..هەتا تفەنگەکەمی دۆزییەوە،لوولەکەی گرت
وماچی کرد )گووتی:( ڕۆڵە بەقوربان لوولەی چەکی پێشمەرگە
بم،لەدەورت گەڕێم،چانەبوو کاتی خۆی بەقسەت نەکردم،
چە کەکەت دانەنا..بەخوا.بەخوا ئێوەدرێژەتان بەشۆڕش نەدایەو
ڕاپەڕین نەبوایە(صدام حسین) ئێمەشی ئەنفال دەکرد.)
هەندێك گریا و ڕووی تێکردمەوە:
( ئەریٚ‌ڕۆڵە..پرسیارێکی تر.. ئێوەئەم هەمووشەڕەگەورانەتان
کردووە،ئەم لەشکرەگەوریەی ڕژێمتان شکاندووە،
(عەمەلیقا )و( ئینگلیز)تان لەگەڵە..؟؟)
زۆر لەسەرخۆ گووتم :نەخێر..هەرئەوەندەم خۆشبوو..
نەنك دای لەهۆرەی گریان..
بەدەم نسکدانەوەگووتی:(حەیف..سەدحەیف ومخابن..
بەخوا بەخوا لەکوێوەهاتوون هەتا ئەویٚ‌هەڵتان دەبڕێتەوە..)
من زۆر قسەی خۆش خۆشم بۆکرد،دڵم دایەوە، بەڵام بیٚ‌سوودبوو،
ئەو خەمدایگرتەوە...
دوای ڕزگاری کەرکوك وکۆڕەولەیەکێك لەکەلاوەکانی
(حاجی ئۆمەران) نەنکم بەدەنگ منی ناسییەوە، پرسییەوە:
ئەوەمەلاشاخی نییە.؟؟
گووتیان بەڵیٚ..ئەویش وەك جارانی بانگی کردمەوە،
کەچوومەوەخزمەتی،دەستەکانیم ماچکرد..
گووتی: (ها ڕۆڵە..نەمگووت. ..!؟)

***

# بەشی چواردەیەم

## لەیادی راپەڕین و رزگارکردنی کەرکوك دا

بەڕێزان...!

خوشك وبرایانی خۆشەویست..

کەسوکاری شەهیدوئەنفالکراوەکان.

ئاوارە خۆڕاگرەکان.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ هەوڵەکانی ئاشتی لەکوردستاندا بەبۆنەی حەوتەمین یادی راپەڕین ورزگارکردنی کەرکوك وجەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لەئێوەی بەڕێزو سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی وخەڵکی کەرکوکی خۆڕاگر بەتایبەتی دەکەین..!

ماوەمان بدەن با لە ئاست مێژووی پڕشانازی وبیرەوەری رزگارکردنی شاری کەرکوکدا هەڵوەستەیەك بکەین..مێژووی چەوسانەوەوخۆڕاگری ودیرۆکی خوێناوی ئەم شارە خۆی شاهیدە، کەهەزاران ساڵە لەبەردەم رەشەبای زوڵم وزۆرو هێرشی بێگانەکاندا سەربەرزانە وەك قەڵاسەربڵندەکەی خۆی ..ئاوەدانی وشارستانیەت وشکۆمەندی خۆی پاراستووە.

گرنگی ئەمشارە لەرووی سیاسی وئابووری وجوگرافی..یەوە وای کردووە هەمیشە جێگای چاوی تەماحکارنەی داگیرکەران بووە.هەر رژێمێك لەعێراقدا دەسەڵاتدار بووبێ‌هەوڵی داوە واقعی جوگرافی ونەتەوەیی وروناکبیری وکۆمەڵایەتی بشێوێنی.

لەومەیدانەدا هیچ رژێمێك بەقەد بەعسییەکان چ لەسالی 1963 لەکاتی(حەرس قەومی) چ لەدواتر دوای هاتنە سەرکاریان لە1968 دا خراپتر کەوتنەوە وێزەی خەڵکی کەرکوك ودەوروبەری ..

هەربۆ بەڵگە :

1 – نەخشەی ئیداری پارێزگاکەیان هەڵوەشاندەوەوقەزاکانی (چەمچەماڵ و دوز وکفری وکەلار)یان لێدابڕی وناوەکەیان لە (کەرکوك)ەوە گۆڕی بۆ(التأمیم).
2 – کەوتنە ئاوارەکردن وراگواستنی کورد وتورکمان وئاشووری...
3 – دەستیانکرد بە هێنانی عەرەب ونیشتەجێکردنیان.
4 – کەوتنە گۆڕینی ناوی گەڕەك وشەقام ومزگەوت و خوێندنگا وشوێنەکانی تر.. لەکوردییەوە بۆ عەرەبی.
5 – سەرژمێری ساڵی 1057 یان دەستکاری کرد.
6- هەزاران کرێکاروفەرمانبەروشارەزای کوردیان لەکۆمپانیای نەوت وکارگەو دام و دەزگا کان دەرکردووە ولەمافەکانیان بێبەشیانکردوون.
7- هەزاران کرێکارو فەرمانبەری عەرەب وچەکداریان لە ناوەڕاست وخوارووی عێراقەوە هێناولە کەرکوك ودەوروبەری دایانمەزراندن..
8-درێغییان نەکردووە لەسیاسەتی زەبروزەنگ وتۆقاندن... بەمەبەستی راوەدونان و دەرپەڕاندنی کوردلەشارەکە..
9- زەوی وخانوو وموملکاتیان بەنوی کوردتۆمارناکردو گەڕەکەمیللیەکانیان دەروخاند ودەیان گەڕەکی نوێیان بۆعەرەبە هاوردەکان دروست دەکردولەسەر ئەوەیشەوە تەکریمیان دەکردن.
10- پتر لە (800)گوندی ناوچەکانی (شوان وشێخ بزێنی وساڵەیی وبیبانی وجەباری وگڵ وزەنگنەو...هەمووگرمیانیان وێرانکرد.
11- هەرچی مزگەوت تەکیەوخانەقاو مەرقدومەزاری چاك وپیران هەبوو، هەموویان لەگەڵ خاك یەکسانکرد.
12- شەش شارۆچکەو ناحیەیان دایە بەرکەڵبەی شۆفەڵ و بلدۆزەر وبە (T.N.T) تەقاندەوە.
13- دەیان هەزار ژن ومناڵ وپیرولاویان لەکەرکوك ودە وروبەری ئەنفال وبێ سەروشوێنکرد.
14- بەسەدان بەڵگەنامە کە لەراپەڕینی 1991 دا کەوتنە دەست جەماوەر وهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیانسەلماند کەرژێم چۆن

بەهەزاران تاوانی نامرۆڤانەی دەرهەق بەخەڵکی کەرکوك ودەوروبەری ئەنجامداوە،کەهەموویان دەچنە خانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە.

هەربۆیە زوڵم وزۆری ئەم رژێمەورژێمەکانی پێشووتر وایان کردووە کەخەڵکی قارەمانی کەرکوك وگەرمیان لەهەمووشۆڕش وراپەڕینەکاندا،لەهەموو سەروەرییەکاندا،لەسەنگەرەکانی پێشەوەی قوربانیداندا.گیانفیدایی بکەن.

ئەوەمێژووی کۆن ورابردووی نزیك شاهیدن هەرکاتێك هێزێکی دەرەکی بێگانە سەروەری وشکۆمەندی عیراق وکوردستانی پێشێلکرکردبێ(وەك ساڵی پار روویدا) رۆڵەئازا ونەبەزەکانی ئەودەڤەرە سینەیان کردۆتە قەلغان وپارێزگاریکیان لەنشتیمان کردووە، کەچی رژێم لەپاداشتدا خێزان وخزم وکارەکانیانی تەرحیل کردووە...

ئێستایش لەم بارودۆخەناسکەدا گەلانی عێراق لە هەمووکات زیاتر پێویستیان بەئاشتبوونەوەی گشتی وتەبایی وبرایەتی وبنیاتنانەوەی وڵات هەیە..

هەق وایە کاربەدەستانی عێراق بیر لەپاشەرۆژی عێراق بکەنەوە ،بڕیارەکانی(UN)بەتایبەتبریاری688جێبەجێبکەن،دەست لەشەڕ ئەنگێزی ولاساری وپێشێلکاری مافەکانی مرۆڤـــ هەڵگرن.چیتر هەڕەشە لەیەکپارچەیی خاکی عێراق نەکەن. هەرکردەوەیەکی نالەبار کەرژێم ئەنجامی دەدات،مەترسی لە بەریەك هەڵتەکانی شیرازەی برایەتی گەلانی عێراق دروست دەکات.

تائیستا پێناچێکاربەدەستانی عێراق هیچ پەندو ئەزموونیان لەرابردوو وەرگرتبێ.ئەتانێپێش چەندرۆژێك لەرێی ئەم کۆمەڵێەوە بەڵگەنامەیەکی نهێنی گەیشتە ئاژانسەکانی هەواڵ ورۆژنامەو کەناڵەکانی تری راگەیاندنی ناوخۆودەرەوە،

بەپێی ئەوبەڵگەنامەیەی رژێم

بەنیازەلە15\4تا15\6\1998 پترلە(1468)هەزارخێزانی کورد لە شاری کەرکوك ئاوارە دەربەدەر بکات.

ئێمە بەوبۆنەیەوە لەرێگای یاداشتنامەو کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، بەهۆی نووسینگەی سلێمانی(UN)ەوە داوا لەبەرێز کوفی ئەنان سکرتێریگشتی نەتەوەیەکگرتووەکان وئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وکۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی وسەرجەم رێکخراوەکانی مافی مرۆڤـــ لەجیهان وعێراق وکوردستان وگشت حیزب ورێکخراوەکان دەکەین ..کەگوشار بخەنەسەر کاربەدەستانی عێراق، کەچیتر مافەکانی خەڵك پێشێل نەکەن ودەستبەرداری ئەورفتارانەبن کەپێچەوانەی شەپۆلەکانی دیموکراسییە..

هەروەهاجێی خۆیەتی کاربەدەستانی عێراقیش چاوبەخۆیاندا بخشێننەوە، وەك لەراپەرینی کۆمەڵانی خەڵك ورزگارکردنی کەرکوکدا لەساڵی1991 سەلمێندرا

کەسیاسەتی (تعریب وتبعیس وترحیل) فاشیلە.

سالماندییانەوە کەکەرکوك هەمیشە سەربەرزوسەربڵندوشارێکی کوردستانی دەمێنێتەوە ،ئەمرۆ لەیادی راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ولەبیرەوەری 20\3\1991رۆژی رزگاری کەرکوکدا سڵاوی رێزو وەفا دەنێرین بۆخەڵکی قارەمان وخۆڕاگری کەرکوك..لەئاستی شەهیدانیش دا سەری رێز دادەنوێنین..

نەمری بۆسەروەران...

نەفرەت وشەرمەزاری بۆداگیرکەران ونۆکەرانیان.

---

*رۆژی 21\3\1998لەئاهەنگێکی قەشەنگدا بەئامادەیی جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی وئاوارەکان یادی راپەڕین ورزگاری کەرکوك پیرۆزکرا ، ەئەوسا کە سکرتێری رووناکبیری (کۆمەلەی رووناکبیری کەرکوك)بووم ئەم وتارەم پێشکەشکرد.



**پیرۆزبیت دەیەمین ساڵیادی**
**رزگارکردنی کەرکوك**

بەڕێز \ نوێنەری برای گەورەمان...مام جەلال
بەڕێزان نوێنەرانی حزب ورێکخراوەکوردستانییەکان ..
ئامادەبووانی ەرێز...!
ئەمڕۆ لەدەیەمین ساڵیادی راپەرین ورزگارکردنی کەرکوك دا پیرۆزبایی خۆمان بەئێوەی بەرێزو هەمووکۆمەڵانی خۆڕاگری کوردستان ودانیشتووانی کەرکوك وناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم رادەگەیەنین..
هەربەوبۆنەیەوە..ئەوراستییە دووبارەدەکەینەوە کەپتر لەدەیان ساڵە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەمیشە بەردەوام بوونە لەسەرسیاسەتی راگواستن وبەعەرەبکردن وپاکتاوکردنی نەژادی. لەجیاتی بیرکردنەوە لەدۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆمەسەلە گرنگەکان،لەجیاتی چەسپاندنی ئاشتی وبرایەتی بۆگەلانی عێراق.. هەمیشە خەریکی زولم وزۆرو چەوسانەوەبوونە..
تاوانەکانی حوزەیران وتەمموزی1963و راپێچکردنی سەدان پیرولاوی کەرکوك و دەوروبەری بۆزیندانەکانی (نوگرەسلمان)و (موسەیب)، تاوانی لەکارلابردنی سەدان کرێکاری کوردوتورکمان وئاشووری لەکۆمپانیای نەوت وهێنانی عەرەب بۆشوێنەکانیان سەرەتای قۆناغێکی ترسناك بوو بۆتێکدانی پەیوەندی لەمێژینەی نێوان گەلانی عێراق..
ئەم تاوانانە بەمەبەستی گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی پارێزگای کەرکوك ئەنجام دراون. تائێستایش بەشێکی گرنگی وەك ناوچەکانی(ساڵەیی وشوان وشێخ بزێنی وجەباری و دوز وزەنگاباد وخانەقین وهتد..لەدانیشتوانە رەسەنەکەی چۆڵکراون و هەوڵی تەعریب کردنیان دەدرێ...سیاسەتی فەرق وجیاوازی کردن ،سیاسەتی کۆچی زۆرەملێ،ئەنفال وکۆمەڵکوژی و کاولکردنی کوردستان..ئەوهۆکارانە بوون کەرقی پیرۆزی جەماوەریان هەڵساندو راپەڕینی لێکەوتەوە..لەنێوان راپەڕینی شارەکانی

کوردستانیشدا راپەڕینی خەڵکی کەرکوك ئەوەی سەلماندەوە کەدوژمنان هەرگیز ..ناتوانن ئەوراستییە بشارنەوە کە کەرکوك شارێکی لەمێژینەی کوردستانەوهەر بەکوردستانیش دەمێنێتەوە...
ئەگەر لەراپەڕینەکەی بەهاری1991دا هەمووکوردستان کۆت وبەندی دیلییەتیان پچڕاند، ئەوا شاری کەرکوکیش تاجە گوڵینەی ئەوسەرکەوتنەی نایە سەر راپەڕینەکە...
امادەبووانی بەرێز...!
ئەگەرچی رژێم لەدوای ئەوراپەڕینەوە چەندین تاوانی نوێی ئەنجام داوە...وەك:راگواستن و(تصحيح القوميه)و رووخانی قەڵا و بەتاڵان بردنی شوێنەوارەکان و داگیرکردنی رووبەرێکی زۆری تری زەوی کوردستان،بەمەبەستی تەعریب..کەهەمووئەمانە دەچنەخانەی پێشێلکردنی(جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤــ)و خۆگێلکردن لەئاست یاسانێودەوڵتییەکان وبڕیاری 688ی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە....
لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا خەڵکی خۆڕاگری کەرکوك هەمیشە بانگەوازی ئاشتی وبرایەتی وئاوەدانکردنەوەیان راگەیاندووە، بەگوێی کاربەدەستانی عێراق ورای گشتییاندا چپاندووە : کە کێشەی کەرکوك کلیلی کێشەی لەمێژینەی کوردە،تاکێشەی کەرکوك چارە نەکرێ،ناوچەکەیش ئاشتی وئارامی بەخۆیانەوە نابینێ...
خوشك وبرایانی خۆشەویست..ئاوارە خۆڕاگرەکان..!
جێی خۆیەتی لەمەولا بیر لەوەبکەینەوە..بەشێوازی هێمنانە،دوورلە ئاژاوەنانەوە... پەرەبەخەباتی رەوای خۆمان بدەین..بەرپەرچی تاوانەکانی رژێم بەوە بدەینەوە کە داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆمان بکەینەوە...دەبا فایلی کەرکوك بەرز و بڵند تر رابگرین،داوا لەبەرێز(کوفی ئەنان)و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی دنیابکەین تا پاڵەپەستۆ بخەنەسەر رژێمی عێراق بۆئەوەی واز لە سیاسەتی چەوسانەوەوپاکتاوی نەژادی بێنێ...بەخەباتی چوست وچالاکانەی خۆمان ..دەتوانین دۆست وپشتیوانی پتر بۆ دۆزەکەمان پەیدابکەین، کەبێگومان ئەمیش خەباتی هاوچەرخانەوچالاکی سەردەمیانەی

گەرەکە..دەبێ‌هەردەم تێبکۆشین لەپێناوگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆشوێنی لەمێژینەی باووباپیریان.
-جارێکی تر بەرزو پیرۆزبێت

ساڵیادی ڕاپەڕین و ڕزگاری کەرکوك
-سڵاولەگیانی پاکی ئەوسەروەرانەی
بوونە قوربانی سەرکەوتنی ڕاپەڕین.
-نەفرەت وشەرمەزاریش بۆئەوزۆردارانەی
کەمافی گەلان پێشێل دەکەن و
مل بۆئاشتی برایەتی وپێکەوەژیان نادەن..

2001 \ 3\ 21

* ئەم وتارە لەلایەن خۆمەوە ئامادەکرابوو لەیادەکەیشدا هەرخۆم خوێند مەوە.

## پەیامی کاک کۆسرەت لەساڵیادی رزگارکردنی کەرکوکدا

جەماوەری خۆڕاگرو بەوەفای شاری کەرکوکی قارەمان
بەسڵاوێکی شۆرشگێڕانەی گەرمەوە. ..

پیرۆزبایی ساڵڕۆژی ئازادکردنی شاری کەرکوك لەئێوەو تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەم، بەڕاستی ئەوی رۆژێ جوامێری رۆڵە کانی ئێوەو پێشمەرگەقارەمانەکان.

لەگەڵ رێکخستنەکانی بروسك وخەڵکی دڵسۆزی شارەکانی (هەولێرو سلێمانی و دهۆك) پێشمەرگەکانی لایەنەکانی تری ناو بەرەی کوردستانی سەلماندیان کەکەرکوکی بابەگوڕگوڕشارێکی کوردستانییەوهەمیشەکوردستانی بوونی خۆی سەلماندووە.

نەورۆزی ساڵی 1991 رۆژێکی مێژوویی گەورەیەبۆ کورد کەبە ڕزگارکردنی کەرکوکی قودسی کوردستان نەورۆزی کوردانی پیرۆزتر کرد، رزگاری کەرکوك بەخوێنی شەهیدان عەبدولڕەزاق و حەمەرەش و هاوڕێکانیان نەخشێنرا، پاش ئەوەی تەواوی هێزە کان لەهەموو قۆڵەکانەوەلەناو کەرکوك یەکیان گرتەوەو تێکەڵ بە ئامێزی خەڵکی راپەڕیوی کەرکوکی گڕو کڵپەبوون، بەنەعرەتەو هەڵمەتی شێرەکوڕانی کوردایەتی و رزگاری کەرکوك راپەرینی خەڵکی کوردستان تاجی سەرکەوتن و سەروەری .. لەسەرنا رزگارکردنی کەرکوك ئەو راستییەی سەلماندوەکەهێزی گەل تەنها بەیەکێتی و یەکگرتوویی دەتوانێت ئامانجەپیرۆزەکانی بەدەست بهێنێت، چونکەئەوی رۆژێ هەمووان لەژێر چەتری بە رەی کوردستانیدا پێشمەرگەبووین و خەباتمان بۆ رزگاری کوردو کوردستان دەکردو ئامانجمان رزگاری گەل و وڵات بووە،جەماوە ری کەرکوکیش بەکوردوعەرەبەرەسەنەکان وتورکمان و ئاشوری

کلدانییەوە، یەك دەست و یەك دڵ و یەك گیان هاوڕامان بوون، لە بەرامبەریشداهێزەکانی بەعس سەرزلەکانی وەك عەلی کیمیاوی و سوڵتان هاشم و ئەوانی تریشەوەکەلەکەرکوك کۆکرابوونەوە، لەگۆڕنرا،بەڵام لەبەردەم یەکگرتووی جەماوەردا هیچ خۆیان پێڕانەگیراو لە بەردەم ئیرادەی گەلداچۆکیاندا دا.

**جەماوەر بەشەرەفی کوردستان ...**

خەڵکی قارەمان و خۆڕاگری کەرکوك ...

بایادی ساڵڕۆژی رزگارکردنی کەرکوك بکەینەرۆژی نەتەوەیی هەوێنی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزیی تەواوی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت لەم کاتەدا کەناحەزانی نەتەوەکەمان تووشی دەردو گرفتی خۆیان بوون، بڕیاری ئازایانەبدەین بۆ یەکلابوونەوەی چارەنووسی کەرکوك و ناوچەداگیرکراوەکانمان و ئەم هەلە بقۆزینەوەبۆئەوەی مافی چارەی خۆنووسین لەدروشم ومزایەدەی سیاسی یەوە بکەینە واقعێکی عەمەلی چەسپێنراو، جارێکی ترپیرۆزبایی گەرم لەخەڵکی بەشەرەفی کوردستان بەگشتی وجەماوەری خۆڕاگری کەرکوکی کوردان ئەکەم.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدەنەمرەکانی رێگای کوردایەتی و شەهیدانی رزگاری کەرکوکی شاری دلێران.

بژی کورد ... بژی کوردستان .. نەفرەت لەدووبەرەکی

براتان

کۆسرەت رەسوڵ عەلی

جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی ی.ن.ك

لێپرسراوی ژووری عەمەلیات

2011/03/19

مەکتەبی شەهیدان (ی.ن.ك) بەهاوکاری مەڵبەندی ڕێکخستنی (2)ی کەرکوك لەساڵڕۆژی ئازادکردنی کەرکوک دا مەڕسیمێکی بەشکۆی لەشاری کەرکوك بەڕێوە برد،شایانی ئاماژە بۆ کردنە لەو مەڕاسیمەدا سەرجەم خانەوادەی شەهیدانی ڕاپەڕینی شاری کەرکوك خەڵات کران کە زیاتر لە (250) خانەوادەی شەهیدان ئامادەبوون .

## بەیاننامەی مەکتەبی شەهیدانی (ی.ن.ك)

بەبۆنەی ساڵڕۆژی ئازادکردنی شاری کەرکوك..

**بەیاننامەی مەکتەبی شەهیدانی ((ی.ن.ك)**

بەبۆنەی ساڵڕۆژی ئازادکردنی شاری کەرکوك..

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان...

خەڵکی خۆ ڕاگرو قارەمانی شاری کەرکوك و دەورو بەری...

کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان...

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان...

(21) ساڵ پێش ئیستا شارەکەی بابە گورگوڕ لەکەرنەڤاڵی ئازادیداو لەناو زەماوەندی ڕاپەڕینە بەشکۆکەی بەهاری ساڵی (1991) دا تاجی سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕینی لە سەرناو بەخۆینی ڕۆڵە دلێرەکانی ئەوڕاستیەی سەلماندەوە کە(کەرکوك)بەشێکی دانەبڕاو جیانەکراوەیە لەخاکی کوردستان, هەربۆیە ئەوشارەی کە داگیرکەرانی کوردستان پێیان دابوو بەزەبری سیاسەتە شۆڤێنیەکانی وەك (تعریب وتبعیپ وتجهیر) و بە زوڵم و زۆر و ستەمکاری دەتوانن لەخاکی کوردستانی جیابکەنەوە لەچەند سەعاتێکدا بەهیمەتی خەڵکە خۆڕاگر و پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی کوردستان و لەسەرو هەمووشیانەوە کوڕانی ڕۆژی تەنگانەی (ی.ن.ك) (کەرکوك) دەکەنە دۆزەخی داگیرکەران و کۆلان و گەڕەك و دارو بەردی ( کەرکوك ) یان لێ دەکەنە ئاگرو جەستەی نەگریسی بەعسیەکانی تیادەسوتێنن و تەخت و تاراجی دیکتاتۆرەکەی بەعس ودام و دەزگاکانی دەروخێنن بەسەر داگیرکەرانداو خاکی پیرۆزی قودسی کوردستان لە دا گیرکەران پاك دەکەنەوە .....

خەڵکی کوردستان هەر لەدوای یەکەمین چەخماخەی ڕاپەڕینەوە لەشاری ڕانیەی قارەمانەوە پێ بەپێ لەگەڵ ئازادکردنی هەر شارو شارۆچکەیەك دا ئومێدی ڕامالینی داگیرکەرانیان لەشارە ستەم لێکراوەکەی قودسی کوردستاندا لەلا گەورەتر دەبوو . ڕزگارکردنی هەر شاروشارۆچکەیەکی ووڵاتەکەمان لەو بەهارە مێژوویەدا بەبێ ڕاپەڕین وئازادکردنی کەرکوك پرۆسەیەکی ناتەواودەبوو .هەربۆیە هێزی پێشمە رگەی قارەمان وڕێکخستنە نهێنی و شانەچەکدارەکانی ناو شاری کەرکوك وخەڵکی خۆڕاگری ئەم شارە زوڵم لێکراوەی کوردستان ڕۆژی 1991/3/20 دەکەنە ڕۆژی سەندنەوەی تۆڵەی دەیان ساڵەی گەلە کەمان لەکەرکوکی خۆڕاگردا وبەهاری ئازادی وسەرفرازی گەلەکەمان لەوڕۆژەدا موژدەی سەرفراز و ئازادی یەك جارەکی خاکی کوردستانی لەپۆستاڵی داگیرکەران گەیاندە گوێی هەمووئازادیخوازانی جیهان.

لەمڕۆشدا لەدوای ڕوخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی بەغداد و گلۆربوونەوەی خۆیی ودارو دەستەو دام ودەزگا کورد کوژەکەیان بۆ ناو زبڵدانی مێژوو هێشتا خاکی پیرۆزی(کەرکوك ) لەچاو چنۆکی وتەماحی شۆفێنانەی پاشماوەی بەعسیە کان وعەقڵیە تی تاریك پەرستان وئیرهابی کۆنە پەرستەکانی عێراق لەخەم نەرە خسیووە .هێشتاڕۆژانە خەڵکە تێکۆشەرەکەی شەهید دەکرێت و ئارامی لێ دەشێوێنرێت و تیرۆر دەکرێت ٍو هێشتا زۆرێك لە مافە مەدەنی ودەستوری ودیمو کراسیە کانی گەلە کەمان کە لەدەستوری نوێی عێرقدا چەسپیون بەمادەی بەمادەی(140) وکێشەی ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستان و زۆر مافی دیکەمان هێشتا خەباتێکی دوورو درێژو ڕێگایەکی درێژمان لەپێشە بۆ وە

دیهێنانیان.. هەربۆیە بەگرنگی دەزانیین لەم یادە پیرۆزەدا جارێکی تر جەخت لەیەکڕیزیی و یەك هەڵوێستی سەرجەم لایەن و هێزە سیاسیەکانی کوردستان بکەینەوە لەپێناو دەستەبەر کردنی سەرجەم مافە نەتەوەیی و دیموکراسیەکانی خەڵکی کوردستان بەگەڕاندنەوەی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکەمان بۆ باوەشی خاکی پیرۆزی کوردستان ,هاوکات داواکارین لەحکومەتی ناوەندی و حومەتی هەرێمی کوردستان کە ئاوڕی زیاترلەڕوی خزمەت گوزارییەوە لەم شارە دێرینەی کوردستان بدەنەوە . نەمری سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕاپەرینی کەرکوك و
سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان
سڵاولە خۆڕاگری خەڵکی شاری کەرکوکی کوردستان
سڵاو لەکەس وکاری خۆڕاگری شەهیدە نەمرەکانمان
هەرشادو سەرکەوتوو سەرفرازبن.

**مەکتەبی شەهیدانی**
**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
2012/3/20

# شاڵاو مەحمود:
# منیش چیرۆکی خۆمم هەیە
## **1991/3/16 بەرەو رزگارکردنی کەرکوك**

رۆژی (3/16) لەگەڵ سەلیم جافی لێپرسراوی شانەی چەکداریی (50)ی بروسك، بۆ بەشداریکردن لە رزگارکردنی کەرکوك گەیشتینە پردێ، لە پردێ پرسیاری ئەو شوێنەمان کرد کە پێشمەرگە پێی گەیشتوە، وتیان: گەیشتونە بیرە نەوتەکانی کەرکوك، ئێمەش زۆر پەرۆشی گەیشتن بە خاڵی پێشەوە بوین سەیارەیەکی جۆری ئەلبی هات (7) کەسی تری تیابو کە خەڵکی هەولێر بون، ئێمەش (4) کەس سەرکەوتینو ئەوان دەچون بۆ لای هاوڕێکانیان کە پێیان وتبون لە بیرە نەوتەکانن، سەیارەکەمان پێشڕەویی دەکرد بەرەو کەرکوك، ئێمە بێئاگابوین لەوەی هێزێکی زۆری دوژمن لە بناری چیای دارەمان لە ناوچەی کەلی سێکانیان لەبەردەممان خۆیان مەڵاسداوە و ئەو زانیارییەی پیشتر پێیانداوین هەڵە بوە، لەپڕ یەکێکمان کە بە پێوە وەستابو هاواری کرد بوەستە دوژمنمان لەپێشە، ئیتر لەو تەختاییەی نزیك چێشتخانەکەی ئێستا لە هەمو لایەکەوە دراینە بەر ئاگری چەکی جۆراوجۆری دوژمن، گوللـە وەك باران دەباری بەسەرماندا شۆفێرەکە و یەکێکی تر بە ناوی (حسێن حاجی عەلی) لەناو سەیارەکە شەهیدبون، ئەوانیتر خۆمان فڕێداو دەستمان بە تەقەکردن کرد، هەر زو بەشی زۆری برادەرەکانم شەهیدبون تەنیا من و یەکێکی تر لە هەولێرییەکان مابوین تەقەمان دەکرد، نزیکەی کاتژمێر و نیوێك شەڕمان

کرد،جگە لەوەی شەڕەکە زۆر قورس بومنیش ئەزمونم نەبو بەڕیزە تەقەم دەکردو فیشەکی خۆم تەواو بوو (محەمەدکفرەدۆڵی) کە لەتەنیشتم شەهید بوبوو ، فیشەکەکانی ئەویشم تەقاند، کاتێك فیشەکمان پێنەما بڕیارماندا خۆمان بکەین بە مردوئەودو کەسەمان کە مابوین هەموگیانمان خوێن بومن(شەش فیشەکم) بەرکەوتبو، ئەویش فیشەك رانی شکاندبو دوای نیو سەعات لە نەمانی دەنگی تەقەی ئێمە سەربازەکانی دوژمن هاتنە ناومانەوە، یەکەم کەس هاتنە سەر شەهید محەمەد،من کە لەسەر دەم کەوتبوم چاوم لێبو ریزێك فیشەکی گڕداریان نا بە لاشەکەیەوە و جلەکانی دوکەڵیان لێ هەڵسا،دواتر هاتنە لای من وچەکەکەی خۆمیان نایە سەرسەرم ودەستیان نا بە پەلاپیتکەکەیدا و چرکا،سەربازەکە دو شەقی بەهێزی لە شانم هەڵدا,بەڵام من نقەم لەخۆم بڕیو دەنگم نەکرد، چونکە ئەمە باشترین رێگەبوو لەو کاتەدا،گوێم لێ بو سەربازەکە بە عەرەبی بە ئەفسەرەکەی وت؛ گەورەم مردوە ئەویش وتی؛ کەوایە هەقت نەبێت ئەو کەسەی تریش کە تەقەی دەکرد پێشتر نەیان زانی، بەڵام گوێم لە هاواری کەسێکی تر بو گوللـەبارانیان کرد، سەربازەکان زۆر نەمانەوە، چونکە لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی تر لە (پردێ)وە بەرەو لای ئێمە هات، گوێم لێ بو ئەفسەرەکەیان هاواری کرد؛ (یرجح جەماعە جای سیارە) بە پەلە ئێمەیان جیهێشتو دور بەدور دەستیان کرد بە تەقەکردن، ئیتر نەهاتنەوە سەرمان، ئەگەر زۆر بمانایەوە دەیانزانی زیندوین بەمجۆرە تا شەو ماینەوە شەو ویستمان دورکەوینەوە، بەڵام ئەو قاچی شکابو

نەیدەتوانی بڕوا منیش هێزم لێ بڕابو نەمدەتوانی هەڵیگرم دواى ئەوەى (20) مەترێك دورمخستەوە داواى كرد من بڕۆم، بەڵكو دەربازببم و كارێك بكەم خەڵكى تر دەربازى بكەن، ئەو شەوە توانیم پەنجا مەترێك دوربكەومەوە و چومە ناو خانويەكى يەك ژوريى كە تائێستاش ماوە تا شەوى دواتر لەوێ بوم دواتر لەوێوە نـــزیـــكـــەى (100)م دوركەوتمەوە و چومە ناو كۆنە رەبیەیەكى دوژمن تا ئێوارەى دواتر لەوێدا خۆم شاردەوە، كاتێک دنیا تاریك بوەوە هاتمە دەرەوە و زیاتر لە (150) مەتر بە لاى راستدا رۆیشتم و چومە ناو خانويەكى دو ژوريى كە پێشى خانوەكە بە چینكۆ كرابو بە كەپرو ژورێكیان قەنەفەو ژورێكیان بەتاڵ بو تینوێتى و برسییەتى زۆرى بۆ هێنابوم،شەو بەرى بەیان دەنگى تەقە لە دورەوە دەبیسترا كاتێ دنیا روناك بو هەندێك تاڵە گیام بینى كە لە درزى قوژبنى ژورەكە روابون هەڵم كەندن بیان خۆم، بەڵام نەمتوانى چونكە فیشەك بەردەمم كەوتبو ددانەكانى پێشەوەم شكابو زۆرم تینو بو بێپەردە دەیڵێم؛ قتویەك كەوتبو كەمێك میزم دەهات كردمە ناویو وەستام گەرمییەكەى نەمێنیت تابیخۆمەوە لەو كاتە باران بارى خێرا رشتم و خستمە بەر چۆڕاوگەى بارانەكە كە بە چینكۆكاندا دەهاتە خوارەوە، چەند جارێك پڕم كرد و خواردمەوە لە ژورەكەدا پارچەیەك ئاوێنەى شكاوم دەستكەوت كاتێ سەیرى خۆمم كرد بە جۆرێك دەموچاوم خوێن و برینى پێوە بو كە لە خۆم ترسام. دواى سێ شەو سێ رۆژ كاتژمێر دەوروبەرى (10)ى بەیانى بو دەنگى تەقە و غەڵبەغەڵبى زۆر لە دەوروبەرم دەبیسترا، بۆیە بڕیارم دا بچمە

دەرەوە بۆ ئەوەی بە مان، یان نەمان ئەم بارودۆخە کۆتایی پێ بێت، کە لەدەرەوە خەڵکم بینی بە جلی کوردییەوە لەخۆشیاندا هیچ قسەم پێ نەکرا، تەنیا دەستی چەپم کە دەمتوانی بیجوڵێنم، بەرزکردەوە وهاوارم کرد؛(ئا ە ە ە ) چەند کەسێکیان لولەی چەکیان تێکردم و بەرەو روم هاتن دواتر هەڵیان گرتم و بردیانم بۆ لای هێزەکە و لەوێوە ناردیانم بۆ نەخۆشخانەی پردێ و لەوێشەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر. رۆژی یەکەم سەلیم جاف، بە برینداری دەرچوبو رۆژی (3/18)واتە دو رۆژ دواتر لەگەڵ سێ کەسی تر هاتبون بۆ دەربازکردنی تەرمی ئێمە، پێیانوابو هەمومان مردوین، بەڵام زۆر بەداخەوە هێشتا زۆریان دەمێنێت بۆ لای ئێمە دەکەونە بەر تۆپێکی دوژمن و سەلیم جاف و کەمال حاجی عەلی، برای ئەو حسێنەی دو رۆژ پێشتر شەهید بوبو شەهید دەبن و دوانەکەی تریش لاشەی ئەوان دەبەنەوە بۆ حاجیاوا. دوای ئازادبونی ئەو سنورە باوکم و خزمەکانم چوبونە شوێنی شەڕەکە ومەیتخانەی هەولێر و لاشەی منیان نەدۆزیبوەوە، دواجار چوبونە نەخۆشخانەی پردێ و پێیان وتبون؛ کە من بریندارم ولەهەولێرم، هەرچەندە بڕوایان نەکردبو بەوەی من مابم، بەڵام هاتبون بۆ ئەوێ باوکم لەناو بریندارەکان دەگەڕا لە من تێپەڕی و منی نەناسی، کاتێ بانگم کرد باوکە ئاوڕی دایەوە و باوەشی پیاکردم، کاتێ گوێم لە هەواڵی ئازادبونی کەرکوك بو زۆر خەمم خوارد،بەجۆرێك گریام،چونکە ئاواتم بوکەرکوك بە ئازادی ببینم،(3)رۆژ پێش کۆڕە و لە نەخۆشخانە دەرکرام،ئەو گۆڕەی بۆ من هەڵکەنرابو کەسێکی تریان تێکرد.

# بەشداری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
# لە رزگارکردنی کەرکوک دا

شـوان رابـەر: پێشمەرگەی دێرین،
کارگێری مەکتەبی رێکخستن و رێکخراوەجەماوەری و
پیشەییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

لەبارەی چۆنیەتی بەشدارییان لە رزگارکردنی کەرکوک دەڵێ:
لە/ 3 زۆر بەگەرموگوڕی و فراوانی هێزەکانی هەولێر و ڕانیەو پشدەرو شوێنەکانی ترمان وێڕای جەماوەر و لایەنەکان بەشداریەکی گەرم و کاریگەریمان لەئازاد کردنی کەرکوك دا کرد ، لەوێش شوێنەگرینگەکانمان لەدەست بوو ، شتێکی زۆرمان دەسکەوت ، بارە گای سەرەکیمان لەشەریکەی نەوت دانا ، هێزەکانمان بەسەرپەرشتی مامۆستا مەغدید و مامۆستا سەلمان و.. هتد بوون ، هێزەکانی یە کێتیش بەسەرپەرشتی ملازم عومەر و حەسەن کوێستانی بوون، نوێنەرمان لەبەرەی کوردستانی هەبوو،ئەوماوەیەئێش و ئازار و ماندوو بوونی زۆرمان چەشت ، هێزەکانمان تا سەربازگەی خالیدی خوار کەرکوك چوون ...

---

سەرچاوە :
ماڵپەڕی ستاندەر
**2010 / 3 / 4**



**چاوپێکەوتنی رۆژنامەی کەرکوکی نوێ**
لەگەڵ نووسەر(مەلاشاخی)

**کەرکوکی نوێ:**

- یادەوەریتان لەسەردرمی راپەرین..؟

و/ راپەرین دیاردەیکی خۆرسک وبێ پێشەکی نەبوو،لەهەر شوێنێکی ئەم دنیا یەدا زوڵم وزۆروچەوسانەوەگەیشتبێتەلووتکە، دە رئەنجامەکەی شۆرش وراپەرین بووە، دیارەگەلی کوردیش لە باشووری کوردستاندا لەبەرانبەر پێشێلکردنی مەفەرەواکانی

چەندین شۆرش وراپەڕینی ئەنجام داوە..

کە دوا شۆڕشیان شۆڕشی نوێ بوو..

بەرابەرایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و گەورەترین راپە ڕینیش هەر بەرنامەدارێژ و جێبەجێکار وهەڵسووڕێنەر و پشتیوانی سەرەکی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)بووە...

من وەک پێشمەرگەیەک شانازی بەوەوەدەکەم

لەرۆژی(3-5-1991)ەوەلەرزگارکردنی(رانیە،چوارقوڕنە، حاجیاوا،کۆیە،دێگەڵە،هەولێر.کەرکوک)دا لەگەڵ کۆمەڵانی

خەڵکدا بوومە،هەم بۆ جۆشدانی راپەڕین،هەم بۆسە رخستنی.

ئەوەی راستیبێت بۆ(ی.ن.ک)یش شانازییەکەپشکی شێری هە بووەلەراپەرین و رزگازگارکرنی زۆربەی شارەکانی کوردستان بە کەرکوک و بادینانیشەوە..

ئەوەی ماوەتەوەبیلێم هەندی لایەنی کوردستانی

ئەوسەردەمەدا هەر نەبوون.یا دەوری کاریگەریان نەبووە..

هەر بۆیەلەدەزگاکانی راگەیاندنەوە دەیانەوێ لەدەوری(ی.ن.ک)و پێشمەرگەکانی کەهەمیشەرۆڵەی هەڵقولاوی جەماوەر بوونە.. کەم بکەنەوە،دەوری جوامێرانەی (پارتیزانەکان)و شانەچەکدارەکانی

(بروسک)و (شاڵاو) نادیدەبگرن،هەزاران رەحمەت لەگیانی پاکی (پیرەمێرد) کەفەرموویەتی:
لەگەرمەی شەڕدا کەس دەنگی نایە. کەدوژمن شکا.. زۆرکەس ئازایە.
ئێمەرۆڵی کاریگەر دەدەین بەجەماوەرەکەمان..لەگەڵ ئەوەیشدابە شداری و رۆڵی هیچ کەس و لایەنێکیش بەکەم تەماشا ناکەین..
کەدەشڵێین خۆمان پێشرەوی راپەڕین بووین ..
بەتایبەتی لەکەرکوک ..
خوێنی شەهیدەکانمان شاهیدە..
رۆحی بەرزەفری شەهید عبدالرزاق و
حاجی هەڵمەت و هەڤاڵەشەهیدەکانیان گەواهیمان بۆ دەدەن.

***کەرکوکی نوێ:**

- خوێندنەوەتان بۆ رەوشی سیاسی کوردستان و
ئێستای( ی.ن.ک) چی یە..؟

**و/** رەوشی سیاسی کوردستان..لەبەردم گۆڕانکاری گەورەدایە..
شۆڕشی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاڤا بەردەوامن..
بیری نەتەوایەتی ،نیشتمانپەروەری،ئاینی ،کۆمەڵایەتی...
لەگەشکردن وپێشکەوتندان,باهۆزی (دیموکراسی)
لەبەرژەو ندیماندایە..
هەربۆیەئەگەرسەرکردایەتی لایەنەکوردستانییەکان
بەدەسەڵاتداروبێ دەسەڵاتەوە.
ژیرانەلەگەڵ باروودۆخەکەهەڵسوکەوت بکەن ..
رەوشی کوردستان گەش دەبینم..
دیارە(ی.ن.ک) یش لەم هەل ومەرجەدا ئەرکی قورسی لەسەرشانە نەیارانی ناوەخۆ و دەوروبەر بەپێی قەوارەی کاریگەری لەشۆڕش و لەراپەڕین دا..

بەپێی شوێنی بەرچاوی لەجووڵانەوەی نەتەوەیی ودەسەڵاتی
هەرێمی کوردستاندا..پیلان لەدژی دادەرێژن..

هەوڵی پارچەپارچەکردن وبچووک بوونەوەی دەدەن..
دەیانەوێ وا ڕابگەیەنن کەمانەوەی کاریگەری ئەم حزبهبەندەبەمانە
وەی جەنابی (مام جەلال)ەوە..بێگومان هەموو هەڤاڵانی (ی.ن.ک)
بەچاوی ڕێزەوەدەروانننەهەڤاڵ مام جەلال،
بەڵام قوتابخانەکەی (ی.ن.ک) کەلەسەردەستی (مام+وەستا)کەی دە
یان شاگردی پێگەیاندووە..هەر یەکەیان دەتوانن ڕابەرایەتی
پارتێکی سیاسی بکەن.. بێگومانم (یەکێتی ناویەکێتی)یان
لەهەموو کەس لەلا گەورەترو گرنگ ترە..
هەر بۆیەخوێندنەوەم بۆ دوارۆژی (ی.ن.ک)یش بریتییەلە:
- درێژەدان بەرێبازەپیرۆزەکەی...
وەک هەمیشەحزبی ڕەنجدەرانی بیرو بازوو دەمێنێتەوە..

**کەرکوکی نوێ:**

- پێتان وایەڕاپەڕینی 1991 ئامانجەکانی هاتوونەدی..؟
و/ ئامانجی ڕاپەڕین لەسەردەمی خۆی زۆرلەوەکەمتربوو
کەهاتوونەتەدی.ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستهاتووە،هەرلەپەرلەمان و
حکومەتی هەرێمی کوردستان وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و
ڕووناکبیری و ئابوورییەوەبیگرەتا ئاوەدان بوونەوە هەموو
ئەمانەو بەشداری کاریگەر لەدەسەڵاتی ناوەند و
بوونی پێشمەرگەیەکی کورد بەسەرکۆماری عیراق..
ئامانجی باڵاترن و نابێ نادیدەیان بگرێن..
ئەگەر بمانەوێ باس لەئامانجی ئێستاشمان بکەین..
من پێم وایەهەموکوردێکی دڵسۆزدژی گەندەڵی و

نەبونی عدالەتی کۆمەڵایەتی..
وئامانجی گەڕانەوەی ناوچەدابڕێندراوەکان و
رزگاربوونی پارچەکانی ترو
گەیشتنی کوردستانی گەورە یەبەمافی چارەنووس.

**کەرکوکی نوێ:**

پەیامتان چی یەبۆ کەرکوکییەکان لەساڵیادی راپەریندا..؟
و/ پەیامی خۆم لەچەند خاڵێکدا کورت دەکەمەوە:
- لەناو حزبدا ..لەبەر ئەوەی (ی.ن.ک) هەم دەوری کاریگەری
لەراپەرین ولەکاتی پرۆسەی رۆخانی دیکتاتۆردا هەبووە،
هەم لەهەڵبژاردنەکاندا براوەی (یەکەم) بووە،
پیامم بۆ هەڤاڵان وجەماوەرەکەی ئەوەیە(یەکێتی)خۆیان بپارێزن.!
- ئەورێکەوتنەچەند خاڵییەی ئەم دواییەی لایەنەکوردستانییەکان
بەگرنگ ببینن.
- پەیوندی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری شارەکەباشتر بکەن..
- وەک چۆن داکۆکی لەمافەکانی خۆمان دەکەین ..
ئاواش داکۆکی لەمافەکانی برا(مەسیحی)و
(تورکمان)ەکان بکەن..
- پشتیوانی لەئەنجومەنی پارێزگا و(د.نجم الدین)و
پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بکەن.
- لەدوژمنانیش خافڵ مەبن،جونکەبۆیان بلوێ ..
خراپترمان بەسەر دێنن.
- جاوتان لەکرێکاران و رەنجدەران و
هەژار و کەمدەرامەتی شارەکەبێت.
- بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش فەرامۆش مەکەن..
چونکەئەوان(سەروەری)ی ئێمەن..

# بەشی پازدە یەم

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوک (هیزی تایبەت)

1- هیواعبدالله أحمد (هیوارەش)
2- تالب فارووق حمەعلی
3- کاکەمندحمەصالح (خاڵەبەخە)
4- عزیز (عزیزە سوور) کۆیی
5- زولفقار علی (پشکۆ)
6- نورالدین صالح رەمەزان( سامان)
7- ابراهیم فازڵ حمەرحیم (ئیباو)
8- رەمەزان محمدصاڵح نادر (پۆلا) *
9- سلیمان حمە خان سعید (ئاسۆقە رە ناوی)
10- ایوب عمرحیدر(وریا قە فاری)

* ئەم پارتیزانانە تازە لە دەوروبەری کەرکوك وخاڵخاڵان گەڕابوونە وە
بێ ئەوەی پشَوو بدەن،پەیوەست بوونەوە بە ت21ی کەرکوك.

## لیستی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی تیپی21ی کەرکەك

1- غازی حسین أحمد (سەرباز)
2- أبوبکرمحمد حاجی (مەلاشاخی)
3- محمود محمدأحمد(مەلافەرمان)
4- فیصل حسین احمد
5- حکیم حسین احمد
6- حسیب حسین احمد(جەنگی)
7- محمدسلیم امین
8- عمررسول علی (عمرمشەوەش)
9- سە عید مارف (نەهرۆقەسرۆکی)
10- خیرالله عبدالله رشید (سەرکەوتەرەش)
11- سەربەست عبدالله رشید (سعدالله)
12- یونس احمدحمەعلی
13- جواد محمدصالح
14- خالدخلیل قادر شەوگێڕی
15- حسین عبالله‌رسول پەلکانە
16- سعدی قادرعلی (مام سعدی)
17- هادی سعدی قادر
18- کاوەسعدی قادر
19- قادراحمدصالح باغەجنێری (مام قادر)

20- هاشم قادر احمد
21- جمعه قادراحمد
22- حميداحمدامين (حميدبچكۆل)
23- نقيب ناصح احمد (نقيب بيبانى)
24- ساماڵ رحيم كاكەوڵلا (ساماڵەشێت)
25- مجيد سعيد محمد ئۆمەرمەندانى
26- چەتۆ رشيدخورشيد (هێمن)
27- ئارام محمد احمد (ئارامەڕەش) *
28- سليم محمدحاجى (لە مقرمايە وە)
29- مصطفى حسين احمد (لە مقرمايە وە)
30- حميد سوورگۆگجه يى (لە مقرمايە وە)
31- نادرقادرعلى (ناله ) (لە مقر مايە وە)

* ( 35 ) پێشمەرگەی کەرکوك بەرلە هەموو هێزەکانی تری (بەرەی کوردستانی) پێش نیوەڕۆی 1991\3\6گەیشتینە مزگەوتی گەورەی رانیە.



هاتنەخوارەوەی پارتیزانەکانی کەرکوک
- وێنە : کۆپتەرێک کە پاشماوەی شەڕی (عێراق-ئێران)بوو
- شوێن: چیای گۆمەداڵ.. رۆژهەڵاتی زنجیرەچیای ئاسۆس..
ناحیەی بنگرد.. 26/ 6/ 1990

# دەستەیەک لە پارتیزانەکانی کەرکوک
## بە فەرماندەیی ئاکۆ سور

- لە سەرەتای هاوینی ١٩٩٠دا دەستەیەک لە پارتیزانەکنی کەرکوک
هاتبوونەوە دۆڵی جافەتی و بناری پیرەمەگرون و...
شوان و شیخ بزێنی ودەشتی کۆیە.
ئەم مەفرەزەیەلەلایەن ئەم پارتیزانانەی ڕەتڵی سورداشەوە
(بێستون سابوراوایی, حەیدەر سەعید حاجیتانی ,
ئەنوەر عەبدوڵا تەلانی)
لەئێرانەوەگەیەنرابوونە. بناری چیای پیرەمەگرون،
لەوێشەوەبەڕێکران بۆ ناوچەی دیاریکراوی خۆیان...
ئەوانەی بەپێوەن.. لەڕاستەوە
(1- نەقیب ناسح ئەحمەد.. 2-شەهید وریا عەبدوڵڵا،،
3-شەهید ئاوات،، 4- فەخرەدین مەحمود،،
5-حەیدەر سەعید،، 6- شەهید ئیباو،،
7- پۆڵا محمد ساڵح،، 8-شەهید ئاکۆ سور..
ئەوانەی دانیشتون لەڕاستەوە:
1- بێستون سابوراوایی
2-شەهید بەختیار محمد ساڵح مەرزیخەیی(خاڵە بەخە)

# ماڵی مام أنور لە رەحیماوا

ماڵی(مام ئەنوەر) لە (رەحیماوا) ماڵێکی بێ تاوان و خزمەتگوزاری شارەکە بوون، وەك هەر رۆژێکی تری ئاسایی لەماڵەوەبوون.بەیانی زوو کەزەنگی راپەڕین هەموو شاری بەئاگا هێنایەوە، ئەمانیش کەوتنە مەقۆمەقۆ، هەر کەرژێم دڵنیابوو گەڕەکی رەحیماوە کەوتۆتە دەست پێشمەرگەوجەماوەر..
ئیتر (شە لم کوێرم کەس نابوێرم) بەتانگ و تۆپ فڕۆکە کەوتە ئاگربارانی شارەکە...
لەئەنجامدا ناپاڵمێك بەرماڵەکەی مام ئەنوەرکەوت.. بەداخەوە بووبەهۆی شەهیدبوونی(19)هاوولاتی بێتاوان.
بۆرۆژی دووەم کەرۆژنامەنووسێکی بیانی گەیشتە شوێنی رووداوەکە و لەسەر دارو پەردووی ماڵە وێرانەکە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ(عوسمان ئەنوەر) تاکە دەرچووی ماڵەکەدا ئەنجامدا،لەوەلامی پرسیاری(لەم ماڵەدا چیتان بۆدەرچوو..؟)
هەرلەو شوێنەدا داچەمایەوە،لەنێوان کەرتەبلۆك و خۆل و خاشاکدا چەپکێ قژەسەری یەکێك لەخوشکەکانی هاتە بەردەست وگووتی:
مەگەر ئەمەمان بۆمابێتەوە ،بەیادگاری هەڵی بگرین...

# لیستی ناوی شەهیدانی ماڵی مام ئەنوەر

| ز | ناوی سیانی شەهید | رەگەز | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | حیات رەزا | مێ | 1919 |
| 2 | حسین أنورأسعد | نێر | 1950 |
| 3 | فتحیە صابرشاسوار | مێ | هاوسەری‌حسین |
| 4 | یوسف حسین انور | نێر | 1968 |
| 5 | ژیان جلیل | مێ | هاوسەری یوسف |
| 6 | شڤان یوسف حسین | نێر | منداڵ |
| 7 | ئازادیوسف حسین | نێر | تەمەن (١) رۆژ |
| 8 | ابراهیم حسین أنور | نێر | 1972 |
| 9 | نەرمین حسین انور | مێ | 1974 |
| 10 | شەرمین حسین انور | مێ | 1975 |
| 11 | شیرین حسین انور | مێ | 1976 |
| 12 | شایان حسین انور | کوڕ | 1979 |
| 13 | پشتیوان حسین انور | کوڕ | |
| 14 | ماردین حسین انور | مێ | |
| 15 | ئارین حسین انور | مێ | |
| 16 | پەروین حسین انور | مێ | هاوسەری مستەفا |
| 17 | مستەفا تۆفیق علی | نێر | |
| 18 | ریبوار مستەفا تۆفیق | نێر | منداڵ |
| 19 | بەختیار أحمد عزیز | نێر | |

## لیستێك لە شەهیدانی ڕزگاری کەرکوك

| ز | ناوی سیانی شەهید | پ | شوێن. |
|---|---|---|---|
| 1 | عبداللەمحمدعمر(عبدالرزاق) | فەرماندە | کەرکوك |
| 2 | جلیل صادق خورشید(حاجی هەڵمەت | فەرماندە | کەڵوڕ |
| 3 | محمودمحمدامین محمد(خولە) | پ.م | مەرزیخە |
| 4 | یونس احمد حمەعلی | پ.م | شەوگێڕ |
| 5 | قەندنیل جلیل حسن | بروسك | بیرەسپان |
| 6 | حمیداحمدامین(حمیدبچکۆل) | پ.م | ئۆمەرمەندان |
| 7 | حسیب عبدالوهاب محمود | بروسك | ئۆمەرمەندان |
| 8 | انورعمراحمد | بروسك | ئۆمەرمەندان |
| 9 | صلاح کریم امین | پ.م | ئۆمەرمەندان |
| 10 | بایزعزیز نجم | بروسك | ئۆمەرمەندان |
| 11 | علی عمرابراهیم | بروسك | ئۆمەرمەندان |
| 12 | عمرعلی محمد | بروسك | ئۆمەرمەندان |
| 13 | فەرهادحمەبۆر | پ.م | قەفار |
| 14 | فخرالدین رشید | پ.م | قادرزەمە |
| 15 | لقمان عزالدین محمود | بروسك | وەلی پاشا |
| 16 | غازی صالح سعید | بروسك | علی بەیان |
| 17 | مجیدرشیدسعید | بروسك | علی بەیان |
| 18 | محمدعلی خالان | بروسك | کارێزە |
| 19 | ستار رحمان عزیز | بروسك | پردێ |
